# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (414) دووشەممە 2016/6/27 - 6ی پووشبەڕ - 2716 (750) دینار


ڕێکخراوێکی ئەمەریکی:

## لە کەمپی ئاوارەکاندا لەشفرۆشی بە ئافرەتان دەکرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی ڕێکخراوی هارتلاندی ئەمەریکی رایدەگەیەنێت لە نێو دوو کەمپی ئاوارەکان لە شاری هەولێر، لەشفرۆشی و بازرگانی بە گورچیلەی مرۆڤ دەکرێت. ڕێکخراوەکە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2014ەوە دەستیان بە پڕۆژەی "بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان" کردووە.

مەیس مساعدە، بەڕێوەبەری ئەو پڕۆژەیەی هارتلاند کە ڕێکخراوەکەیان سەردانی کامپەکانی بەحرکە و هەرشەمیان لە شاری هەولێر کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەنێو ئەو دوو کەمپەدا لەلایەن خێزانەکانەوە پێیان گوتراوە کە دوو تاوانیان بەرامبەر دەکرێت، یەکێکیان لەشفرۆشیی زۆرەملێیە بە کچەکانیان لە بەرامبەر بڕێک پارە و پاشان بازرگانی بە گورچیلە. مەیس باسی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو بازرگانییەی کرد و گوتی "ئەو کەسەی بازرگانییان پێوە دەکات لە هۆتێلێکی شاری هەولێرە، خەڵکی لەنێو کەمپەکاندا بە کرێ گرتووە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لاوازن و پێویستیان بە پارەیە". مەیس گوتیشی "90%ی ئەو دایکانەی لە کامپەکانی بەحرکە و هەرشەم قسەمان لەگەڵ کردوون، دەڵێن داوای لەشفرۆشییان لێکراوە". بە گوتەی ئەو بەرپرسەی هارتلاند، تەنانەت لەنێو خودی کەمپەکانیش ئەو بازرگانییە دەکرێ و دەڵێت "لە گەڕەکێکی کەمپی هەرشەم، شوێن بۆ لەشفرۆشی هەیە".

14 »

"لە سنووری شنگالەوە خواردن و نەوت دەچێت بۆ داعش"

7

یەکێتی: تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە حکومەت ناکشێینەوە

3

داهاتی ساڵی ڕابردووی کشتوکاڵ تریلیۆنێک و 157 ملیار دینار بووە

8

# شاندی یەکێتی و گۆڕان بۆ عەبادی:
# لەعێراق جیانابینەوە

3 »



## سوێد توندترین یاسا بۆ پەنابەر دەردەکات

11 »

بۆ یەکەمینجار لە کوردستان

## فیلمێک لەسەر هاوڕەگەزخوازی دروستدەکرێت

10 »

## ژنێکی بەرازیلی دەبێتە پێشمەرگە




14 »



## حکومەت دەنگی ڕادیۆکەی داعشی پێ کز ناکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/6/26 بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆی داعش لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و ڕۆشنبیری کۆبوونەتەوە و گوتی "لە کۆبوونەوەکەدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی ڕاگرتنەکە بودجەیەکی زۆری دەوێت و لەم کاتەدا حکومەت ناتوانێت بیکات، پێشنیازمان کردووە وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانەوە داوا لە هاوپەیمانان بکەن لەچوارچێوەی شەڕی دژی داعش پەخشی ڕادیۆکە ڕابگرن".



# زەکات دەدرێتە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە شێرپەنجە

### بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا:
### ساڵانە پێویستمان بە 80 ملیۆن دۆلارە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان دەڵێت لە مانگی ڕەمەزاندا خەڵکێکی زۆر زەکاتی بۆ نەخۆشخانەکەیان هێناوە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی دیکەش دەڵێت ساڵانە پێویستیان بە 80 ملیۆن دۆلارە بۆ چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە.

دکتۆر دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت قەیرانی دارایی و نەبوونی پارە کاریگەری زۆری کردووەتە سەر چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە.

دکتۆر دۆستی مانگی ڕەمەزان بە دەرفەت دەزانێت بۆ ئەوەی خەڵک زۆرتر دەستی هاوکاری بۆ تووشبووانی شێرپەنجە درێژ بکات و دەڵێت "داوای هاوکاری ماددی لە سەرجەم چین و توێژەکان دەکەم، تەنانەت بە پێدانی زەکاتیش بێت، لیژنەی فەتواش فتوای داوە کە پێدانی زەکات بە تووشبووانی شێرپەنجە دروستە و کارێکی دینی و مرۆڤانەیە".

نەخۆشخانەی هیوا تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە لە ساڵی 2007 کراوەتەوە و تاوەکو ئێستا 10 هەزار کەس وەکو تووشبووی شێرنجە ناویان لە نەخۆشخانەکە تۆمارکراوە. دکتۆر دۆستی دەڵێت "ساڵانە پێویستمان بە 80 ملیۆن دۆلارە بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە".

سەبارەت بە هاوکارییەکانی خەڵکیش بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا دەڵێت "بەخۆشحاڵییەوە خەڵکانێکی زۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هاوکاریان کردووین".

هەروەها دکتۆر سامی ئەحمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلی بۆ نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە لە هەولێر هاوکاریکردنی تووشبوانی شێرپەنجە بە پێویست دەزانێ و دەڵێت "هەوڵەکانمان بۆ هاوکاری تووشبووان بە شێرپەنجە، کاری ڕۆژانەمانە، بیرۆکەمان هەبووە بۆ دانانی سندووقی کۆمەک، بەڵام پێویستی بە ڕێکاری یاسایی هەیە، بۆیە دانانی ئەو سندوقە دواکەوتووە".

سەبارەت بە هاوکاریکردنی هاونیشتمانیان، دکتۆر سامی گوتی "خەڵکانێکی زۆر بەتایبەت لەم مانگەدا دێن زەکات دەهێنن، چونکە بڕوایان بە نەخۆشخانەکە هەیە، چەندین ڕێکخراویش هاوکارییان بۆ منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە هێناوە". گوتیشی "هاوکارییەکان بۆ تووشبووان زیاتر لەڕێگەی کۆمەڵەی ئارام کە ژمارە حیسابیان لە بانک هەیە وەردەگیرێن. چەند خێرخوازێکیش پێداویستییەکانی نەخۆشخانە دابین دەکەن. خێرخوازێکی شاری هەولێریش باڵەخانەیەکی بۆ دروستکردووین، لە چەند مانگی داهاتوودا نەخۆشخانەکە دەگوازینەوە بۆ ئەوێ".

مەلایەکی شاری هەولێر بە پێویستی دەزانێت خەڵک زەکات و سەرفترە بدەنە نەخۆشخانەکان. مەلا مەغدید کەریم، گوتارخوێنی مزگەوتی حاجی بەکر زێڕنگر لە شاری هەولێر دەڵێت "کارێکی زۆر جوان و مرۆڤانەیە، خوای گەورە بۆ خۆی دەفەرمویت هاوکاری یەکدە بکەین، بۆیە داوادەکەم هاوکاری هەموو نەخۆشێک و نەخۆشخانەیەک بکرێت، بەتایبەت نەخۆشخانەکانی تایبەت بە تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشییە درێژخایەنەکان".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# "کاندیدی نوێ بۆ قایمقامی کۆیە دانانرێت"

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

92 کەس سیڤییان پێشکەش کردووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی قایمقامی کۆیە، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت کەسیان دانانرێن، بەڵکو بەڕێوەبەری ناحیەیەک یان بەڕێوەبەرێکی گشتی دادەنرێت.

ماوەی دوو هەفتەیە چاپوک عومەر قایمقامی شارۆچکەی کۆیە دەستی لەکار کێشاوەتەوە، تا ئێستاش 92 کەس سیڤییان بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و نووسینگەی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە بۆ ئەوەی شوێنی چاپووک بگرنەوە.

قایمقامی پێشووی کۆیە دوای دەستلەکارکێشانەوەکەی ڕایگەیاند "بەهۆی بەردەوامی زێدەڕۆیی زەوی لە سنووری شارەوانی ئەو بڕیارەم داوە، بەداخەوە زۆرمان هەوڵدا بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە، بەڵام بەداخەوە ناتوانم ڕێگرییان لێبکەم".

ڕەهبەر سەید برایم، بەرپرسی مەڵبەندی کۆیەی یەکێتی چۆنیەتی پێشکەشکردنی سیڤی ئەو 92 کاندیدەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "ئەو کاندیدانە هەموویان سیڤییان پێشکەشی مەڵبەند نەکردووە، بەڵکو هەندێکیان پێشکەشی مەکتەبی سیاسییان کردووە، یان قسەیان لەگەڵ برادەرێکی مەکتەبی سیاسی کردووە یاخود لە فەیسبووک ناردوویانە، هەشیانە لە ئەورووپا بە تەلەفۆن داوایان کردووە".

ڕەهبەر سەید برایم دەڵێت ئەوان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە پێشنیازی خۆیان هەیە و گوتی "پێشنیازی ئێمە ئەوەیە کە ژنێک یان مەسیحییەک ببێتە قایمقام، جگە لەوەش بتوانێت ڕووبەڕووی زیادەڕۆیی بێتەوە و ئاستی ڕۆشنبیریشی بەرز بێت، چونکە شارەکە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو 92 کاندیدە چواریان تیشکی زیاتریان لەسەرە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کە یەکێکیان ژنە و جێگری بەرپرسی مەڵبەندە، بەڵام بەهۆی کێشەی نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە ناتوانرێت ئەو کاندیدە یەکلایی بکرێتەوە. ڕەهبەر سەید برایم گوتی "ڕاستە جێگری بەرپرسی مەڵبەند خۆی کاندید کردووە و ئێمەش بەلامانەوە پەسەند بوو".

بەڵام ڕێباز بێرکۆتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەو 92 کاندیدە بێ هیوا دەکات و دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانم کە لەگەڵ بریکاری وەزیری ناوخۆ قسەم کردووە، بەهۆی ئەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان پەیڕەوی دەکات، بەنیاز نین کاندیدی نوێ بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکەن، بەڵکو ئەو بەرپرسانەی پێشتر بەڕێوەبەری گشتی یاخود بەڕێوەبەری ناحیە بوون و ئێستا هەمان پلەیان هەیە، بەڵام پۆستیان نییە و لە وەزارەتی ناوخۆ دەوام دەکەن، یەکێک لەو کەسانە دادەنرێن".

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، کاتێک قایمقامێک دەست لەکار دەکێشێتەوە و تا کاتی دەستبەکاربوونی، قایمقامی کۆنترین ناحیە بەوەکالەت دادەنرێت، ئێستاش بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق کارەکان بە تەلەفۆن ڕایی دەکات.

ئاکۆ محەممەد*
ako@rudaw.net

# بۆ ڕووداو کوردستان یەکدەنگ بوو

لەو ماوەیەدا هەموو شتێک مایەی ناکۆکی بووە لە کوردستاندا ، بەڵام پشتیوانی و هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو)دا لەبەرامبەر ئەو هێرشە تیرۆریستییەی لە شەوی 25ی ئەو مانگەدا کرایە سەر باڵەخانەی سەرەکیی ڕووداو لە هەولێر ، تاکە خاڵی نێوکۆیی نێوان هەموو هێزە کوردستانییەکان بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا .

ئەو هاوسۆزییە نێوکۆیی و گشتییە لەگەڵ ڕووداو یەک ڕاستیی زۆر گەورەی نیشاندا، ئەویش ئەوەیە دەزگا میدیاییەکان دەتوانن بەشێک بن لە ڕایەڵەکانی دروستکردنی یەک نەتەوەیی و سیمبولی نیشتمانی و کۆکەرەوە بۆ گەلان و وڵاتان ، بەتایبەتی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی گەیاندن ، میدیا بووەتە بەشێک لە ژیانی هەموو کەسێک ، هەموانیش بەشێوەیەکی ئینتەراکتیڤ تێکەڵاوی میدیا دەبن . ئێستا هەموو کەس نەک تەنیا دەتوانن بینەر ، خوێنەر و بیسەربن ، بەڵکو دەتوانن بەشداریش بن لە میدیادا ، هەرواشی لێهاتووە لەجیهان و کوردستانیشدا . لەبەرئەوەش سۆشیالمیدیا دەستەواژەیەکە بە تەواوی دەربڕی ئەو گۆڕانکارییە تازەیەیە کە لە میدیا و کاری میدیاییدا دروستبووە .

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نەک هەر میدیای کەم کاریگەری نەکرد ، بەڵکو کاریگەرییەکەی زۆر زیاترکرد ، هەروەها بەشداریکردن لە میدیاشدا بەڕادەیەکی بێوێنە زیادی کرد . ئێستا هەواڵەکان لە چرکەساتی ڕووداوی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکاندا دەکەونە گیرفانی بەشی زۆری خەڵکەوە ، بەهۆی سمارتفۆنەکانەوە. ئێستا ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە هەواڵەکان لە گیرفانماندان ، کەواتە میدیا و کاری میدیایی ئێستا زۆر گرنگتر و کاریگەرترە لەو سەردەمەی کە میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرا ، بەڵکو ئێستا میدیا بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەوە بە دەسەڵاتی یەکەمی هاوتەریب لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دادەنرێت لەڕووی کاریگەرییەوە . هەرچەند دیموکراسی و تەکنەلۆژیاش زیاتر پێشبکەوێت ئەو کاریگەرییەی زیاتر دەبێت .

تۆڕی میدیایی ڕووداو ، لە قۆناخی فراوانبوونیدا لە ئایاری 2013دا ، ئەو تێگەیشتن و میکانیزمانەی کارکردن ، هەروەها مەڵتیمیدیایی هێنایە نێو میدیای کوردییەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهێنانی پیشەیبوونی لە گەورەترین قوتابخانەکانی کاری میدیایی لە جیهاندا وەرگرت . لەهەمانکاتدا کارکردن بەپێی پلان ، پاراستنی بێلایەنی بەپلان ، خێرا گەیاندنی هەواڵەکان ، گەیاندنی هەواڵەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بە یەک ئاستی بایەخپێدانەوە ، گەیاندنی پرسیاری خەڵکی کوردستان بۆ ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا ، نیشاندانی گلەیی و ئازارەکانی خەڵک ، هاوئەندامی لەگەڵ گەورەترین تۆڕی تەلەڤزیۆنەکانی جیهاندا و ڕۆژانە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی کوردستان لە تەلەڤزیۆنە گەورەکانی جیهاندا ، لە ڕێگەی ڕووداوەوە ، هەموو ئەوانە وایانکرد کە زۆر حیزب و لایەن ، زۆر لە خەڵکی کوردستان بڵێن : هێرشکردنە سەر ڕووداو ، هێرشکردنە بۆ سەر کوردستان و ئازادی . ئەوەش گەورەترین ئیعتیبار و شانازییە بۆ ڕووداو .

چەند خەمباربووم بە پەلاماردانی ڕووداو، ئەوەندەش دڵخۆشبووم بەو باوەڕ و متمانەیەی سەرکردە گەورەکانی لایەنە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەرامبەر ڕووداو پیشانیاندا و ئەو هاوسۆزییە دڵسۆزانە و لەدڵەوەیان لەگەڵ ڕووداو دا ، هەروەها ئەو پڕۆتستۆکردنەی لەلایەن دەزگا و ڕێکخراوە ڕۆژنامەڤانی و نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ هێرشەکە نیشانیاندا زۆر واتاداربوو بۆ ئێمە . زۆر دڵخۆشین بەوەی ڕووداو بۆ هەموانە و هەموانیش متمانەیان پێی هەیە . ئەوەش ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە قبوڵنەکراوەو نەبڕاوەیەبوو کە لەگەڵ ئێمەدا دەکرا ، کە دەمانگوت ئێمە هیچ پەیامێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیمان نییە ، کاری ئێمە گەیاندنی زانیارییەکان ، نیشاندانی ڕووداوەکان ، گەیاندنی بۆچوونەکان و کردنەوەی دەرگای دیبەیتکردنە ، چونکە ئەوە کاری ڕاستی میدیایە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست . ئەمڕۆ خەڵک و لایەنەکان کە بە ڕووداو دڵخۆشن ، ئێمەش بە پشتیوانی و هاوسۆزی هەموان دڵگەرمین بۆ کارکردن لە سەختترین کاتەکاندا ، هەروەها ئەو متمانەیە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر دەخاتە سەر شانی ڕووداو ، بۆ ئەوەی هەمیشە هاوسەنگ و سەنگین و، بەردەوامیش دەنگی هەمووان بێت .

دەنگی خەڵک و سەرکردەکان چەندە گەورەبوو لە پەیامە نووسراو و تەلەفۆنییەکانیاندا ، وێنەکانی پێشمەرگەش بە نیشانەی پشتیوانیکردن و هاوسۆزی لەگەڵ ڕووداودا زۆر بەهاداربوون لەلای ئێمە . سوپاس بۆ پشتیوانی و هاوسۆزی هەمووان .

**بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی ڕووداو**

بەهۆی وەرگرتنی پارەی زیادە

# پێنج فەرمانبەری کارەبای دهۆک دەستگیر دەکرێن

### بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک:
### تاوەکو ئێستا چوار فەرمانبەرمان لەسەر سەرپێچی لەکار لاداوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

پێنج کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای دهۆک لەسەر وەرگرتنی پارەی زیادە لە هاووڵاتیان دەستگیر دەکرێن. بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆکیش دەڵێت هەتا ئێستا چوار فەرمانبەر لەسەر سەرپێچی و وەرگرتنی پارە لە هاووڵاتیان لە کار لادراون.

سەفەر تەیب، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی سێ هاووڵاتی سکاڵایان لەسەر فەرمانبەرێکی کۆکردنەوەی پارەی کارەبا تۆمار کرد، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراو و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا".

سەفەر تەیب زانیاری زیاتری لەو بارەیەوە ئاشکرا کرد و گوتی "دوای دەستگیرکردنی ئەو فەرمانبەرە، ئەویش ناوی چوار فەرمانبەری دیکەی ئاشکرا کردووە کە ئەوانیش هەمان کاریان کردووە و پارەی زیادیان لە هاووڵاتیان وەرگرتووە، هەر پێنج فەرمانبەرەکەش ماوەی نۆ ڕۆژ لە زیندان بوون و دواتر بە کەفالەت ئازاد کران تاوەکو ڕۆژی دادگایی".

دوای ئەوەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە لە نێو حکومەت و خودی حیزبەکەیدا چاکسازی دەکات، تاوەکو ئێستا چەندین دۆسیە لەبارەی گەندەڵی ئیداری و ماڵی لە دادگاکانی کوردستان کراونەتەوە، چەندین کەسیش کە گومانی گەندەڵییان لێدەکرێ بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی دادگاکان کراون و هەندێک لەوانەش دەستگیرکراون.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە شاری دهۆک 20 فەرمانبەری فەرمانگەکانی ئەو شارە کە بەڕێوەبەر و سەرۆک شارەوانیشیان تێدایە، بە تۆمەتی گەندەڵی دراونەتە دادگا.

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو پارەیەی کە ئەو کارمەندانە لە هاووڵاتیانیان وەرگرتووە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک گوتی "ئەو پێنج کارمەندە پارەیان لە چەند ماڵێک وەرگرتبوو، لەلایەن سێ خێزانەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکرابوو، بۆیە پارەکەیان گەڕاندەوە بۆ خێزانەکان".

بە گوتەی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای دهۆک، ئەوە یەکەمجار نییە کارمەندەکانی لەسەر ئەو جۆرە سەرپێچیانە دەدرێنە دادگا، پێشتریش ئەو حاڵەتانە ڕوویانداوە. سەفەر تەیب گوتی "لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خەڵکەوە هەیە، ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی کرێی کارەبا لە هاووڵاتیان، بۆیە ساڵانە نزیکەی 2-3 کارمەندمان بەهۆی سەرپێچی و وەرگرتنی پارەی زیادە لە هاووڵاتیان دەدرێنە دادگا".

گوتیشی "جگە لەو پێنج فەرمانبەرەی دراونەتە دادگا، چوار فەرمانبەری دیکەش لەسەر ئەو جۆرە سەرپێچیانە لە کارەکانیان لادراون".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (414)   دووشـــەممە   2016/6/27



## کۆنگرەی بزووتنەوە دوادەخرێت

**ڕووداو — سلێمانی**

شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2016/6/25ی ئەنجوومەنی شوراياندا لەگەڵ لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بڕیاریانداوە بە دواخستنی کاتی کۆنگرەکەیان لە 2016/7/10ەوە بۆ 2016/7/28. قەڵادزەیی هۆکاری دواخستنەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "هۆکاری دواکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ تەواونەبوونی ئامادەکارییەکان لەلایەن لیژنەی باڵاوە، ئەو کاتەشی دیاریکرابوو دەکەوێتە نزیک جەژنی ڕەمەزانەوە و خەڵکیش لەو بۆنەیەدا چەند ڕۆژێک سەرقاڵ دەبێت". قەڵادزەیی دەشڵێت "ئەو 18 ڕۆژەش دواخستن نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر شەش مانگ یاخود ساڵێک بێت ئەوە دواخستنە".

### بەرپرسێکی باڵای حیزبی دەعوەی عێراق:

# شاندی یەکێتی و گۆڕان بەئێمەیان گوت لەعێراق جیانابینەوە

هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی حیزبی دەعوەی عێراق کە لەلایەن نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ڕایگەیاند کە شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان لەبارەی گشتپرسییەوە ڕای خۆیان بەوان گوتووە و دڵنیایان کردوونەتەوە کە ئەوان لەگەڵ جیابوونەوە لە عێراق نین. ئەندامێکی ئەو شاندە هاوبەشە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت "سەردەمی پارتی وەکو هێزی یەکەم لەبەغدا گوزەشت، ئیدی یەکێتی و گۆڕان ژمارە یەکن".

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا لە بەغدا لە دەرگای حیزبە عێراقییەکان دەدەن، ئەندامێکی شاندی هاوبەشی هەردوو حیزبەکە دەڵێ سەردانەکەیان بۆ ئەوەیە پێیان بڵێن کە دەبنە یەک ئیئتیلاف و "چیدی پارتی هێزی یەکەم نییە".

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوانیان لە 2016/5/17، شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان ڕۆژی 2016/6/25 لە بەغدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و شاندێکی حیزبی دەعوەی عێراق کۆبوونەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە بەشێکی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد.

عەلی عەلاق کە بە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی حیزبی دەعوە هەژمار دەکرێ، گوتی "یەکێتی و گۆڕان هاتبوون بۆ ئەوەی بڵێن لە یەکدی نزیکین و لە پەرلەمان و حکومەت ئیدی بەیەکەوە کار دەکەین".

عەلی عەلاق هەروەها گوتی "شاندەکە گوتیان دەمانەوێ دانوستاندنی جددی لەگەڵ بەغدا بکرێ، لیژنە دروستبکرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هەوڵ دەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا پەرە پێبدەین".

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دوای کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردەوە "شاندەکەی یەکێتی و گۆڕان دیدی نوێیان هەبوو، پڕۆژەیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان".

عەلاق کە خۆی بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، لەبارەی دیدی نوێی یەکێتی و گۆڕان و پرسیاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ شاندەکە لەمەڕ پرسی ریفراندۆم دەڵێت "گوتیان ئێمە وەکو بەرەیەک (یەکێتی و گۆڕان) دەمانەوێ سەرلەنوێ لەگەڵ بەغدا دانوستاندن بکرێ و دیدی نوێمان هەیە و لەعێراق جیا نابینەوە و بەشێکین لە عێراقی یەکگرتوو".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە هەڵوێستی خۆیانی لەسەر گشتپرسی و جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق ڕاگەیاند و گوتی "ئەوەی دەڵێ جیادەبینەوە لە عێراق قسەیان لەگەڵ ناکەین، ئەوەی دەڵێ لەگەڵ عێراق دەبین بێگومان پێشوازییان لێدەکەین".

بەشێک لە ماددەکانی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان پەیوەندی بە بەغداوە هەیە. شوان داودی، ئەندامی شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بۆ بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت "کوتلەی ئێمە (یەکێتی و گۆڕان) دەبێتە گەورەترین کوتلەی کوردستانی لە بەغدا و 30 کورسیمان دەبێ و کاریگەری خۆی دەبێ".

داودی کە پەرلەمانتاری یەکێتییە لە پەرلەمانی عێراق، هەروەها دەڵێ "بەغدامان تێگەیاند کە ئیدی ڕێگە لە تاکڕەوی و یەکلایەنەی پارتی دەگرین و هاوسەنگی دروست دەکەین و چیدی پارتی هێزی نەمبەر وەن نییە".

گوتیشی "پارتی چیدی ناتوانێ بە تەنیا مامەڵە بە مەلەفی نەوت، بڕیاری سیاسی و ئیداری بکات و بە بەغداشمان گوتووە هاوسەنگی بۆ بڕیاری سیاسی دروست دەکەین".

ئەم هەڵوێستەی یەکێتی و گۆڕان نیگەرانیی هەرسێ فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو و پارتی بە دوای خۆیدا هێناوە، بەشێوەیەک سەردانی شاندە هاوبەشەکەی یەکێتی و گۆڕان بە "لەتکردنی کوردستان" ناودەبەن.

ئەحمەدی حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "بەرژەوەندیی حیزبی و پەیوەندیی حیزبی بووەتە هۆی دووڵەتبوونی کورد لە بەغدا".

ئەحمەدی حاجی ڕەشید هەروەها گوتی "کورد ئیدی لەبەغدا زیاتر لە دوو بۆچوونیشی دەبێ، بۆچوونێک یەکێتی و گۆڕان پێکەوە، بۆچوونێک پارتی، بۆچوونی سێیەم کۆمەڵ و یەکگرتوو وەکو دوو هێزی ئیسلامی. ئەمەش بۆ پێگەی کورد زەرەری دەبێ کە پێشتر کورد یەکدەنگ بوون".

ئەحمەدی حاجی ڕەشید، ڕەخنە لە شێوازی ڕۆیشتنی شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان هەیە بۆ بەغدا "کورد ئیدی بە دوو ئاراستە دەچێتە بەغدا، ئەمەش عەیبێکی گەورەیە".

پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشداریی توند دەداتە شاندەکەی یەکێتی و گۆڕان. ڕێناس جانۆ، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق باسی هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان دەکات لە پەرلەمانی عێراق کە خاوەنی 28 کورسین و دەڵێت "هەر کاتێ گۆڕان و یەکێتی بیانەوێ بەزیادبوونی ژمارەی کورسییان لەپەرلەمانی عێراق یاری لەگەڵ پارتی بکەن، دەبێ چاوەڕێی سوپرایز بکەن لە پارتی".

یەکێتی و گۆڕان هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا بۆ پارتی دەگەڕێننەوە، بەڵام ڕێناس جانۆ دەڵێت "ئەگەر کێشەی هەولێر و بەغدا بە گۆڕان و یەکێتی چارەسەر دەکرێ، ئەی بۆ تاوەکو ئێستا چارەسەریان نەکرد".

هەروەها دەپرسێ "بۆچی عەبادی بە 30 کورسی دەیەوێ کێشەکان چارەسەر بکات، بۆچی بە 65 کورسی چارەسەری نەدەکرد؟".

جانۆ پێیوایە هەوڵەکانی یەکێتی و گۆڕان لە بەغدا ئەنجامیان نابێت "فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان ناوەندی بڕیاری کوردستان نین، تاوەکو لە بەغدا بەناوی کوردەوە قسە بکەن". بەڵام شوان داودی دەڵێت "پارتی کێشەی خۆیەتی و بۆی نییە بە ناوی کوردەوە قسە بکات، ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی عێراق و نابێ لە بەغدا دووربکەوینەوە".

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق باسی کاری داهاتووی فراکسیۆنەکەیان و یەکێتی لە بەغدا دەکات و دەڵێت "ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان پڕۆژەیەکی سیاسییە، ئیدی وەکو ئیئتیلافێک لە بەغدا مامەڵە دەکەین".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان کە حیزبەکەی 9 کورسییان لە پەرلەمانی عێراق هەیە، هەروەها دەڵێت "عەبادی تێگەیشتنی زۆری هەبوو بۆ ڕێککەوتنەکە و دەستخۆشی لێکردین و گوتی با کێشەکان چارەسەر بکەین، بۆیەش نوسخەیەکی ڕێککەوتنەکەمان دایە عەبادی".

بەبڕوای هۆشیار عەبدوڵڵا کە ئەندامی شاندی گۆڕانە بۆ بەغدا، شاندەکە تاوەکو 28ی ئەم مانگە لە بەغدا دەمێنێتەوە و دوای گەڕانەوەیان ئەنجامی گفتوگۆکان بۆ ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان باس دەکەن.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نیگەرانە لە پەرتەوازەبوونی کورد لە بەغدا کە تاوەکو ئێستا بە یەکێک لە بەهێزترین گرووپی سیاسی لە عێراق هەژمار دەکرا، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن ئیدی ئەو کاتە بەسەرچوو. موسەنا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "بەلای منەوە دیدار و دانوستاندنەکانی شاندی یەکێتی و گۆڕان بەتەنیا لەگەڵ هێز و لایەنەکانی عێراق ئاسایی نییە. ئەمە گوزارشت لە شێواویی نێو ماڵی کورد دەکات".



### پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی:

**کورد لە بەغدا بووەتە دوولەت و ئەمە عەیبێکی گەورەیە**

### پەرلەمانتارێکی پارتی:

**ئەگەر یەکێتی و گۆڕان باسی هێزی ژمارە یەک دەکەن با چاوەڕێی سوپرایز بن**

### سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان:

**عەبادی تێگەیشتنی زۆری هەبوو بۆ ڕێککەوتنەکە و دەستخۆشیی لەئێمە کرد**

# یەکێتی لە حکومەت ناکشێتەوە

### بەرپرسێکی یەکێتی: ئەگەر ئێمە بکشێینەوە کۆمەڵ و یەکگرتووش دەکشێنەوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – سلێمانی

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ حیزبەکەی لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە، بەڵام هێشتا دەیەوێت لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەکەیەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەنگاو بۆ ئەوە بنێ کە پارتی بێنێتە ژێر باری کاراکردنەوەی پەرلەمان. سەرکردەیەکی دیکەی یەکێتیش ڕەتیکردەوە، بیریان لە دەستبردن بۆ بژارەی کشانەوە لە حکومەت کردبێتەوە بۆ ئەوەی پارتی ناچاری دانوستاندن لەگەڵ گۆڕان بکەن.

ڕزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی پێویستیان بە ئامادەکاری نییە و هەرکاتێک بیانەوێ دەتوانن کۆببنەوە "ڕاستە بڕیارە لەگەڵ پارتی کۆببینەوە، بەڵام بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی پێویستمان بە ئامادەکاری نییە و هەر کاتێک بە پێویستی بزانین کۆدەبینەوە".

بەهۆی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک لەگەل بزووتنەوەی گۆڕان، لە 17ی ئایاری ئەمساڵ، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، هەندێک سەرکردەی یەکێتی پێیانوابووە کە دەبێت بە دەستبردن بۆ کارتی کشانەوە لە حکومەت پارتی ناچار بکرێ لەسەر بۆچوونەکانی خۆی بێتە خوارەوە و دەستبەرداری مەرجەکانی ببێ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان کە ئەوە خواستی بەشێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیشە، بەڵام ئەوە ڕای زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی نییە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیکردەوە یەکێتی بەرنامەیەکی وای هەبێت و دەڵێ "یەکێتی هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ کشانەوە لە حکومەت، چونکە کشانەوە لە حکومەت جۆرێکە لە ڕێگەخۆشکردن بۆ دوو ئیدارەیی. ئێمە دوو ئیدارەییمان پێباش نییە و ئەگەر مانەوەمان هیچ کاریگەری و ڕۆڵێکیشی نەمێنێت هێشتا بیر لە کشانەوە لە حکومەت ناکەینەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ئەو پەیوەندییە خراپەی ئێستا لەنێوان لایەنەکاندا هەیە و پەککەوتنی پرۆسەی سیاسی لێکەوتووەتەوە، هەرێمی کوردستانی لەنێو کێشەی زۆردا ڕاوەستاندووە و پێویستە پەرلەمان کارابکرێتەوە و پرۆسەی سیاسی دەستپێبکاتەوە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ مامەڵە لەگەڵ دەرفەتەکانی بەردەمی بکات "نامانەوێ شتێک بکەین کە ئۆباڵی دوو ئیدارەیی بکەوێتە ئەستۆی یەکێتی و دەمانەوێ هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە".

ڕۆژی 23ی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو، ئەو پێنج لایەنە سەرەکییەی حکومەتێکی بنکە فراوانیان پێکهێنابوو، دوای چەندین کۆبوونەوە نەیانتوانی دەرچەیەکی یاسایی بدۆزنەوە بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. پارتی تۆمەتبارکرا بەوەی مل بۆ خواستی لایەنەکانی دیکە نادات و پارتیش گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی بە شکاندنی تەوافوقی سیاسی تۆمەتبارکرد. دواتر ناکۆکییەکان پەڕینەوە بۆ سەرجادە و خۆپیشاندانی توند، لە بەرامبەردا پارتی گۆڕانی تۆمەتبارکرد بە هاندانی خەڵک، هەرچەندە گۆڕان ئەوەی ڕەتکردەوە. دواتر هێلکەی ناکۆکییەکان لەسەری پەرلەماندا شکا. لەوکاتەوە هەوڵەکان گۆڕاون بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

نوێترین داواکاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لایەنەکان کۆببنەوە تاوەکو لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بۆ ئەو مەبەستە، ئێستا ئەو داخوازییەی بارزانی، خواستی کاراکردنەوەی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لایەنەکانی گەرمتر کردووە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو کرا، بە ئەندامانی یەکێتی لەنێو شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان گوتراوە چی لەگەل پارتی باس بکەن "ماوەتەوە ئەوەی کۆبوونەوە هاوبەشەکە لەگەڵ پارتی بکرێ".

ڕەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕەتیکردەوە باسی ئەو ڕاسپاردانەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بکات و گوتی "لە کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ پارتی، یەکێتی لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و پرسەکانی دیکەوە قسەی خۆی دەکات".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتیی نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، پێیوایە پارتی ئێستا پارتی ڕێگەی کەمی لەبەردەمدا ماون و دەبێ هەر ڕازی ببێ بەوەی پەرلەمان کارا بکرێتەوە "ئەگەر یەکێتیش بکشێتەوە، هێشتا بڕوام وایە پارتی بەردەوام دەبێت لە ئیدامە دان بە حکومەت و ئەوە ناشبێتە کارتی گوشار لەسەر پارتی، هەرچەندە دەزانین ئەگەر ئێمە لە حکومەت بکشێینەوە، یەکگرتوو و کۆمەڵیش دەکشێنەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ یەکێتی پەلەی نییە لەوەی کارتی بەهێزی گوشار بەکاربهێنێت و بەو هۆیەشەوە هەوڵدەدات هەم ڕێگە لە دوو ئیدارەیی بگرێت و هەم لەگەڵ گۆڕان و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکان، لە هەولێشدا دەبێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان "بەڵام دەبێ پارتی بزانێ کە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ئاوەکە مەلە دەکات".

قادر حەمە جان، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی پارتی ڕازی ببێ بە شاندی هاوبەش لەگەڵیان کۆببێتەوە "هەوڵدەدەین دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ پێکهاتەی تورکمان و کریستیانەکان لە هەولێر لەگەڵ پارتیش کۆببیەنەوە".



ڕووداو
ژمارە (414) دووشەممە 2016/6/27



## "ژیانی 70 هەزار تورکمان لە مەترسیدایە"

ڕووداو- هەولێر

ئایدن مەعروف، سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی ڕزگارکردنی شاری مووسڵدا مەترسی لەسەر تورکمانەکانی شارۆچکەی تەلەعفەر دروست دەبێت و گوتی "زۆربەی خەڵکی تەلەعفەر تورکمانن و ئێستاش نزیکەی پەنجا تاوەکو حەفتا هەزار تورکمان لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، بۆیە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا پێویستە بە پلانێکی ورد شارۆچکەکە ڕزگار بکرێت و تەنانەت تورکمانەکانیش چەکدار بکرێن و بەشداری بکەن بەمەبەستی پاراستنی ژیانی ئەو خەڵکانە". ناوبراو گوتیشی "تائێستا 60% تا 70%ی تورکمان ناوچەکەیان جێهێشتووە و خەڵکەکانی دیکەش هەوڵی هەڵهاتن لەبندەستی داعش دەدەن، بەڵام ناتوانن".

### بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی:

# ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگای سلێمانی 12 ملیار دینار غەرامەیان لەسەرە

هیوا جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی کە وردبینی لە خەرجی و داهاتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانیدا کردووە، دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی و دزراو و ژمارە دووبارە، بایی زیاتر لە ملیارێک دینار سەرپێچییان کردووە. ئۆتۆمبێلە کاتییەکانیش بەبێ ئەوەی غەرامەکەیان لێ وەربگیرێ، تابلۆی هەمیشەییان پێدراوە.

تیمەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لە 2014/8/11 دەستیان کردووە بە وردبینی لە خەرجی و داهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی سلێمانی بۆ ساڵی دارایی 2013. کارەکەیان مانگێکی خایاندووە و لە ڕاپۆرتێکدا تێبینی و سەرنجی خۆیان خستووەتە ڕوو.

### زۆرترین داهات لە تابلۆی ئۆتۆمبێل

بەپێی ڕاپۆرتەکە کۆی گشتیی داهاتی وەرگیراو بۆ ساڵی دارایی 2013 بریتی بووە لە 70 ملیار و 311 ملیۆن و 97 هەزار دینار. لەو برە پارەیەش 2 ملیار و 480 ملیۆن و 228 هەزار دینار گواستراوەتەوە بۆ حسابی جاریی ژمارە (165)ی بانکی قەڵاتی شاری هەولێر کە تایبەتە بە وەزارەتی تەندروستی وەک کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان. هەروەها بڕی 33 ملیار و 883 ملیۆن و 425 هەزار دینار گواستراوەتەوە سەر حسابی جاریی ژمارە (303)ی بانکی تانجەرۆ لە شاری سلێمانی کە تایبەتە بە پەرەپێدانی هاتوچۆ.

ئەو بڕەشی کە ماوەتەوە و 33 ملیار و 947 ملیۆن و 443 هەزار دینار بووە، کراوە بە داهاتی کۆتایی وەزارەتی دارایی و ئابووری. زۆرترین ئەو داهاتەی بۆ وەزارەتی دارایی نێردراوە لە ڕێگەی پێدانی ژمارەی ئۆتۆمبێل بووە کە بڕەکەی زیاتر لە 23 ملیار دینار بووە، دوای ئەویش سزای یەکسەری (فەوری) بووە کە زیاتر لە پێنج ملیار دینار بووە. داهاتی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل نزیکەی نیو ملیار دینار بووە، گواستنەوەی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێل دوو ملیار و 500 ملیۆن دینار بووە. داهاتی پێدانی تابلۆ 330 ملیۆن دینار بووە، پێدانی مۆڵەت نزیکەی 400 ملیۆن دینار بووە. سزای دواکەوتن 961 ملیۆن دینار بووە.

### خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی، کۆی خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لە ساڵی 2013دا بریتی بووە لە 37 ملیار و 428 ملیۆن و 556 هەزار دینار. لەو بڕەش 35 ملیار و 638 ملیۆن و 524 هەزار دینار بۆ مووچە و کرێ بووە. دوو ملیارەکەی دیکەش بۆ کڕینی کاڵا و شتومەک، خزمەتگوزاری، چاککردنەوە، سوودە کۆمەڵایەتییەکان و... هتد.

ژمارە کاتییەکان 581 ملیۆن دیناریان لەلایە

دیوانی چاودێری دارایی وردبینی لە بەشی ژمارەی ئۆتۆمبێلی کاتی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کردووە و دەرکەوتووە سەرپێچییەکی زۆر بەو ژمارانە کراوە، بەڵام غەرامەی سەرپێچییەکانیان لێ وەرنەگیراوە لەکاتێکدا ئەو ئۆتۆمبێلانە ئێستا ژمارەی هەمیشەییان پێدراوە.

دیوانی چاودێریی دارایی لە هۆکاری وەرنەگرتنی غەرامەی ئەو سەرپێچیانەی پرسیوە، بەرپرسانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هۆکارەکەیان بۆ درەنگ گەیشتنی سەرپێچییەکان بە کارمەندی کۆمپیوتەری تایبەت بە ژمارەی کاتی گەڕاندووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوان، 10 هەزار و 987 سەرپێچی بەو ئۆتۆمبێلانە کراوە، غەرامەی سەرجەمیشیان 581 ملیۆن و 933 هەزار دینار بووە.

دیوانی چاودێری داواکارە بڕی غەرامە و جۆری سەرپێچییەکانی ئەو ژمارە کاتیانە لەو کەسانە وەربگیرێتەوە کە ژمارەی هەمیشەییان پێدراوە. بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو حاڵەتەش پێویستە پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر تۆمارکردنی سەرپێچییەکەدا لە کۆمپیوتەری بەشی ژمارەی کاتی ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بکرێت لە هۆکاری مانەوەی غەرامەکان.

### ئۆتۆمبێلە دزراوەکان غەرامە نادەن

هەر بەپێی وردبینی دیوانی چاودێریی دارایی پاش وردبینی لە بەشی کارتی زانیاری، دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەکانیان تایبەتن بە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم و لەساڵی 2003وە هێنراونەتە سنووری پارێزگای سلێمانی و کێشەی "دزراو و ژمارەی دووبارە"یان هەیە، سەرپێچییان پێ کراوە، بەڵام بڕی غەرامەی سەرپێچییەکانیان لێ وەرنەگیراوە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە لەلایەن مەفرەزەکانی هاتوچۆوە بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچییەک ڕەوانەی بەشی کارتی زانیاری دەکرێن، تاوەکو بزانرێت غەرامە و حجزیان لەسەرە یان نا.

دیوانی چاودێریی دارایی کە بە یاداشتێک لە 2014/9/7 داوای دەرخستەیەکی کردووە بۆ بڕی غەرامە و ئەو سەرپێچیانەی ئەو ئۆتۆمبێلانە کردوویانە، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت کە سیستمی داتا بەیسەکەیان کۆی بڕی سەرپێچییەکان دیاری ناکات، بەڵام 54960 سەرپێچی تۆمارکراوە کە زۆربەی سەرپێچییەکان تایبەتن بەو ئۆتۆمبێلانەی کێشەی (دزین و ژمارەی دووبارە)یان هەیە و سەردانی بەشی کارتی زانیارییان نەکردووە.

لە ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی داراییدا هاتووە "ئەگەر هەر سەرپێچییەک کەمترین بڕی بۆ دابنرێت کە 10 هەزار دینارە، ئەوا کۆی بڕی غەرامەکان دەکاتە 549 ملیۆن دینار و 600 هەزار دینار. لە کاتێکدا زۆرترین بڕی غەرامە بریتییە لە 200 هەزار دینار.

دیوانی چاودێریی دارایی بۆ کەڵەکەنەبوونی ئەو سەرپێچیانە و وەرگرتنی لە ماوەی ساڵێکدا پێشنیازی کردووە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە فەرمان بدرێت بەوەی لەڕێگەی لۆگۆیەکی ئەستۆپاکی ساڵانەوە کە هاوشێوەی لۆگۆی مەرجەکانی توندوتۆڵیی ئۆتۆمبێل بێت، ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بەجۆرێک لەڕێگەی مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتوچۆوە سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی ژمارەکانیان تایبەتن بە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بنێردرێن بۆ بەشی کارتی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکان تاوەکو بزانرێت غەرامە و حیجزیان لەسەر نییە.

### 12 ملیار دینار لەلای شۆفێرانە

دیوانی چاودێریی دارایی وردبینی بۆ بڕی سزای سەرپێچی ئۆتۆمبێلی ژمارە / سلێمانی (تایبەت، کرێ و بار) کردووە و دەرکەوتووە سزای سەرجەم ئەو سەرپێچییانەی کە تۆمار کراون لە بەرنامەی داتابەیسی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی تاکو بەرواری (2014/10/29) بریتییە لە 230 هەزار و 361 سەرپێچی. بڕە غەرامەکەش 12 ملیار و 691 ملیۆن و 325 هەزار دینار بووە، هۆکاری مانەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا لەکاتی گۆڕینی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل کە چوار ساڵ جارێکە، هاووڵاتی ناچار دەکرێت بڕی سزای سەرپێچییەکانیان بدەن.

بەمەبەستی کەڵەکە نەبوونی بڕی سزای سەرپێچییەکان و وەرگرتنی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بۆ ساڵی دارایی/2015. دیوانی چاودێری دارایی پێشنیازی کردووە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە فەرمان بدرێت بەوەی نووسینگەکانی پشکنین هیچ پشکنینێک بۆ ئۆتۆمبێل، بەبێ پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکان نەکەن کە ئۆتۆمبێلەکە غەرامەی لەسەر نییە.

### پشکنینی ئۆتۆمبێل

لە ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی داراییدا هاتووە لە ڕێکەوتی 2014/3/2 وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە سنووری هەڵەبجە گرێبەستێکی لەگەڵ هاووڵاتییەکدا کردووە بۆ ماوەی 25 ساڵ. بەپێی خاڵی (1، 2)ی بڕگەی یەکەمی گرێبەستەکە دەبێت پاش بەدەستهێنانەوەی سەرجەم ئەو خەرجیانەی بۆ دامەزراندنی تاقیگەکە کردوویەتی، ڕێژەی 15%ی قازانجی مانگانەی تاقیگە بدرێتە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام بەپێی هەردوو خاڵی ئاماژە بۆکراو ناتوانرێت:

1- چاودێری بەدەستهێنانەوەی سەرجەم ئەو خەرجیانە بکرێت کە بۆ دامەزراندنی تاقیگەکە خەرجکراوە.

2- چاودێریی قازانجی مانگانەی تاقیگەکە بکرێت تاوەکو ڕێژەی (15%)ی لەسەر ئەژمار بکرێ.

دیوانی چاودێریی دارایی داوا دەکات لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی وەزارەتی ناوخۆ وە پێداچوونەوە بکرێت بە هەردوو خاڵی ئاماژە بۆکراو بەجۆرێک کە بتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی ئەو ڕێژەیە بکرێت.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی لە ساڵی 2006 تاوەکو 2010 شەش گرێبەستی تایبەت بە پشکنینی ئۆتۆمبێل لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی و چەند هاووڵاتییەک کراوە، بەڵام لە گرێبەستەکاندا ئاماژە بە ماوەی کارکردنی ئەو تاقیگەیانە لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەوە نەدراوە، لەهەمانکاتیشدا هیچ بڕە پارەیەک دیاری نەکراوە کە مانگانە بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ.

بەمەبەستی یەکخستنی شێوازی کارکردنی سەرجەم تاقیگەکان، دیوانی چاودێری دارایی سەرلەنوێ گرێبەست بکاتەوە لەگەڵ ئەو شەش هاووڵاتییە.




# نەخشەڕێی چاکسازیی ئابووری بە سێ ساڵ جێبەجێ ناکرێت

عومەر ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

یەکێک لە باشترین لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان لەسەر ڕەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵەیەک لە پێشنیازی تۆکمە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووریی ئێستا، مانگی ڕابردوو لەلایەن بانکی جیهانی لە ژێر ناونیشانی نەخشەڕێگای چاکسازیی ئابووریی هەرێمی کوردستان بۆ سێ ساڵی داهاتوو لە میانەی مەراسیمێکدا بڵاوکرایەوە.

بۆ یەکەمجارە، تیمێکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بەشێوازێکی زانستی و بە وردی، سەرەتا داتا ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لێکدەدەنەوە و ئینجا بە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان، پێشنیازی قۆناغ بە قۆناغی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو.

نەخشەڕێگاکەی بانکی جیهانی هەر لە سەرەتاوە داوای چاکسازیی بنەڕەتی لە هەموو کەرتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەکات. داوای پێداچوونەوە بە یاساو ڕێساکانی پەیوەست بە کەرتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی دواجار دوای ئەو گۆڕانکارییانە، هەرێمی کوردستان بکەوێتە سەر پێی خۆی و ڕێگەی گەشەکردن.

هەرچەندە ئەم نەخشە ڕێگایە بۆ جێبەجێکردنی لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا دانراوە و بەپێی گرینگی، کاتی جێبەجێکردنی هەریەکە لە ڕێکارەکانی بۆ سێ ساڵی داهاتوو دەستنیشان کردووە، بەڵام وەک یەکەم تێبینی بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئەو پەرتەوازەیی و لێکترازانەی کە ئێستا لە نێوان پارتە سیاسییەکان هەیە و لە پەککەوتنی پەرلەمانی کوردستان و ناکارامەیی حکومەت ڕەنگیداوەتەوە، گومان لە ئیمکانی جێبەجێکردنی ئەو نەخشەڕێگایە دەکرێت.

هەر شارەزایەکی ئابووری ئەم نەخشەڕێگایە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم پلانە ناکرێت لە ماوەی سێ ساڵدا جێبەجێ بکرێت و ڕەنگە 10 ساڵی پێویست بێ بۆ ئەوەی بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، چونکە جێبەجێکردنی ئەم پلانە حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانی و یەکگرتووی دەوێت کە خەڵک بە دڵ و بەگیان لەگەڵی بن بۆ ئەوەی پابەندبن بەو بڕیارانەی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگاکە، حکومەت دەریانبکات، چونکە یەکە یەکەی ئەو بڕیارانە ڕاستەوخۆ کار لەسەر گوزەران و ژیانیان دەکەن، نەخاسمە حکومەتێک کە چەندین وەزارەتی بە وەکالەت بەڕێوەدەچێت و هەندێ چاودێریش مەترسی سەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی دەکەن.

ئەم پلانە دایناوە بە تەواوەتی سیستەمی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان مۆدێرن و ڕێکوپێک بکات وەک وڵاتێکی گەشەکردوو، ئەمەش زۆر ئەستەمە لە سێ ساڵی داهاتوودا بەدی بێت.

ئاسان نییە لە ماوەی سێ ساڵدا، بەتەواوەتی پرۆسەی بودجەدانان ڕێکبخرێتەوە لەکاتێکدا پارلەمان هەڵپەسێردراوە و سێ ساڵە هەرێمی کوردستان پرۆژەی یاسای بودجەی نییە. هەروەها ئەستەمە سیستەمی بانکی و باجدانان مۆدێرن بکرێن و سەرچاوەکانی داهات لەڕێی بووژانەوەی کەرتەکانی بەدەر لە نەوت هەمەڕەنگ بکرێن و کەرتی تایبەت بەهێز بکرێت.

پلانەکە ئامانجی ئەوەیە سیستەمی پەروەردە، گەنجی ئەم وڵاتە بە زانستی سەردەمیانە شارەزا بکات و کولتوورێکی نوێی کارکردن لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت دروستبێت. بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە ڕووبدەن، نەوەیەکی نوێ دەبێت سەرهەڵبدات کە ڕاهاتبێت لەگەڵ سیستەمی نوێی ئابووریی وڵاتەکەیان. لەبەر ئەوەشە ئەگەر نەشکرا ئەم نەخشەڕێگایە لە ماوەی سێ ساڵدا جێبەجێ بکرێت، هیچ نەبێت هەوڵەکان دەبێت بەردەوام بن بۆ ئەوەی ئەو نەخشەڕێگایە هەر جێبەجێ بکرێت و پشتگوێ نەخرێت چ لە ماوەی پێنج ساڵ بێت یان ماوەیەکی زیاتر.

لە کۆتاییدا دەبێت هەموو لایەک ئاگاداری ئەو مەترسییانە بن کە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو نەخشەڕێگایە لەلایەن ئامادەکارانی خراونەتەڕوو، لە سەرووشیانەوە بە دروستی ڕاپۆرتەکە باس لە مەترسی لێکترازان و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان پارتەکانی ناوخۆی کوردستان دەکات وەک یەکێک لە سێ سەرەکیترین مەترسییەکانی جێبەجێنەکردنی ئەو نەخشەڕێگایە.



ئەحمەد یڵدرم، ئەکادیمیست و پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بۆ (ڕووداو):

# هەڵگرتنی پارێزبەندی تورکیا دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش ساڵانی نەوەتەکان

دوای پەسەندکردنی هەمواری یاسای پارێزبەندیی پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی تورکیا لە 20ی ئایاری رابردوو، یەکەمین پەرلەمانتار بوو لەگەڵ بورجو چەلیک نوێنەری شاری مووش بانگهێشتی دادگا کران، بۆ ئەوەی ئیفادەیان لێ وەربگیرێت. ئەحمەد یڵدرم پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) زیاتر لە 20 ساڵە وەکو ئەکادیمیستێک لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا کار دەکات. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پرسی هەڵگرتنی پارێزبەندی و ڕەوشی باکووری کوردستان و تورکیا دەکات.

ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: لەلایەن داواکاری گشتییەوە بۆ وەرگرتنی ئیفادە بانگ کرای، ئەگەر ناچار کران بە زۆر ئیفادە بدەن، چی دەکەن؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** ئەگەر ناچارمان بکەن، شتێک ناگۆڕێ، ئەگەر بە ئیرادەی خۆشم بچم ئیفادە نادەم. چونکە بۆ دەستوور و یاسای نێودەوڵەتی مەترسیدارە. ئەگەر فەرمانی دەستگیرکردن دەربکەن، پەشێوی زیاتر دەبێ، نەک تەنیا ناوچە کوردییەکان هەموو تورکیا دەگرێتەوە. ئەمەش خزمەت بە ئاشتی و پێکەوەبوونی ئەو وڵاتە ناکات. بەداخەوە دەبێتە هۆی ڕشتنی خوێنی زیاتر، ناسەقامگیریی بەرفراوانتر دەکات. نەچوونی ئێمە بۆ ئیفادە بۆ پاراستنی گیانی خۆمان نییە، بەهۆی پەرۆشیمانە بۆ ئازادی. ئەگەر بە چوونی ئێمە ئەو شەڕە کۆتایی دێت، هەر پەرلەمانتارێک ئامادەیە 10 ساڵ لە زیندان بمێنێتەوە. نەچوونی ئێمە هەڵوێستێکە بەو کەسانە دەڵێین بوەستە کە دەخوازن دوارۆژی ئەو وڵاتە تاریکتر بکەن.

**ڕووداو: ئێوە دەڵێن ناچینە دادگا بۆ ئیفادەدان، ئەگەر وایە بۆچی بەرگرینامەیەکی هاوبەش ئامادە دەکەن؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** ناچینە بەردەم داواکاری گشتی و ئیفادە نادەین. لەو کاتەدا ئەگەرێکی زۆر هەیە داواکاری گشتی بمانداتە دادگا، بۆ ئەوەی دادگا پرسیارمان لێ نەکات، بەرگرینامەیەکی سیاسی ئامادە دەکەین. کاتێک لێکۆڵینەوە لە بەرگرینامەکەمان دەکەن، هەوڵ دەدەین پەیامی ئەوە بدەین کە مەسەلەی هەڵگرتنی پارێزبەندی، مەسەلەیەکی سیاسییە. ئەگەر کردەوە سیاسییەکانمان دەبنە مایەی دادگاییکردن، ئەوە موخاتەبی ئەو مەسەلەیە دادگا نییە، من بەدەنگی گەل بوومەتە سیاسەتکار، ئەگەر من هەڵەم کردووە، هەڵەکەم سیاسییە. بۆیە ئەوەی دادگاییم دەکات و لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگم پێ نادات، دەنگدەرە. موخاتەبی من دادگا نییە، ئەو خەڵکەیە کە دەنگی پێداوم. کەسم نەکوشتووە، ماڵی کەسم نەسووتاندووە، زمانی کەسم قەدەغە نەکردووە. پەنام بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی نەبردووە. لەو کاتەی دەمانگوت پێویستە ئەوانە دادگایی بکرێن کە گەندەڵییان کردووە، بەرتیلیان وەرگرتووە و دەسەڵاتیان خراپ بەکارهێناوە، بەرپرسانی ئاکپارتی و پەرلەمانتارانیان دەیانگوت ئەگەر هەڵەمان کردبێ، بۆچی جارێکی دیکە خەڵک دەنگی پێ داینەوە. باشە ئەگەر خەڵک دەنگی بەتۆ دابێ، دەنگی بە ئێمەش داوە. ئەگەر تۆ 30%ی دەنگەکانت بەدەستهێناوە، من لە مووش 70%م هێناوە. ئەو سەرۆک شارەوانییانەی دەتانەوێ دووریانبخەنەوە هەندێکیان 80- 90%ی دەنگەکانیان هێناوە. ئەگەر دەنگدانی خەڵک لەهەموو تاوانەکان دەمانپارێزێت، تەنیا بۆ بەرپرسانی ئاکپارتی نییە، بەڵکو بۆ هەمووانە.

**ڕووداو: ئەو پرۆسەیە تا ئاستی زیندانیکردن دەڕوات؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** هیوادارم نەگاتە ئەو ئاستە. چونکە خزمەت بە دیموکراسی و ئاشتی ناکات. لە ساڵی 1994 کاتێک پەرلەمانتارانی (دەپ) پەلکێشی زیندانکران کێشەکە چارەسەر بوو؟ نەخێر. ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ دابوون زیاتر بوو؟ بەڵێ زیاتر بوو. تاوەکو ئەو کاتە 4%ی ڕێژەی دەنگمان بەدەست دەهێنا، دوای ئەو ڕووداوە 13%مان بەدەستهێنا. ئەگەر ئەمڕۆ زیندانی بکرێین، تەنیا جەستەمان زیندانی دەکرێت، ناتوانن بیروباوەڕمان زیندانی بکەن. پێموایە ئێمە بەو بزووتنەوە سیاسییە، بە باوەڕیمان بە چارەسەری و ئاشتی و ئازادی گەورەتر دەبین. بەڵام ئەوانەی دادگاییمان دەکەن، وەکو ئەوانەی لە 1994 لەیلا زانا، خەتیب دیجلە و ئۆرهان دۆغانیان دادگایی کرد، دەکەونە نێو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو.

**ڕووداو: لێسەندنەوەی پارێزبەندی چ ئەنجامێکی سیاسی لێدەکەوێتەوە. گەڕانەوەیە بۆ ساڵانی نەوەتەکان؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** لێسەندنەوەی پارێزبەندی و هەڕەشەی زیندانیکردن ئاماژەیە بە گەڕانەوەی تورکیا بۆ پێش ساڵانی نەوەتەکان. ئەگەر گەڕانەوە بۆ پێش ساڵانی نەوەتەکان نەبووایە، شێوازی ساڵانی نەوەتەکان دوای 25 ساڵ تاقی نەدەکرایەوە. ئاماژەیە بە گەڕانەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەردۆغان بۆ سەردەمی تانسۆ چیللەر، محەمەد ئاغر. ئەو کاتە شەڕ لە شاخەکان بوو، ئەوان هیچ کاتێک لەنێو شارەکان خانوویان نەڕووخاند. هیچ کاتێک سوپا بەتانک و زرێپۆش و چەکی گران نەهاتە نێو شارەکان. بۆیە پێموایە گەڕاونەتەوە پێش ساڵانی نەوەتەکان

**ڕووداو: لە حەوتی حوزەیران هەدەپە نەک تەنیا لە کوردستان لە هەموو تورکیا ڕۆژەڤی دروست دەکرد. دوو قسەی بەڕێز دەمیرتاش دەبوونە ڕۆژەڤی هەموو تورکیا. بەڵام ئێستا هەدەپە بێکاریگەر بووە. لە ماوەی یەک ساڵدا هەدەپە لە کوێ هەڵەی کرد؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** وەکو هەدەپە بەر لە ساڵێک، لە کوێ بووین، ئەمڕۆ لەهەمان شوێنین، هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرەی ئێمە ڕوونەداوە. ئەوەی گۆڕاوە هێزی دەوڵەت و دەسەڵاتە. ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەو کاتە چیمان دەگوت، ئەمڕۆش هەمان خیتابمان هەیە، بەڵام یەک شتی جیاواز هاتووەتە ئاراوە، ئابلۆقەی ڕاگەیاندنمان لەسەرە. سانسۆرمان لەسەر دانراوە. پێشتر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا سەرەیان دەگرت، تاوەکو پەیامەکانمان بگوازنەوە، بەڵام ئێستا بەم شێوەیە نییە. ئەوەی گۆڕاوە ئێمە نین، هێزەکەی بەرامبەرمانە. ئەو کات جەختمان لە بەردەوامی پرۆسەی چارەسەری دەکردەوە، ئێستاش دەڵێین پێویستە پرۆسەکە زیندوو بکرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی پەیامەکانمان نەگاتە مەرمەرە، ئاکدەنیز و ڕۆژئاوای تورکیا هەوڵێکی بێوچان دەدەن. هەموو پیاوانی دەوڵەت دەستبەکارن. جگە لە دەنگەکانمان لەناوچە کوردییەکان، بەدەستهێنانی کورسی لە ئێگە، ئەنتاڵیا، شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوا حیسابی دەسەڵاتی خراپکرد. کاتێک زانیان هەدەپە بە ئاشتی گەورە دەبێت، ئاکپارتی دەدۆڕێنێ، گەڕانەوە بۆ دۆخی شەڕ. بێگومان ئەو شەڕە لەنێوان دوو لایەن دایە، لایەنێکی ئەو شەڕە سوپایە، لایەنەکەی دیکەش پەکەکەیە. ئێمە ناڵێین تەنیا لایەنێک چەکەکانی بێدەنگ بکات، بەهەردوولا دەڵێین چەکەکانتان بێدەنگ بکەن. بەهەردوولا دەڵێین ئیدی پێویستە چیدیکە چەک بۆ گەڕان بەدوای مافی کورد بەکارنەهێندرێت. ئێمە دەڵێین پێویستبوو پرۆسەی چارەسەری درێژەی هەبووایە، ئەگەر پێویست بکات دەبێت 12 ساڵ و نیو درێژەبکێشێ. ئەگەر گەنجەکان نەکوژرێن، خوێن نەڕژێت کێشە نییە ئەگەر گفتوگۆ زیاتر درێژە بکێشێت. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا، هەدەپە هەمان ئەو بەهایانە دەپارێزێت کە لە کاتی پرۆسەی چارەسەری دەیپاراستن. پشتگیری لەهەمان سیاسەت دەکات، بەڵام دەوڵەت و پێکهاتەی دەسەڵات لەو سیاسەتە دوورکەوتوونەتەوە.

**ڕووداو: بەڕێز ئەردۆغان بەبیانووی پشتگیری لە تیرۆر دەکەن، بەنیازە سەرۆک شارەوانییەکانی باکووری کوردستان دووربخاتەوە. ئەو بڕیارە پەیوەست بە بەڕێوەبەریە خۆجێیەکان چۆن لێکدەدرێتەوە؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** پێموایە ڕاست نییە، خزمەت بە ئاشتی وڵات ناکات. ئەو شارەوانییانە لەناو 2200 شارەوانییەکەی تورکیا، لە هەموویان زیاتر لێپرسینەوە و پشکنینیان بۆ کراوە. لەهەموویان زیاتر چاودێری خەرجی و تەندەرەکانی کراوە. سەرەڕای هەبوونی دەیان لێپرسینەوە، لە ئامەد، وان، ماردین، شرناخ، جۆلەمێرگ و سێرت شتێکی نایاسایی نەدۆزراوەتەوە. بیری لێبکەنەوە ئەو پشکێنەرەی کە بە فەرمانی دەوڵەت هاتووە، دەڵێ خەرجی نایاسایی، تەندەری نایاسایی، زێدە خەرجکردن، گەندەڵی و بەرتیل نییە، بەڵام ئەوان چی دەکەن دەخوازن بە زمانێکی سیاسی ئێمە لەبەرچاوی خەڵکی بچووک بکەنەوە. ئەگەر یەک شارەوانیمان، پارەی بۆ شوێنێکی دیکە ناردووە، یان لە تەندەرەکان ساختەکاری کردووە، پێویست بە دەوڵەت ناکات، هەدەپە خۆی سزای دەدات.

سەرەڕای ئەوە ئەگەر دەست بەسەر شارەوانییەکان دابگیرێت و لە ئەنقەرە کارمەندێک بکرێتە سەرۆکی ئەو شارەوانییە، نەک خەڵکەکە، بەڵکو ناتوانێ کارمەندێکی شارەوانیش بەڕێوەببات.

**ڕووداو: دەستبەسەرداگرتن لە تورکیا بووەتە تایبەتمەندییەکی نوێی هەڕەشەلێکردن. ئەو مەسەلەیە تاوەکو کوێ دەڕوات؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** 98 شارەوانی هەدەپە هەیە، لەو ژمارەیە 31 شارەدار واتە زیاتر لە 30%یان لە پۆستەکەیان دوورخراونەتەوە یان دەستگیرکراون. وەکو ئەوە وایە بە دەستبەسەرداگرتن هەڕەشەمان لێبکەن، بەڵام هیچیان بەهۆی گەندەڵی، بەرتیل و فرۆشتنی تەندەر لە پۆستەکەی دوورنەخراوەتەوە، بەڵکو بەهۆی فیکری سیاسییان بووە. لەبەر ئەوەی پارەیان داوەتە پەکەکە لە پۆستەکانیان دوور نەخراونەتەوە، لەبەر ئەوەی داوای خۆسەریان کردووە، لەبەر ئەوەی بە پێویستیان زانیووە مەرجی یەکێتیی ئەورووپا بۆ دەسەڵاتە خۆجێیەکان جێبەجێبکرێت لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.

**ڕووداو: لە دیموکراسیدا مەرجەکانی دەستبەسەرداگرتن دیارن، بەڵام دەسەڵات ئەمە بۆ ئامانجە تاکە کەسییەکەی بەکاردێنێ. ئایا ئەمە ڕێگا بۆ کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ناکاتەوە؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** لە کوردستان بارودۆخێکی ئاسایی لە ئارادانییە. ئێمە لە ئەسکەندەفیا ناژین. تورکیا بەگوێرەی دوو ساڵ لەمەوبەر، وڵاتێکی ئەورووپی نییە، تاوەکو دێت ستەمکار دەبێت و دەبێتە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم چوارچێوەیەدا بەداخەوە کاردانەوە و پەشێوی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. سەرۆک شارەوانی، بەڕێوەبەرێکی خۆجێییە، بۆ ئەوە بزانێ دەرد و داخوازی خەڵک چییە، پێویستە بەڕێوەبەری خۆجێی لەناو خەڵکدابێ. لە دوای دەستبەسەرداگرتن سەرۆک شارەوانییەک چۆن دەتوانێ بچێتە نێو خەڵک؟ چۆن فەرمان دەدات و چۆن خزمەت دەکات؟ ئەوانە کێشەی جدین، دوورنییە تورکیا بگەیەننە ئاستی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی، دوورنییە ببێتە هۆی جیابوونەوەی کورد، ئەوە ریسکێکی گەورەیە.

**ڕووداو: ناتوانین بڵێین ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە تورکیا سەرکەتوو بووە. پێتوایە ئۆپۆزسیۆنێکی (بێچەکی) کۆمەڵایەتی دروست ببێ؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** لەبەر ئەوەی کەموکوڕی و هەڵەی دەسەڵاتی سیاسی هەستی پێدەکرێت، لە تورکیا هەست بە بۆشایی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی دەکرێت. بەڵام بە درێژایی مێژووی کۆماردا لە تورکیا دیموکراسی نەبووە، سوپا و دەزگا ئەمنیەکان گوشاریان لەسەر دەسەڵاتی مەدەنی پەیڕەوکردووە. لەم چوارچێوەیەدا وەکو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی خۆمان نەبینیووە، ئەگەر ئەرکی سەرشانمان جێبەجێکردبایە شەڕ ئەمڕۆ درێژەی نەدەبوو. من وەکو پەرلەمانتاری پارتێکی سیاسی کە دەخوازێ ئاشتی لەو وڵاتە بەرقەرار بکات، سەرەڕای ئەوەی هەموو کەناڵە دیموکراتییەکان بە ڕوومان داخراوە، سەرەڕای ئەوەی میدیا کە تاکە ڕێگەی دانوستاندنمان بوو لەگەڵ خەڵک ئابلۆقەی داوین، دەڵێم ئەرکی خۆمان جێبەجێنەکردووە.

**ڕووداو: پێتوایە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ئەردۆغان ڕابگرێت؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** پێویستە ئۆپۆزپسیۆنێکی ژێری کۆمەڵایەتی و کاردانەوەی ژێری دەوڵەت بێتە نێو مەسەلەکە. تورکیا گەیشتووەتە سەر دوو ڕیانێک، دوو ڕێگا لەبەردەمان هەیە، یەکەمین ڕێگا، ترسناکە. ئیتر کورد، بە هەست و سۆز لە تورکیا جیادەبێتەوە، ئاستەنگکردنی ئەمە لە پێشخستنی دیموکراسی و ڕێگرتنە لە هەوڵی ئەردۆغان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ستەمکار. پێویستە لەلایەک ئۆپۆزیسیۆن کارابکرێت، لەلایەکەی دیکەش عەقڵی دەوڵەت دەستبەکاربێ. ئەگەر ئەمە نەکرێت جەختی لێدەکەمەوە لێکترازان ڕوودەدات، ئەگەر کورد لە تورکیا جیاببێتەوە، ڕۆژئاوای تورکیا زۆر خۆ لەسەر پێ ناگرێت و کابووس ڕوودەدات. ئەوە لەو مەسەلە گرنگانەیە کە هەوڵماندا ڕێگای لێبگرین.

**ڕووداو: خەریکە ڕۆژئاوا قەوارە بەدەست دێنێ. ڕەنگدانەوەی ئەمە لەسەر کوردی باکوور چییە؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** باشووری کوردستان تادێت زیاتر داوای سەربەخۆیی دەکات. ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای کانتۆن یان هەرێمی خۆسەر بەرەو بەدەستهێنانی قەوارەیەک دەڕوات. بیری لێبکەنەوە، باشووری کوردستان کە شەش ملیۆنە گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆیی دەکات، ڕۆژئاوای کوردستانیش کە دوو ملیۆن کەسە کەوتووەتە نێو پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن. کاتێک هەموو ئەمانە ڕوودەدەن، پێویستە لە باکووری کوردستان کە زۆرترین ژمارەی کوردی لێیە، دان بە ستاتۆیەکی کوردی بنرێت و مافەکانیان لە چوارچێوەی دەستوور قەبوڵ بکرێن. بەهۆی ڕۆژئاوای کوردستان پرۆسەی چارەسەری تێکدرا، چونکە کوردی باکوور خاوەنداریێتیان لە ڕۆژئاوا کرد، هەر بۆیە پێموایە ئەو کارە لە ڕۆژئاوا چارەسەر دەکرێت. چونکە تورکیا فۆرمیلەی (لەگەڵ کورد دەستکەوتم دەبێ) پشتگوێخست. ساڵح موسلیم چەندینجار هاتە تورکیا، گوتی ناچاری ڕۆژئاوا و ئەمریکامان مەکەن، دەخوازین بەیەکەوە سوودمەندبین. دەڵێن کوردی ڕۆژئاوا لە وڵاتانی جیهان چەک وەردەگرن، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات دەبوو تورکیا چەک بداتە کوردی ڕۆژئاوا. کاتێک لەشکری داعشی بەرەبەری چووە سەرێکانیێ، کۆبانێ، گرێسپی و شوێنەکانی دیکە پۆلیسی لێنەبوو. سوپای لێنەبوو تا ئەو شوێنانە بپارێزێت. باشە چیبکەن؟ چاوەڕێبکەن داعش بچێت و ئەو شوێنانە داگیربکات؟ شتێکی بەم شێوەیە نابێت. بۆیە دروستکردنی سیستەمی خۆپاراستن لەلایەن کوردی ڕۆژئاوا وەکو شیری دایک حەڵاڵە. هەستی هەماهەنگی کوردیش بەتایبەتی کوردی باکوور لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕەوایە.

**ڕووداو: ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان تێڕوانینی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد دەگۆڕێت؟**

**ئەحمەد یڵدرم:** باوەڕم بە فۆرمیلەی تورک و کوردی ڕۆژئاوا بەیەکەوە سوودمەند دەبن هەیە. بەڵام پێویستە واز لە فۆبیای کورد بێنن کە تەمەنی 100 ساڵە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێکی گەورەی بەدەست هێناوە، توانای وەچەرخانی هەیە. هەر دەوڵەتێک هەماهەنگی لەگەڵ کورد بکات سەردەکەوێت. ئەگەر تورکیا واز لە فۆبیای کوردی بێنێ، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئیعتیباری زیاتر دەبێت. هێزی سیاسی و سەربازی زیاتر دەبێت و پێگەیەکی بەهێزتری دەبێت لەبەرامبەر هێزە ڕۆژئاواییەکان.

> هەر کەسێک دادگاییمان بکات، نێوی دەچێتە نێو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو

> ئەگەرێکی زۆر هەیە داواکاری گشتی بمانداتە دادگا

> دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان تورکیا دەگەیەنێتە ئاستی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی

> ئەگەر پەرلەمانتارانی هەدەپە دەستگیر بکرێن پشێوی هەموو تورکیا دەگرێتەوە

> بە ئیرادەی خۆشم بچمە دادگا ئیفادە نادەم

> بەهۆی ڕۆژئاوای کوردستانەوە پرۆسەی چارەسەری تێکدرا

## ئەحمەد یڵدرم کێیە؟

* ساڵی 1972 لە ئامەد لە دایکبووە
* ساڵی 1994 بەشی جوگرافیای لە زانکۆی دیجلە تەواو کردووە.
* ساڵی 1998 ماستەری لە زانکۆی ئیستانبۆڵ بەدەستهێناوە.
* لە ساڵی 2006 دکتۆرای لە زانکۆی ئەنقەرە بەدەستهێناوە.
* ساڵی 2011 بووەتە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی دیجلە.
* ساڵی 2011 لەلایەن پەرلەمانی تورکیا بۆ ئەندامێتی دەستەی باڵای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (RTÜK) هەڵبژێردرا.
* نوێنەری شاری مووشە لە پەرلەمانی تورکیا.



## 75%ی زیندانیانی تاوانبارکراو بە "موحارەبە" کوردن

**رووداو – ژنێڤ**

ڕێکخراوێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دەڵێت 75%ی ئەو کەسانەی بە "تاوانی موحارەبە لەگەڵ خودا" گیراون، کوردن. تەیموور ئیلیاسی کە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران–ژنێڤ بەشداری لە کۆنگرەی جیهانیی دژ بە لەسێدارەدان لە ئۆسلۆ کرد ڕایگەیاند لە کۆی 1150 زیندانی سیاسی لە ئێران زیاتر لە 500 کەسیان کوردن. هەروەها 75%ی ئەوانەی بە تاوانی "موحارەبە" واتە دژایەتی خودا، کوردن. هەر بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەکە 95%ی ئەو لە سێدارەدانانەی بە نهێنی بەڕێوەدەچن، دانیشتووانی ناوچەکانی نەتەوە نا فارسەکانن.

ژمارە (414) دووشەممە 2016/6/27

رووداو کوردستانی

# تورکیا و ڕۆژئاوا بەناوبژیوانیی ئەمریکا دانوستاندن دەکەن

**رووداو– هەولێر**

ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان لەیەکدی نزیک بکاتەوە. بەپێی زانیارییەکانیش بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی باکووری ڕەققە، لە ئەنجەرلیک گەڕێکی دانوستاندن لەنێوان هەردوولا بەسەرپەرشتیی ئەمریکا بەڕێوەچووە. تورکیا داوای لە هێزە کوردییەکان کردووە لەگەڵ بەرەی نوسرە و ئەحراری شام دابنیشن، بەڵام ئەوان داواکەیان ڕەتکردووەتەوە.

داعش لە عێراق و سووریا گورزی گەورەی بەردەکەوێت، بەڵام هێشتا توانای هێرشی پێچەوانەی ماوە. ئەگەر لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکیشدا بێ، ناوبەناو هێرش دەکات، بەڵام لە ڕۆژئاوای کوردستان بارودۆخەکە بە پێچەوانەی بارودۆخی سووریا و عێراقە، داعش توانای خۆڕاگرتنی نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەودا و حساب لەسەر قۆناغی دوای داعش بەر لە لەنێوچوونی، لە ڕۆژئاوای کوردستان دەست پێبکات. ئەمریکا هەوڵ دەدات سەری پەتەکە بگرێت و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی توند و خاوی بکاتەوە.

سەرەڕای سووربوونی لەسەر پشتگیریکردنی یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئەمریکا ناخوازێ ئەو پەیوەندییە لەسەر حیسابی تورکیا یان لایەنەکانی دیکە بێ، بۆیە هەوڵ دەدات گرژییەکانی نێوان پەیەدە-تورکیا خاو بکاتەوە و بە یەکەوە بیانسازێنێ.

ئەو هەوڵەی ئەمریکا لە 21ی ئایاری ڕابردوو دەستی پێکردووە، دوای ئەوەی ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتیل، فەرماندەی ناوەندیی سوپای ئەمریکا سەردانی کۆبانێی کرد، پاشانیش چووە تورکیا.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی (رووداو) لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە لە کۆبانێ دەستی کەوتووە، بە پێشنیازی ئەمریکا و لەژێر ناوی دڵنیاکردنەوەی تورکیا لەوەی کە سەر بە پەیەدە نین، ئەنجوومەنی سەربازیی منبج بە هەلیکۆپتەرێکی سوپای ئەمریکا چوونەتە بنکەی ئەنجەرلیک و لەوێ چاویان بە فەرماندەی سەربازی و بەرپرسانی ئەمنیی تورکیا کەوتووە. دوای ئەو سەردانە تورکیا ڕازی بووە هێزە کوردییەکان بپەڕنەوە ڕۆژئاوای فورات و دەست بە ئۆپەراسیۆنی منبج بکرێت.



ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتیل، فەرماندەی ناوەندیی سوپای ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان

ئەو سەرچاوەیە کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "لەنێو ئەو شاندەی سەردانی ئەنجەرلیکی کردووە، هەریەک لە شەهید فەیسەڵ سەعدون (ئەبو لەیلا) و عەقید تەلال سلۆ، گوتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات هەبوون".

ڕۆژی 22ی ئەم مانگە، ڕۆژنامەی ئەلسەفیری لوبنانی بڵاوی کردەوە کە لە ئەنجەرلیک دانیشتنێکی ئەمریکا – تورکیا – هەدەسە بەڕێوەچووە، لەوێ بڕیاری گواستنەوەی ئۆجەلان بۆ ماڵێک دراوە، بەڵام سەرچاوەکەی (رووداو) لەوبارەیەوە دەڵێت: "لەو کۆبوونەوەیەدا باسی باکووری کوردستان نەکرا. مەسەلەکە تەنیا پەیوەست بوو بە ڕۆژئاوای کوردستان".

(رووداو) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەوبارەیەوە پەیوەندی بە شەرڤان منبج، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەربازیی منبجەوە کرد، بەڵام وەڵامەکەی ئەوە بوو کە دەسەڵاتی قسەکردنی لەوبارەیەوە نییە.

تورکیا دانیشتنی یەپەگە و نوسرە دەخوازێ

ئەوەی بۆ ڕۆژئاڤا گرنگە ئەوەیە کە تورکیا ئاستەنگ بۆ یەکخستنی سێ کانتۆنەکە دروست نەکات. لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی منبج گۆڕانێک لە خیتابی بەرپرسانی تورکیادا بەرامبەر ڕۆژئاوا بەدی دەکرێت.

ماوەیەکیشە چەند نووسەرێکی تورک باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا تورکیای ڕازی کردووە بە یەکخستنی کانتۆنەکان. هاوکات بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نزیک لە یەپەگە، ترافیکێکی گۆڕینەوەی پەیام لەنێوان یەپەگە و تورکیا بە ڕێگای ئەمریکا دەستی پێکردووە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "تورکیا داوای کردووە یەپەگە لەگەڵ گرووپەکانی وەکو بەرەی نوسرە و ئەحراری شام دابنیشێ. یەپەگە سەرەتا زۆر بە توندی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە، بەڵام دواتر داوای کرد کە ئەو گرووپانە دەبێت پێشوەخت دان بە مافەکانی کورددا لە ڕۆژئاوا بنێن".

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "دوای ئەوەی یەپەگە ئەم داوایەی ڕەتکردەوە، ئەمریکا پەنای بۆ بەرپرسێکی کورد لە هەرێمی کوردستان برد تاوەکو یەپەگە بەوە ڕازی بکات، بەڵام یەپەگە سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت نوسرە و لایەنەکانی وەکو ئەو، پێشوەخت هەڵوێستی خۆیان لەبارەی مافەکانی کورد لە ڕۆژئاوا ڕابگەیەنن".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە "ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بە دەستپێشخەری ئەو بەرپرسەی کورد لە شوێنێکی دەرەوەی تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە ببەسترێ".

ئەو سەرچاوەیە پێیوایە ئەمریکا لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبێت لەوەی کورد و تورکەکان بە سازشکردن ڕازی بکات "ئاماژەکان دەرکەوتوون، سەودای قۆناغی دوای داعش لە ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە. ئاستەنگێکی زۆر جدی دروست نەبێ، سازشی ڕۆژئاوا بەسەرپەرشتی ئەمریکا ڕەنگدانەوەی لەسەر باکووریش دەبێت".

### بنکەیەکی ئەمریکی لە عەفرین

سەرچاوەکەی رووداو، باس لەوە دەکات کە کوردیش پرۆژەی خۆی هەیە و دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا فراوانتر بن. بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە "یەپەگە پێشنیازی بۆ ئەمریکا کردووە، تاوەکو بنکەیەکی سەربازی لە عەفرین بکاتەوە". دەربارەی وەڵامی ئەمریکاش دەڵێت "هێزەکانی ئەمریکا بەبیانووی ئەوەی دەسەڵاتی ئەو کارەیان نییە، دەڵێن (ئەو پێشنیازە لە واشنتن تاوتوێ دەکەین)".

سەرچاوەکە بەدووری نازانێ ئەمریکا پێشنیازەکەی قبوڵ کردبێ، بەڵام تاوەکو یەکخستنی کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین ئاشکرای نەکات.

# گرێکوێرەی باکوور لە ڕۆژئاوا دەکرێتەوە

**رووداو– هەولێر**

هەندێ لە چاودێرانی سیاسی وا پێشبینی دەکەن کە وادەی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە تورکیا زۆر دوور نییە. بەگوێرەی هەندێ لەو زانیارییانە، زەمینەسازی دەکرێ بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکاران لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی داهاتوو دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە.

لەو کاتەی بەرقەرارکردنی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هیوای لەسەر هەڵدەچنرا، لە 22ی تەممووزی ڕابردوودا تابلۆیەکی تەواو پێچەوانە خۆی سەپاند. هێشتا ساڵێک بەسەر دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا تێنەپەڕیوە، بەڵام لەو ماوەیەدا زۆر شت گۆڕاون. پرۆسەی چارەسەری لە باکووری کوردستان هەڵپەسێردرا، بە دەیان کەس گیانیان سپارد و بەهەزاران کەس بێ ماڵ و حاڵ کران. پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی هەدەپە هەڵگیرا.

لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی ڕابردوو، چارەسەری سیاسی بۆ مەسەلەی کورد لەنێو پەرلەمانی تورکیا بووە ڕۆژەڤی سەرەکی، بەڵام دوای 22ی تەمموز شتێک لەناو پەرلەمانی تورکیا بەناوی ڕۆژەڤی چارەسەری کێشەی کورد نەماوە. لەنێو ئاکپارتیش وەکو ساڵانی پێشوو باس لە چارەسەری ناکرێت. هەدەپە نەک هێزی دیاریکردنی ڕۆژەڤی نەماوە، بەڵکو بە قۆناغی بەریگری لەخۆکردندا تێدەپەڕێ.

عەبدولقادر سەلڤی گۆشەنووسی ڕۆژنامەی حوریەت کە نزیکە لە حکومەت، سەرەتای ئەم مانگە زنجیرە گوتارێکی دەربارەی پلانی حکومەت لەدوای شەڕی شارەکان بڵاوکردەوە. سەلڤی ئاماژە بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ناوەندەکانی پەکەکە لە شاخەکانی باکووری کوردستان دەکات. سەرەڕای هەموو ئەمانە چاودێرانی سیاسی بەدووری نازانن لەناو ئەو تابلۆیەدا تابلۆی قۆناغێکی نوێ دروست ببێ.

پرۆفیسۆر مەسعود یەگەن لە زانکۆی ئیستانبوڵ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ پێگەی جەزیرەی تورکی باسی ئەگەری لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێ دەکات "لە لێدوانەکانیانەوە دیارە پەکەکە کۆتایی بەشەڕی شارەکان دێنێ. تا ئەو ئاستەی لە نووسینەکانی عەبدولقادر سەلڤی تێدەگەم، دەوڵەت هاوشێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لەسەر پەکەکە لەناو شارەکان کراون، دەخوازێ لە شاخەکانیش بیکات، بەو شێوەیە پەیام دەدەنە پەکەکە و پێیدەڵێن ئەو شوێنانە چۆڵ بکە. بەگوێرەی ڕووداوەکانی سووریا، ئەمریکا گەرەنتی دەداتە پەکەکە و بەو شێوەیە پەکەکە لە شاخەکان ناکەوێتە نێو شەڕی توندەوە، بەڵام ئەگەر ئەو گەرەنتیانەی دەدرێنە پەکەکە جێبەجێ نەکرێن، پەکەکە لەجێگای خۆی دەمێنێتەوە و هاوشێوەی ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو لە شارەکان هێرش دەکاتە سەر سەربازگەکان".

سەبارەت بە ئەگەری گەڕانەوەی حکومەتی تورکیا و پەکەکە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، یەگەن دەڵێت "ئەگەر ئەم هاوینە شەڕی زۆر توند لە شاخەکان ڕوونەدات، درێژ نەبێتەوە بەرەو شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، لەوانەیە لە ئەیلول و تشرینی یەکەمی داهاتوودا، بەو مەرجەی ڕووداوەکانی سووریا بگەنە سەر ڕێگای چارەسەری، زەمینەیەکی نوێ بۆ گفتوگۆکردن دروست ببێ".

حکومەتی تورکیا لە لێدوانەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاوەکو پەکەکە چەک دانەنێت، ئەوان جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. وەهاب جۆشکون مامۆستای زانکۆی دیجلە دەڵێت "دەرگای گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ دانەخراوە. پێویستە بە زمانی سیاسەتی ڕۆژانە هەڵنەخەڵەتێین. هەردوولا بۆ ئەوەی جەماوەریان کۆنترۆڵ بکەن، بە زمانێکی زۆر توند قسە دەکەن، دەزانم هەردوولا لە ئەزموونی 40 ساڵی ڕابردوودا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە: دەرفەتی ئەوە نەماوە ئەو مەسەلەیە تەنیا بە سیاسەتی ئەمنی و شەڕ چارەسەر بکەن. بۆ ئەمە بەردەوام ئەو دەرگایە بە کراوەیی بەجێدێڵن. دەوڵەت و پەکەکەش چەند مەرجێکیان هەیە. ئایا پەکەکە مەرجی (سەرەتا چەک دابنێ، دواتر قسە دەکەین) قەبوڵ دەکات؟ هەروەها لە سووریادا دەوڵەت و پەکەکە دەگەنە ئاستێکی هاوبەش؟".



پرۆفیسۆر ئەحمەد ئۆزەر، لە زانکۆی مێرسین، یەکێکە لەو کەسانەی پێیوایە لە پاییزی داهاتوودا جارێکی دیکە پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد دەستپێدەکاتەوە. ئۆزەر بە (رووداو)ی گوت "بۆ یەکەم جارە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا نێو خاکی تورکیا بۆردومان دەکەن. ئەردۆغان دەخوازێ تا پایز گورزی کەمەرشکێن لە پەکەکە بدات و بەوشێوەیەی کە خۆی دەخوازێ، ڕایبکێشێتە سەر مێزی گفتوگۆ".

### ڕۆژئاوا گرێکوێرەکە دەکاتەوە

یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی لەبارچوونی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد بەهێزبوونی پێگەی پەکەکە بوو لە ڕۆژئاوای کوردستان. زۆر کەس پێیانوایە ئەگەر دەستکەوتەکانی پەکەکە/پەیەدە لە ڕۆژئاوا نەبووایە، پرۆسەی چارەسەری لە باکووری کوردستان و تورکیا درێژەی دەبوو.

وەهاب جۆشکون، پێیوایە دەستکەوتەکانی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و بارودۆخی سووریا زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر تێکچوونی پرۆسەی چارەسەری "پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بەهۆی ڕووداوەکانی سووریاوە وای لێهات. تورکیا و پەکەکە نەیانتوانی لە ڕۆژئاوا سازش بکەن. پەکەکە لە سووریا گۆڕەپانێکی نوێی دەستکەوت. بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ئەمە بەدەستبێنێت یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکان تورکیا بوو. تورکیا گوتی ڕێگا بە دروستکردنی دەوڵەتی پەکەکە نادەم. ئەم هەڵوێستەی تورکیا لە سەرەوە تا خوارەوە هەڵەیە. پەکەکە بۆ ئەوەی بە تورکیا بڵێ باجی ئەو کارەت دەدەی، دەستی بە شەڕی شارەکان کرد".

ئەگەر دەستکەوتەکانی کورد لە ڕۆژئاوا هۆکاربن بۆ لەبارچوونی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوە بە پێچەوانەشەوە دروستکردنی ئەمری واقیعێک لە بەرژەوەندی کورد بۆی هەیە ببێتە وێستگەیەک بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە باکووری کوردستان و تورکیا.

ئەحمەد ئۆزەر لەو بارەیەوە دەڵێت "وەکو چۆن ڕۆژئاوا هۆکاری سەرەکی تێکچوونی پرۆسەی چارەسەری بوو، بەهەمانشێوە ڕۆژئاوا دەبێتە هۆکاری کردنەوەی گرێکوێرەی چارەسەری لە باکووری کوردستان. ئەو ئەمری واقیعەی لە ڕۆژئاوا دروست دەبێت، تورکیا هەرچەند خۆی بەولاو ئەولادا بدات، ناچارە قەبوڵی بکات".

بەبڕوای وەهاب جۆشکون دەرگای سازش لە باکووری کوردستان بە ڕۆژئاوای کوردستاندا تێپەڕ دەبێت "ئەگەر لە ڕۆژئاوا ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە، دەرفەتی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ دروست دەبێت. پێموایە ئەمریکا لەمبارەیەوە هەوڵ دەدات".

پرۆفیسۆر مەسعود یەگەن، پێیوایە ڕووداوەکانی نێو سووریا، ئەگەری گەڕان بەدوای کردنەوەی دەرگای چارەسەری لە تورکیا بەهێز دەکات "چونکە ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات هیچ بە دڵ و ویستی تورکیا نییە، ڕووداوەکان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تورکیا دەبەنە دەرەوەی حیسابەکانی داهاتوو. تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی ڕووداوەکان زیاتر لە بەرژەوەندی کورد نەشکێنەوە، پێویستە تورکیا لەگەڵ ڕژێمی سووریا و ئێران، لە سووریا و عێراق بەهاوبەشی کاربکەن. بۆ ئەمەش پێویستە ئەمریکا و ڕووسیا ڕازی بکات، ئەگەری ئەو سیناریۆیە سفرە. ئەگەر ئەمە نەکرێ، ئەگەرێکی زۆرە تورکیا پەیەدە/پەکەکە لە سووریا قەبوڵ بکات. بۆ ئەمەش پێویستە بەدوای ڕێگای ڕێککەوتن لەنێو تورکیادا بگەڕێ".

# "لە سنووری شنگالەوە خواردن و نەوت دەچێت بۆ داعش"

## ئاسایشی سنوونی: سێ نووسینگەی ئاڵوگۆڕی دراومان لە رەبیعە داخستووە

عوبێد رەشافەیی و کاروان عەلی
رووداو- شنگال

فەرماندەی هێزی پاراستنی ئێزیدخان لە شنگال دەڵێت، خۆراک و نەوت بەو خێزانە عەرەبانە دەدرێت کە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش لە نزیک تەلەعفەر نیشتەجێن، ئەوانیش دەیدەن بە داعش، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش ئەو قسانە بەبێ بنەما دەزانێت و دەڵێت "با بەڵگەکان ئاشکرا بکەن".

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی ئێزیدخان بە (رووداو)ی راگەیاند "ماوەی دوو سێ مانگە کەلوپەلی خۆراک و نەوت دەگاتە دەست ئەو چەند خێزانە عەرەبەی کە لە کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانیان لەلایەن پێشمەرگەوە لە سنووری حەردان لەگەڵ داعش رۆیشتوون و ئێستا لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعشدا ماون".

شەشۆ نیگەرانە لەو کارە و دەڵێت "چەندین جار لایەنە پەیوەندیدارەکانم لەو بابەتە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام کەس گوێی پێنەداوە و ئەو کارە هێشتا بەردەوامە".

بەڵام لیوا عیسا، فەرماندەی لیوای چواری پێشمەرگەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە ئەو قسانەی رەتکردەوە و گوتی "تەحەددا دەکەین یەک شت بۆ ئەو خێزانە عەرەبانە بڕوات".

سەبارەت بە چوونی چەکیش بۆ نێو داعش دەڵێت "چەکیش لەنێو شنگال بۆ میحوەری حەردان و گوندی گوڵات و گوندەکانی دەوروبەر برداروە و گەیشتووەتە دەست ئەو خێزانانە، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەو چەکانە درابن بە داعش".

رۆژی 2015/11/13 پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکرنەوەی شنگالدا، لە میحوەری حەردان چەندین گوندی نێوان شنگال و تەلەعفەری کۆنترۆڵ کرد، لەوانەش گوندەکانی گوڵات، نعێنیع و عەیاشات، بەڵام دانیشتووانەکەی خۆیان رادەستی پێشمەرگە نەکرد، بەڵکو لە نێوان قەزای شنگال و تەلەعفەر خێوەتیان هەڵدا. بەپێی راپۆرتەکانی هەندێک لە رێکخراوە مرۆییەکان، دانیشتووانی نێو ئەو خێوەتانە لە ژیانێکی زۆر خراپدا دەژین و سەرەتاییترین پێداویستی ژیانیان بەدەست ناگات.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو خێزانە عەرەبانە کە ژمارەیان 200 خێزانە و پێشتر رازی نەبوون لە سایەی پێشمەرگەدا بژین، چەندین جار داوایان لە ئاسایشی ناوچەکە کردووە رێگەیان پێبدرێ بێنە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەڵام پێیانگوتراوە رێگە پێدانیان لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە.



سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ئاسایشی قەزای شنگال لەبارەی بردنی خۆراک و نەوت بۆ ئەو خێزانانە گوتی "هەوڵ هەیە بۆ بردنی خۆراک و شتی دیکە بۆیان، بەڵام رێگری دەکرێت، هیچ دەرگایەک نییە بۆ بردنی کەلوپەل، تا ئێستا یەک کەسیش لەسەر ئەو بابەتە دەستگیر نەکراوە.

بەڵام شەشۆ دەڵێت "ئاگادارین پێشمەرگە خەڵکی لەسەر ئەو کارە گرتووە، بەڵام بە تەلەفۆنێک ئازاد دەکرێن". بەرپرسەکەی ئاسایشی شنگالیش دەڵێت "یەک کەس دەستگیر بکرێت، پێشمەرگە یەکسەر تەسلیمی ئێمەی دەکات".

سەرچاوەکەی ئاسایش نەیشاردەوە کە تاوەکو ئێستا سێ جار خۆراک و پێداویستی دیکەیان لە رێگەی رێکخراوەکانی وەکو مانگی سوورەوە بە ئاشکرا بۆ چووە، بەڵام ئاسایش گومانی بۆ دروستبووە.

پێشمەرگەیەکی گوندی گوڵاتی سەر بە میحوەری حەردان لەسەر ئەو بابەتە دەڵێت "پێش دوو مانگ، کاژێر نۆی شەو، ئامر فەوجی خۆمان ئاگاداری کردین کە چەند لۆرییەک کەلوپەل دێنن و دەیبەنە کۆتایی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دواتر بینیمان لەوبەری سەنگەری پێشمەرگە نزیکەی 10 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بچووک هاتن و کەلوپەلەکەیان برد، بەڵام هیچکام لە ئۆتۆمبێلەکان نەچوونە لای ئەو خێزانانە و هەموویان بۆ لای تەلەعفەر رۆیشتن".

### سێ نووسینگەی دراو دادەخرێن

بەپێی زانیارییەکان نرخی دۆلار لەژێر دەسەڵاتی داعش زۆر گرانە، بۆیە چەندین جارە هەوڵ دەدرێت دۆلار بۆ نێو داعش حەواڵە بکرێ، بەتایبەت لەلایەن عەرەبەکانی رەبیعەوە. سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سنوونێ بە (رووداو)ی گوت "تا ئێستا سێ نووسینگەی ئاڵوگۆڕی دراو لە رەبیعە داخراون، بەهۆی ئەوەی گومانیان لێدەکرا دۆلار بۆ نێو داعش حەواڵە بکەن".

---

# "چەکەکەت هەڵگرە و هەرچی لە بەرامبەرت هات دوژمنە"

ئەیوب نووری
رووداو- هەولێر

چەند خولەکێک پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممەی رابردوو، سوپای عێراق هێرشێکیان بۆ سەر گوندێکی بچووک و تەپۆتۆزاویی بەردەم رەشەبا بەناوی نەسر لە رۆژئاوای رووباری دیجلە دەستپێکرد. سەربازەکان لەو باوەڕەدا بوون گرتنەوەی ئەو گوندە هەنگاوێک نزیکتریان دەکاتەوە لە شاری مووسڵ. منیش لەوێ بووم تاوەکو لەنزیکەوە ئەم جەنگە دوورەی سوپای عێراق ببینم.

بۆ ماوەی دوو مانگ سەربازەکان لەسەر گردێک گیرسابوونەوە کە بەسەر گوندەکەدا دەیڕوانی. چادرەکانیان وەک خاڵی سەر لەشی مرۆڤێک قەدپاڵی گردەکەیان داپۆشیبوو. پاشماوەی خۆراک و بوتڵی خاڵیی ئاو و قەوانی فیشەک لەوناوەدا کەوتبوون. سەربازەکانیش بۆ هەڵاتن لەتیشکی گەرمی خۆر پەنایان بۆ سێبەری زرێپۆشەکانیان بردبوو. لە سوپایەکی ماندووی رۆم دەچوون.

لەسەر ئەم گردە باڵای زۆربەی سەربازەکان لێکدەچوون. وەک ئەوەی مەرجێکی سوپا بێ بۆ خۆپاراستن لە ئاگری بێوچانی قەناسەکانی دوژمن. چەندین هەفتە لێرە دانیشتبوون و بەئارامی و بێدەنگی چاودێریی نەیارە سەرسەختەکەیان دەکرد. سەربازێک گوتی "بەڕاستی ماندووین. نانی نیوەڕۆ دەخۆین هاوەنمان تێدەگردن. نانی ئێوارە دەخۆین هاوەنمان تێدەگردن. هەست دەکەم دوو مانگە نانم نەخواردووە".

کاتێک بەسەر گردەکە سەردەکەوتم، سەربازەکان بەردەوام دەیانگوت "گوندەکە ئا لەوێدایە" و پەنجەیان بۆ رادەکێشا. کاتێک لەپشت ساترەکەیانەوە بەهێواشی سەرم هەڵبڕی، تووشی شۆک بووم لەوەی گوندەکە چەند نزیک بوو. کەمتر لە 500 مەتر!!

قەناسەکان لەنێو گوندەکەوە سەربازانی پێشەوە و ئەوانەی سەر گردەکەیان هەراسان کردبوو. سەربازێک هەمووانی ئاگادار دەکردەوە کە وریای سەریان بن. سەربازێکی دیکەش دەیگوت "خەمتان نەبێ، پاش کەمێکی دیکە گوللەی پێ نامێنێ و چارەنووسی تەواو دەبێ."

یەکێکیان سەربازێکی نوێی خەڵکی شاری ناسریەی باشووری عێراق بوو. روخسارێکی بێمووی خۆربردووی هەبوو. پاش دوو مانگ راهێنانی بەپەلە ناردبوویان بۆ ئەم بەرە دوورەی جەنگ. هەندێک لە هاوڕێکانی چووبوونە ریزەکانی حەشدی شەعبی، بەڵام ئەم سوپای پێ باشتر بوو. ئەم یەکێک بوو لەو چەند هەزار سەربازەی کە حکومەتی عێراق ناردبوونی بۆ نزیک مەخموور تاوەکو لەگەڵ کورد و ئەمریکییەکان کار بکەن بۆ هەڵمەتی کۆتایی بۆ سەر مووسڵ.

بەڵام سەربازێک کە 12 ساڵ بوو لەناو سوپا بوو و نۆ ساڵی لە مووسڵ بەسەر بردبوو، هیچ گەشبین نەبوو بەم پلانە. دەیگوت "مووسڵ هەرگیز شوێنێکی ئاسان نەبووە. چەندین ساڵ پێش داعشیش ئێمە هەر بەردەوام لەژێر هێرشی قەناس و ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو و هەڵمەتی تیرۆرکردندا بووین."

گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئەم کۆمەڵە سەربازە قەناسەکانی داعش بوو. بەپێچەوانەی بەرەکانی دیکەوە کە چەکدارانی ئەم گرووپە زیاتر بە شەو یان بەرەبەیان هێرش دەکەن، لێرە هەڵمەتەکانیان بە رۆژ بوو. سەربازێک دەیگوت "لەبەرئەوەی قەناسەکانیان بە رۆژدا باشتر کار دەکەن و باش دەزانن کە ناتوانین تەنانەت سەریشمان لە خەندەقەکەوە هەڵبڕین".

پێش هێرشەکەی نیوەڕۆی ئەو رۆژە، ئەم سەربازانە دوو مانگی پڕ لە دڵەڕاوکێیان لەسەر ئەم گردەو لەژێر ئاگری دەستڕاستەکانی داعش و گوللە هاوەندا گوزەراندبوو.

بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ چەند سەربازێکی فرەئاین و فرەنەژاد، بۆ ماوەی نیو کاژێر زیاتر لەسەر سندووقێکی تەقەمەنی لەناو خەندەقێکدا دانیشتم کە بەگونیەی پڕ لەخۆڵ و پەنجەرەیەکی بچووک و رەشاشێکی ئەمریکی پارێزرابوو. چەند مەترێکیش لەولای خەندەقەوە پیکابێکی سپی بەلێژایی گردەکەوە راوەستابوو کە چوار ئەندامی گرووپی سوننەی حەشدی نیشتیمانی تێدا بوو. یەکێکیان کوڕێکی گەنجی لاواز بوو کە ریشێکی سەکسووکی تەنکی هەبوو لەگەڵ تیشێرتێکی قاوەیی خەت خەتین و پانتۆڵێکی جینس لەبەری. ئەم کوڕە لەسێبەری پیکابەکە لەسەر دۆشەکێکی شڕ دانیشتبوو، بێدەنگ وەک واشەیەک لەدەشتە پان و بەرینەکەی بەردەمی دەڕوانی. لەعەشیرەتی جبوور بوو، بەپێچەوانەی زۆر لەخەڵکی ناوچەکەی، ئەم بەیعەتی بەهێزەکانی دژی داعش دابوو.



کاتێک باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە چۆن داعش لە مووسڵ هاوڕێیەکی پۆلیسیان سەربڕیبوو، چاوم لێبوو قافڵەیەکی چوار ئۆتۆمبیلی بەرەو روومان دەهاتن. هەموو سەربازەکان ئەم قافڵەیان بینی و کەس هیچی نەگوت و هیچی نەکرد، بەڵام چەند چرکەیەک دواتر کە یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکان لە قافڵەکە جیابووەوە تاوەکو بەڕێگایەکی کورتتردا بگاتە لامان، دەستبەجێ تەواوی گردەکە بووە دەنگی تەقە. سەربازەکان باش دەیانزانی کە ئۆتۆمبیلەکە لە هێڵەکانی پشتەوە هاتووە و سەلامەتە، بەڵام لەهەمانکاتدا نەیاندەتوانی بچوکترین ریسک بکەن. هەموو هاتوهاوار و دەستڕاوەشاندنی سەربازانی نێو ئۆتۆمبیلەکە پشتگوێخران و لەچەندین لاوە گوللە بەسەریاندا باری، تاوەکو دواجار چەند ئەفسەرێک فەرمانیان کرد تەقەکردن راگرن. لەو کاتەدا سەربازێکی تەنیشتم لەبەرخۆیەوە گوتی "سەیرکە چۆن بەرەفتارێکی وا گەمژانە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە."

بەدرێژایی ئەم کاتە چەندین ئۆتۆمبیل و بارهەڵگری پڕ لە سەرباز بەردەوام دەچوونە نێو گوندەکەوە و لەناو ماڵە پەرش و بڵاوەکانیدا لەچاو ون دەبوون. سەربازەکانی دەوروبەرم بەردەوام دەیانگوت نەسر بەتەواوی کۆنترۆڵ کراوە، هەر بۆیە منیش بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتم. لەڕێگەدا نەمدەتوانی تێبینی جیاوازییەکی گەورەی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە نەکەم. سەربازە عێراقییەکان تانکی نوێی ئەبرامزی ئەمریکی و هەمڤی و هەمەرو تفەنگی M16یان پێبوو. کاتێکیش بینیم کە چۆن بەئاسانی بە کرەینێکی ئەمریکی دوو هەمڤی تێکشکاو دەگوازنەوە، ئەو رۆژەم بیر کەوتەوە کە چۆن چەند پێشمەرگەیەک گیریان خواردبوو بەدەست هەمەرێکی پەنچەرەوە لە یەکێک لە بەرەکان.

هاتوچۆی بەردەوامی قافڵە سەربازییەکانی ئەو رۆژە رێگای گوندەکەیان کردبوو بە دەریایەک لەتەپوتۆز. پارچەی تێکشکاوی ئۆتۆمبیلیش وەک دەرگا و ویل و رادیتەر و وایەر و شووشە لەهەموو لایەکی رێگاکە کەوتبوون. کاتێک بەشوێنێکدا رێمدەکرد کە تاوەکو چەند کاژێرێک لەوەوپێش سنووری قەدەغەکراوی نێوان دوو دوژمن بوو، سەربازێکی باڵابەرزی رەشتاڵەی سوننە مەزهەب کە خەڵکی شارۆچکەی رەبیعەی سەر سنووری سووریا بوو لەدوامەوە رێی دەکرد. هەر کە چووینە نێو گوندەکەوە، ئەم سەربازە دەستی بۆ کادانێکی سووتاو راکێشاو هاواری کرد "ئەو سەگانەی داعش وایان لەهەموو شوێنێک کردووە". چەند هەنگاوێک لەولاترەوە سەیری ماڵێکم دەکرد کە دیوارەکانی دەرەوەی خاپوور ببوون و کاشییە سوور و پەمەییەکانی وەک ناوسکی خوێناویی مەڕی نێو قەسابخانەیەک دەرکەوتبوون. سێ سەربازیش لەسەربانی ماڵەکە راوەستابوون.

سەربازە سوننەکە هەر بەدەورمدا دەهات و دەچوو. جێی بەخۆی نەدەگرت. هەنگاوێک بەرەو نێو گوند دەڕۆیشت و هەنگاوێک بۆ دواوە. هەستم دەکرد بیر لەشتێک دەکاتەوە یاخود ئازارێک لەناخیدایە، تاوەکو دواجار لەناکاو هاواری کرد "ئەو سەگانەی داعش براکەمیان سەربڕی."

هێشتا دەنگی تەقە لەناو گوند مابوو. چەند چرکە جارێکیش گوللە ئارپیجییەک پێش ئەوەی بگاتە ئامانج لەئاسماندا دەتەقییەوە. فەرماندەیەکی کورد لەناو گوندەکەوە هات و گوتی "هەر ئێستا قەناسەکان خەریک بوو یەکێک لە پاسەوانەکانم بکوژن." سەربازێکیش دەستی راکێشا بۆ تاقە درەختێکی قەڵەمتۆز لە ناوەڕاستی گوندەکە و گوتی "ئەگەر دەتانەوێ لاشەی داعش ببینن بڕۆن بۆ ئەوێ. ئەوانی دیکە هەموو بوون بەژێر داروپەردووی ماڵەکانەوە".

سەربازێک دەیگوت گوند لەژێر دەستی خۆماندایە، یەکێکی دیکە بەپێچەوانەوە دەیگوت ئەم شوێنە زۆر مەترسیدارەو بڕۆن.

لەماوەی چەند خولەکێکدا کۆمەڵێ سەربازی شیعە و سوننە و کورد لەنزیک کادانە سووتاوەکە خڕبوونەوە. کوردەکان بە دەوروخولی فەرماندەکەیاندا دەهاتن و دەچوون. شیعەکان لەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەیان راوەستابوون کە ئاڵایەکی رەشی پێوە بوو لەگەڵ وێنەیەکی ئیمام حوسێن کە خوێنی لێ دەتکا. سەربازە سوننەکەش خۆی هەڵدایە نێو هەمەرێک و هەندێ ئاوی خواردنەوەی برد بۆ هاوڕێکانی لەنێو گوند. پاشان تەواوی سەربازەکان بڵاوەیان لێکرد و دیار نەمان.

چەند ساتێک دوای ئەوەی گوندەکەم بەجێهێشت، بیستم کە سەربازەکان فەرماندەکەی خۆیانیان لەگەڵ دوژمن لێ گۆڕابوو، بە تۆپی تانکێک کوشتبوویان. ئەم هەواڵەش قسەی سەربازێکی سەر گردەکەی بیرهێنامەوە کە دەیگوت "پێشتر شەڕێکی ئاڵۆز بوو. هەرگیز نەماندەزانی کێ کێیە. لەنێو مزگەوت و لەسەربان و نێو ماڵەکانەوە تەقەمان لێدەکرا، بەڵام لە دوای هاتنی داعش شتەکان روونن. چەکەکەت هەڵگرە و ئەوەی لە بەرامبەرت بێت دوژمنتە".

## بازرگانانی کوردستان بەشداری زنجیرەیەک پێشانگا دەکەن

**رووداو- سلێمانی**

بازرگانانی هەرێمی کوردستان بەشداری لە زنجیرەیەک پێشانگا و کۆنفرانس لە وڵاتانی دەرەوە دەکەن. بەختیار مەلا ئەحمەد بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لە مانگی داهاتووەوە ئەندامانیان بەشداری لە زنجیرەیەک پێشانگا و کۆنفرانسی بازرگانی دەکەن و گوتی "پێشانگا و کۆنفرانسەکان لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا و ئێران ساز دەکرێن و لە ئێستاشەوە لە ئامادەکاریداین بۆ ئەوەی شاندەکانمان بەشدارییان تێدا بکەن". بەگوتەی ناوبراو، پێشبینی دەکرێت لە هەندێکیشیاندا پرۆتۆکۆڵ و گرێبەستی بازرگانی لەنێوانیان بازرگانانی کوردستان و ئەو وڵاتانەدا واژۆ بکرێت.

# داهاتی ساڵی رابردووی کشتوکاڵ تریلیۆنێک و 157 ملیار دینار بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو داهاتی ساڵی رابردووی کەرتی کشتوکاڵ ئاشکرا دەکات و دەڵێت زیاتر لە تریلیۆنێک دینار بووە و زۆربەی داهاتەش داهاتی گەنم بووە.

بەپێی بەدواداچوونێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی رابردوو جووتیارانی هەرێمی کوردستان بە بەهای دوو تریلیۆن و847 ملیار دینار وەبەرهێنانیان لە کەرتی کشتوکاڵ کردووە، ئەو داهاتەشی دەستیان کەوتووە تریلیۆنێک و 157 ملیار دینار بووە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گوت بەئامانجی دەستکەوتنی داتا لەسەر بەشداریی کەرتی کشتوکاڵ لە داهاتی نەتەوەیی، سەرجەم بەرهەمی ساڵی رابردووی جووتیارانمان بە نموونە وەرگرت و بە لێکدانی لەگەڵ تێکڕای نرخی مامناوەندی خۆماڵی، بەهای بەرهەمەکانمان دەستکەوت، دوای لێدەرکردنی تێچووی هەر بەرهەمێکیش، داهات و قازانجی ساڵی رابردووی جووتیارانمان دەستکەوت کە زیاتر لە تریلیۆنێک و157 ملیار دینار بوو".

وەزارەتی کشتوکاڵ یەکەمجارە بە وردەکارییەوە بەدواداچوون بۆ تێکڕای داهاتی ساڵانەی جووتیاران دەکات، ئەم بەدواداچوونەش دوای ئەوە دێت کە حکومەت نیازی وایە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و بەرزکردنەوەی بەشداریی ئەم کەرتە لەداهاتی نەتەوەیی، گرنگی زیاتر بەکەرتی کشتوکاڵ بدات.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "کەرتی کشتوکاڵ لەم قۆناغەدا بەرێژەی زیاتر لە 10% بەشدارە لە داهاتی نەتەوەیی، ئەمەش رێژەیەکی دڵخۆشکەرە، ئەگەر حکومەت هاوکارمان بێت، لە رێگەی ئەو پلان و پرۆژانەی هەمانە رێژەکە بۆ 30% بەرز دەکەینەوە".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ساڵی 2009 پلانێکی پێنج ساڵەی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دانا، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست بەشێکی کەمی لێ جێبەجێ کرا، ئێستا وەزارەت پلانێکی دیکەی بۆ پێنج ساڵی دیکە دارشتووە کە تاوەکو ساڵی 2019 دەخایەنێ، بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستی بە 3.3 ملیار دۆلارە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 153 هەزار جووتیار لەهەرێمی کوردستان بەکشتوکاڵەوە خەریکن، ئەگەر داهاتی ساڵی رابردوو دابەشی سەر ژمارەی جووتیاران بکەین، هەر جووتیارێک حەوت ملیۆن و 568 هەزار دیناری بەردەکەوێت ئەم بڕەش بە بەراورد بەبازاڕی هەرێمی کوردستان داهاتێکی زۆر نییە.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "کەمیی بڕشت و زۆریی رێژەی تێچووی بەرهەمهێنان گرفتی سەرەکی جووتیارانی ئێمەیە کە ناتوانن لەنرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن، بۆیە بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ رەسمی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردە داناوە".

حوسێن حەمەکەریم گوتی "ئەگەر بودجەمان بدرێتێ، دەتوانین لەرێی دابینکردنی تۆو و نەمامی باش و گەیاندنی رێنمایی و خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان، بڕشت زیاد بکەین و تێچووش کەم بکەینەوە".

بەشێکی زۆری وڵاتان بۆ زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان زیاتر پشت بەچاندنی بەروبووم لەژێر خانووی پلاستیکی گەورە دەبەستن کە پێیدەگوترێ مەڵتی سپان، بەڵام لە کوردستان جووتیاران پشت بەجۆرە خانووێکی پلاستیکی کلاسیک دەبەستن کە بەتونێل دەناسرێ.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "لەپرۆژەی قەرزی کشتوکاڵی پلانمان هەبوو تەنیا هاوکاری ئەو جووتیارانە بکەین کە ئارەزوویانە بەشێوەی مۆدێرن خانووی مەڵتی سپان دابمەزرێنن، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە پرۆژە و پلانەکەمان پەکیکەوت".

بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بەپێی راسپاردەکانی (UN) پێویستە بودجەی تەرخانکراو بۆ کشتوکاڵ لەهیچ وڵاتێک لە 10%ی بودجەی گشتی کەمتر نەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ناگاتە 4%.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "لە ماوەی رابردوودا حکومەت ستراتیژێکی روونی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ نەبووە، بۆیە جگە لەوەی ساڵانە بودجەیەکی کەمی بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵ تەرخان کردووە، پلانیشی بۆ هاندانی وەبەرهێنەران بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لە کەرتە کشتوکاڵییەکان نەبووە".

بەبڕوای پسپۆڕانی ئابووری، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت ئابووریی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی گەشەسەندوو و تەندروست و هاوسەنگ ئاراستە بکات، پێوستە دووبارە پەیکەری ئابوورییەکەی دابڕێژێتەوە و هاوسەنگی لەگرنگیدان لە کەرتەکان بەگوێرەی بەشدارییان لە داهاتی نەتەوەیی پەیڕەو بکات.

د.سەباح سابیر خۆشناو، مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "بە لەبەرچاوگرتنی سێ هۆکار پێویست بوو حکومەت زیاتر لە کەرتەکانی دیکە بودجەی بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابین بکردایە، چونکە لە رێگەی ئەم کەرتەوە دەتوانرێت ئاسایشی خۆراک دابین بکرێت، هاوردە کەم بکرێتەوە و پارە نەچێتە دەرەوە، هەروەها هەلی کار زیاد بکرێ".

د.سەباح خۆشناو گوتیشی "هەرێمی کوردستان خاوەنی بنەمایەکی زۆر بەهێزە بۆ کشتوکاڵ، ئەگەر پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی دابڕێژرێت، دەتوانێ بە رێژەی 25% بەشداری لە داهاتی نەتەوەییدا بکات".

### تێچوو و داهاتی بەروبوومی رووەکی لە ساڵی رابردوودا

| بەرهەم | بەرهەم/ تۆن | بەهای بەرهەم (بە دینار) | رێژەی تێچوون | بری داهات بە (دینار) | رێژەی داهات |
|---|---|---|---|---|---|
| گەنم | 1.042.000 | 729.400.000.000 | %49 | 371.994.000.000 | %50.91 |
| جۆ | 226.717 | 113.358.500.000 | %50 | 56.679.250.000 | %7.76 |
| نۆک | 6.281 | 9.421.500.000 | %25 | 7.066.125.000 | %0.97 |
| نیسک | 281 | 421.500.000 | %25 | 316.125.000 | %0.04 |
| گەنمە شامی | 31.000 | 7.750.000.000 | %33 | 5.192.500.000 | %0.71 |
| پەتاتە | 150.383 | 88.575.587.000 | %55 | 39.859.014.150 | %5.46 |
| تەماتە | 60.772 | 36.341.656.000 | %33 | 24.348.909.520 | %3.33 |
| پیاز | 80.443 | 57.034.087.000 | %28 | 41.064.542.640 | %5.62 |
| خەیار | 66.442 | 48.037.566.000 | %42 | 27.861.788.280 | %3.81 |
| سەوزەی دیکە | 139.191 | 143.088.348.000 | %29 | 101.529.727.080 | %13.90 |
| ترێ | 11.415 | 12.864.705.000 | %26 | 9.519.881.700 | %1.30 |
| هەنار | 24.825 | 20.875.680.000 | %30 | 14.612.976.000 | %2.00 |
| سێو | 16.806 | 13.814.523.000 | %30 | 9.670.172.400 | %1.32 |
| قەیسی | 3.437 | 4.165.644.000 | %25 | 3.124.233.000 | %0.43 |
| میوەی دیکە | 16.445 | 17.875.715.000 | %03 | 12.513.000.500 | %1.71 |
| قارچک | 1.488 | 7.440.000.000 | %30 | 5.208.000.000 | %0.71 |
| کۆی گشتی داهات بەدینار | | | | 730.623.245.270 | 100% |

### تێچوو و داهاتی بەربوومی ئاژەڵی و پەلەوەر و هەنگوین لەساڵی رابردوودا

| بەرهەم | بەرهەم/ تۆن | بەهای بەرهەم / دینار | رێژەی تێچوون | بری داهات /دینار | رێژەی داهات |
|---|---|---|---|---|---|
| پەلەوەر | 81.513 | 203.782.500.000 | %0.85 | 30.567.375.000 | %.7 |
| هێلکە | 48.611 | 122.500.000.000 | %0.45 | 67.375.000.000 | %16 |
| گۆشتی سوور | 68.000 | 816.000.000.000 | %0.75 | 204.000.000.000 | %48 |
| شیر | 252.000 | 378.000.000.000 | %0.70 | 113.400.000.000 | %26 |
| هەنگوین | 853 | 17.060.000.000 | %0.30 | 11.942.000.000 | %3 |
| کۆی گشتی داهات بە دینار | | | | 427.284.375.000 | - |

## 378 هەزار تۆن گەنم لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە

# بەغدا تەنیا 70%ی گەنمی جووتیارانی کوردستان دەکڕێتەوە



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق بەبیانووی قەیرانی دارایی، بڕیاری داوە تەنیا 70%ی گەنمی جووتیارانی کوردستان بکڕێتەوە، بەو هۆیەش 378 هەزار تۆن گەنم لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی سایلۆکان دەمێنێتەوە.

بەر لە هاتنی وەرزی دروێنە لە هەرێمی کوردستان، شاندێکی بەغدا هاتنە هەولێر و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستانیان ئاگادار کردەوە کە تەنیا 90%ی گەنمی جووتیاران دەکڕنەوە، بەڵام ناوەڕاستی ئەم مانگە بڕیارەکەیان گۆڕی و رایانگەیاند کە تەنیا 70%ی گەنمی جووتیاران دەکڕنەوە.

کۆمار وەلی فەقێ محەممەد، جووتیارێکی قەزای مەخموورە، بەرهەمی ئەمساڵی 83 تۆن گەنم بووە، بەڵام سایلۆ تەنیا 43 تۆن گەنمی لێ وەرگرتووە، ئەو دەڵێت "بنکە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بەبیانووی ئەوەی بەغدا رەخنەی لەبڕی پێشبینییەکانی ئەوان هەیە، بڕیاریان دا تەنیا 90%ی گەنمی جووتیاران بکڕنەوە، ئێستاش دەڵێن 20%ی دیکەی کەم کردووەتەوە، ئەوەش زیانی زۆر لە جووتیار دەدات و گەنمێکی زۆر لە دەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە".

دوای بڕیارەکەی بەغدا، نرخی گەنم لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان زۆر دابەزی، بەجۆرێک گەنمی پلە یەک کە نرخی کڕینەوەی یەک تۆنی لە سایلۆکان 700 هەزار دینارە، لە بازاڕ 280 هەزار دینار دەکات.

کۆمار وەلی کە نزیکەی 40 تۆن گەنمی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی سایلۆ ماوەتەوە، دەڵێت بەراورد بە نرخی سایلۆ لە هەر تۆنێک گەنمدا 420 هەزار دینار زەرەر دەکات، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات 20%ی گەنمی جووتیاران بکڕێتەوە "ئەگەر حکومەت ئەو 20%مان بە نرخی بەغدا لێ نەکڕێتەوە، جووتیارانی کوردستان تووشی زیانێکی گەورە دەبن و رەنگە ساڵی داهاتوو بەشێکیان دەستبەرداری چاندنی گەنم ببن".

پرۆسەی وەرگرتنی گەنم لە هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە کۆتایی مانگی ئایار و سەرەتای حوزەیران دەستی پێکردووە و بڕیارە هەتا کۆتایی مانگی ئاب بەردەوام بێت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، تاوەکو ناوەڕاستی ئەم مانگە، نزیکەی 300 هەزار تۆن گەنم لە سایلۆکانی کوردستان وەرگیراوە.

ئیبراهیم عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای گشتیی بازرگانیی دانەوێڵە دەڵێت "بڕیارەکەی بەغدا مەرکەزییە و پەیوەندی بە پلانی بەبازاڕکردنی گەنم لە هەموو عێراق هەیە، بۆیە جێبەجێمان کردووە".

پێشبینی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمی ئەمساڵی گەنمی جووتیاران ملیۆنێک و 260 هەزار تۆن بووە.

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت "دوای ناردنی لیستی پێشبینییەکان شاندێک بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بازرگانیی دانەوێڵەی عێراق هاتنە هەولێر و تێبینی خۆیان لەسەر پێشبینیەکان خستەروو و بڕیاریان دا 90%ی گەنمی جووتیاران لەسایلۆکان وەربگیرێت، لەسەر ئەو بنەمایە سایلۆکانی کوردستان دەستیان بەوەرگرتنی گەنم کرد تا 15ی حوزەیران نزیکەی 300 هەزار تۆن گەنم وەرگیرا، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی ئێمە، 20%ی دیکەی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانیان کەمکردەوە".

سەبارەت پلانی ئەوان بۆ کڕینەوەی ئەو بەشە گەنمەی لەدەرەوەی سایلۆکان دەمێنێتەوە. عەزیز ئیبراهیم گوتی "کڕینەوەی گەنمی جووتیاران مەرکەزییە و لەبودجەی حاکمەی عێراق پارەی بۆ تەرخانکراوە، بۆیە دەبێت ئەوان بیکڕنەوە".

حکومەتی عێراق بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، ئەمساڵ لەبودجەی حاکیمە ترلیۆنێک و 760 ملیاری دیناری تەرخانکردووە، بەشی کوردستانیش لەو پارەیە 299 ملیار و 328 ملیۆن دینارە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە بەدواداچوونی بۆ هۆکاری نەکڕینەوەی 30%ی گەنمی جووتیارانی کوردستان کردووە دەڵێت "بەرپرسانی بەغدا تێبینییان لەسەر پێشبینییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوان پێیانوایە بەپێی رووبەری چێنراو بەرهەمی جووتیارانی کوردستان لەو بڕە تێپەر ناکات کە بڕیاری کڕینەوەیان داوە، بەڵام ئەمە بڕیارێکی سیاسییە و ئامانجیان لێی لاوازکردنی پێگەی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستانە".

هێشتا 700 ملیاری دیناری پارەی دوو ساڵی رابردوو جووتیارانی کوردستان لەلایەن بەغدا ماوە، گەنمی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش بەرێژەی 100% وەرگیراوە.

نەجیبە نەجیب دەڵێ ئەوان لەهەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ناردنی پارەی گەنمی دووساڵی رابردووی جووتیارانی کوردستان، بەڵام بەغدا بەبیانووی قەیرانی دارایی ئامادە نییە تەواوی پارەکە بەکاش رەوانە بکات. نەجیبە نەجیب گوتی "حکومەتی عێراق بڕیاری داوە لە یەکی تەمووز بڕی 100 ملیاری دیناری دیکەی پارەی گەنمی جووتیاران بنێرێت و ئەوەشی کە دەمێنێتەوە بیکات بە سەنەد".

### سویسرییەکان گەنمی کوردستان دەکڕنەوە

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی میکانزمێک بۆ بە بازاڕکردنی گەنمی جووتیاران، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ کۆمپانیای کوادرای سویسری لەگفتوگۆدان کە کۆمپانیایەکی گەورەیە ساڵانە بڕی 5 ملیۆن تۆن گەنم لەبۆرسەی جیهانی دەکڕێتەوە و بە بازاڕی دەکات.

د.ئەنوەر گوتی "کۆمپانیا سویسرییەکە خواستی لەسەر کڕینەوەی گەنمی کوردستان هەیە، چونکە بۆی دەرکەوتووە کە گەنمی کوردستان کوالێتییەکی بەرزی هەیە و رێژەی پرۆتینی زۆرە".

# غازی سروشتی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل ئاسایی دەکاتەوە

رووداو- ڕۆیتەرز

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە پەراوێزی لوتکەی ئاسایشی ئەتۆمی لە واشنتن لەگەڵ یوڤال شتاینیتز، وەزیری وزەی ئیسرائیل کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە نیمچە نهێنی بووە و بەرپرسانی نووسینگەی سەرۆکایەتی تورکیا ئاماژەیان بەوە داوە کە کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی بەرنامە ئاساییەکانی سەرۆککۆمار بوون.

ساڵی 2010 هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر کەشتییەکی تورکی کە بە ژمارەیەک چالاکڤانەوە بەرەو غەزە بەڕێوەبوو. لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل تێکچوون.

کۆبوونەوەکەی نێوان سەرۆککۆماری تورکیا و وەزیری وزەی ئیسرائیل 20-30 خولەکی خایاندووە و ناوەڕۆکی دانیشتنەکە هەتا ئەمدواییەش ئاشکرا نەبوو، بەڵام بەگوێرەی ڕۆیتەرز تەوەرە سەرەکییەکان بریتی بوون لە سووریا، ئێران، تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها غازی سروشتی.

ئەگەرچی سێ تەوەرەکەی یەکەم لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و تەل ئەڤیڤدا گرنگن، بەڵام گرنگترین تەوەر بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە غازی سروشتییە. لە ئاوەکانی نێوان ئیسرائیل و قوبرسدا یەدەگێکی زەبەلاحی نەوت هەیە کە بەهاکەی خۆی لە سەدان ملیار دۆلار دەدات. بۆ سوود وەرگرتن لەم یەدەگە ئیسرائیل پێویستی بە هاوکاریی تورکیا دەبێت.

شتاینیتز کۆبوونەوەکەی واشنتنی پشتڕاست کردووەتەوە و کەشی کۆبوونەوەکەشی بە ئەرێنی وەسف کردووە، ئاماژەی بەوەشدا کە "80 بۆ 90%ی کێشەکانمان چارەسەر کردووە، ئەگەر هەندێک ویست و نەرمی لەخۆمان پیشان بدەین، دەتوانین لەسەر خاڵەکانی دیکەش ڕێکبکەوین. وابزانم زۆر نزیکین لەوەی پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە".

بەگوێرەی سەرچاوەکان، لە کاتی کۆبوونەوەی واشنتنەوە چەندین کۆبوونەوەی دیکەش لە نێوان شاندی تورکیا و ئیسرائیل لە جنێڤ و لەندەن بەڕێوەچوون. سەرەتاکانی ئەم مانگەش مەولود چاووشئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، ڕایگەیاند کە ئەنقەرە تەنیا "یەک یان دوو کۆبوونەوە"ی ماوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکاتەوە، هەر چەندە سەرۆکوەزیرانە نوێیەکەی تورکیا هیچ خشتەیەکی کاتی بۆ ئەمە دیاری نەکرد.



## یەدەگی غاز

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسی ڕووپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا، ئیسرائیل و قوبرس خاوەنی 3450 ملیار مەتر سێجا یەدەگی غازی سروشتین. ڕاپۆرتەکە کۆتاییەکانی دەیەی پێشوو ئامادەکراوە. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت بەهای ئەم یەدەگە نزیکەی 700 ملیار دۆلارە و دەتوانێت پێداویستییەکانی غازی سروشتی هەموو جیهان بۆ ماوەی یەک ساڵ دابین بکات. ئەمە تەنیا یەدەگی غازی سەلمێنراوی ئەم دوو وڵاتەیە. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسێکی وزەی فەرەنسیی یەدەگی غازی سروشتی ئەم دوو وڵاتە چوار هێندەی ئەو بڕەیە کە پێشتر مەزەندە کرابوو.

بەڵام کێشەی ئەم یەدەگە زەبەلاحە تەنیا دەرهێنانی غازەکە نییە، بەڵکو گواستنەوە و گەیاندنی بۆ بازاڕەکانی جیهان کێشە قورسەکەیە. ئوردن کە پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، دەشێت یەکێک لە کڕیارەکان بێت، بەڵام ئوردن بازاڕێکی گەورە نییە. ئیسرائیل ناتوانێت پشت بە سووریا و لوبنانیش ببەستێ، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵاتەکە دوژمنی سوێندخواردووی ئیسرائیلن.

لەم نێوانەدا تەنیا تورکیا (بە 80 ملیۆن دانیشتوو) و میسر (بە 90 ملیۆن دانیشتوو) دەمێننەوە بۆ ئەوەی وەکوو کڕیارێکی درێژماوەی غازی ئیسرائیل و قوبرس لەقەڵەم بدرێن. ئەگەرچی پلانی بەرایی هەناردەکردنی بەشێک لەو غازە بۆ میسر بوو، بەڵام قاهیرە توانیویەتی کۆمەڵێک کێڵگەی غازی سروشتی بدۆزێتەوە و عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆککۆماری میسر ڕایگەیاندووە کە وڵاتەکەی بە نیازە سوود لە سەرچاوە ناوخۆییەکان وەربگرێت.

هەر بۆیە تورکیا تاکە ئەڵتەرناتیڤە کە بکرێت وەکوو کڕیارێکی گەورەی درێژماوە لە ناوچەکەدا و هەروەها وەکوو ڕێگەی گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ ئەورووپا سەیر بکرێت. هەر بۆیە دوور نییە ئیسرائیل ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی و تورکیا وەکوو بەشێکی سەرەکی لە پلانی هەناردەکردنی غازی سروشتی سەیر بکات.

شتاینیتز سەبارەت بە بایەخی پەیوەندییە نوێیەکانی نێوان وڵاتەکەی و تورکیا ڕایگەیاند "تورکیا زۆر حەز دەکات لە سەرچاوەی جیاوازەوە غازی سروشتی بکڕێت. ئەوان نایانەوێت پشت بە تەنیا یەک یان دوو سەرچاوە ببەستن."

## زیاتر لە سەرچاوەیەک و کڕیارێک

زۆربەی غازی تورکیا لە ڕووسیاوە هاوردە دەکرێت، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ تەنگژەی گەورەی تێکەوتووە. پارساڵ تورکیا ئاستی هاوردەکردنی غازی ڕووسیای بە بڕی 27 ملیۆن مەتر سێجا کەمکردەوە.

ئابووریی تورکیا ساڵانە 50 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی دەسووتێنێت، شرۆڤەکارانیش پێشبینی دەکەن لە ماوەی حەوت بۆ هەشت ساڵی داهاتوودا ئەم بڕە بۆ دوو بەرامبەر بەرزبێتەوە. لەم حاڵەتەدا دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی نوێی وزە بۆ تورکیا گرنگە.

وەکوو شتاینیتزیش ئاماژەی بۆ کردووە، بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری و وزە دەرگایەکی نوێی لە هەوڵەکانی هەردوو لا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان کردووەتەوە، لە کاتێکدا ئیسرائیل دەیەوێت ڕێگای نوێ بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی بدۆزێتەوە و تەنیا پشت بە چەند وڵاتێکی دیاریکراو نەبەستێت یان تووشی ڕێگای دەریایی دوور و درێژی گواستنەوەی غاز نەبێ، تورکیا بە نیازە سەرچاوەی نوێ بۆ هاوردەکردنی غاز بدۆزێتەوە. بەپێی هەندێک سەرچاوەی ئاگادار، لەوانەیە تورکیا ساڵانە 5 بۆ 8 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لە کێڵگەی شام (کێڵگەکەی ئیسرائیل و قوبرس) بکڕێت.

مەودای نێوان کێڵگەکان هەتا تورکیا یان میسر وەکوو یەکە و نزیکەی 540 میلۆمەترە، تێچوونەکەشیان یەکسانە و خۆی لە سێ ملیار دۆلار دەدات. بەڵام بایەخی تورکیا لەوەدایە کە ئەم وڵاتە دەروازەی بازاڕەکانی ئەورووپایە.

## کێشەی قوبرس

ئەگەرچی تورکیا و ئیسرائیل بە گەشبینییەوە باسی ئەگەری ڕێککەوتن و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان دەکەن، بەڵام هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە کۆمەڵێک پرسی سیاسی و مێژوویی دەکرێت بەربەستی گەورە بۆ ئەم پرۆسەیە دروستبکەن.

هەستیارترین بابەت لەم پرۆسەیەدا کێشەی قوبرسە کە لە 1974ەوە بەسەر کۆماری قوبرسی باشوور و کۆماری قوبرسی باکوور (قوبرسی تورکی)دا دابەش بووە. کۆماری باشوور و تورکیا هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماتیک لە نێوانیاندا نییە.

بەشێکی زۆری غازە سروشتییەکە دەکەوێتە ناوچەکانی سەر بە کۆماری قوبرسی باشوور. شارەزایان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئەگەر قوبرس و ئیسرائیل بەنیاز بن بە هەماهەنگی لەسەر ستراتیژێکی هاوبەش بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی ڕێکبکەون، ئەوە پرسی قوبرس دەبێت چارەسەر بکرێت، چونکە بەشێک لە بۆڕییەکانی غاز دەبێت لە کۆماری قوبرسی باشوورەوە بۆ تورکیا بچن.

سەرەڕای ئەم کێشەیە، وەزیری وزەی ئیسرائیل گەشبینە بەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەنقەرە ڕێکبکەون، لە کاتێکدا حکومەتی ئیسرائیل سوورە لەسەر ئەوەی هەر چۆنێک بێت، غاز وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی و نوێ بۆ پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتەکەی بەکاربهێنێ.

# بۆمبی گەڕۆکی سەر ڕێگاکانی کوردستان



بیلال سەعید

ڕۆژانە دەیان بۆمبی گەڕۆک لەسەر شەقامەکان دەبینم کە هاووڵاتیانی کوردستان دەکەنە قوربانی، ژینگە پیس دەکەن، ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان ژەهراوی دەکەن، بەڵام نازانم سکاڵا لە کوێ تۆمار بکەم؟ نازانم کێ ئاگادار بکەمەوە؟

دڵنیام ئەگەر من یان هەر هاووڵاتییەکی کوردستان ئێستا وێنەی بۆمبێکی چێنراو لەسەر یەکێک لە شەقامەکان بڵاوبکاتەوە، هێزێکی زۆری ئەمنی خەمی لێ دەخۆن و کار بۆ پووچەڵکردنەوەی دەکەن، بەڵام ئایا تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی کە ڕۆژانە لەسەر شەقامەکانی کوردستان مەترسیی گەورە ڕووبەڕووی خەڵک دەکەنەوە، ئەگەر بۆمبە ئاشکراکانی ڕێگاوبانەکان نەبن چین؟ بۆچی کەس نییە خەمێک لە تەقینەوەی ئەم بۆمبانە بخوات؟

هەفتەی ڕابردوو بوو کە پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر هەواڵی مردنی شەش ئەندامی خێزانێکی لە ڕێگای نێوان هەولێر- کۆیە بڵاوکردەوە. بەپێی هەواڵەکە "دوای ئەوەی تانکەرێک لە ڕێگا نەوتی لێ دەڕژێت و ئۆتۆمبێلێکی دیکەی بارهەڵگر ویستوویەتی لەو نەوتە لابدات کە لەسەر جادەکە ڕژاوە، ئۆتۆمبێلێکی تایبەت لە جۆری (تۆیۆتا کرۆلا) بەرامبەری دێت و لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا هەر شەش ئەندامەکەی ئەو خێزانەی لە نێو ئۆتۆمبێلە بچووکەکەدا بوون، بوونە قوربانی".

دڵنیام ئەگەر ئەم ڕووداوە لەهەر وڵاتێکی دیکە بووایە وا بە سانایی تێنەدەپەڕی؟ ئایا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە و سەلامەتیی هاتوچۆ بۆچی بێدەنگ بوون؟ ئایا میدیا لە کوردستان ئەگەر بۆ خەڵکە بۆچی لە ئاست قوربانیدانێکی لەو شێوەیە بێدەنگە؟.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو، لە ڕاپۆرتێکدا ژمارەی تەنکەرەکانی ئاشکرا کرد کە ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستان جموجوڵیان هەیە، بەپێی داتاکان ڕۆژانە 5370 تانکەر بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەگوازنەوە، کە 3745 تانکەریان سووتەمەنی بۆ ناوخۆ دەگوازنەوە.

هەرچەند داتایەکی ورد لەبەردەست نییە، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تەنیا لەسەر ڕێگای سلێمانی- کەلار و بەتایبەت لە نزیک تونێلی دەربەندیخان زیاتر لە 40 تانکەر وەرگەڕاون و بەشێکی زۆری نەوتە ڕەشەکەش ڕژاوەتە نێو دەریاچەی دەربەندیخان، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەک کەس بەهۆی وەرگەڕانی ئەو تەنکەرانەوە بوونەتە قوربانی.

ئەو کارەساتەی کە تانکەرەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی هاووڵاتیانی دەکەنەوە دەتوانین بڵێین زۆرینەی کوردستانی گرتووەتەوە، بەتایبەت لە سنووری گەرمیان و کۆیە کە زیاتر نەوتی بە تانکەر لێ دەگوازرێتەوە، لەکاتێکدا لەڕووی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنیشەوە ئەو دوو ناوچەیە زۆر پەراوێزخراون.

هەروەها لە کۆی ئەو ڕاپۆرتانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاوی دەکاتەوە، ئاماژە بە داهاتی فرۆشتنی نەوت بە تانکەر و فرۆشتنی نەوت لەناوخۆی لەگەڵ نییە، کە ئەمەش ئەوەندەی دیکە گومانی لەسەر کۆی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی تانکەرەوە دروستکردووە.

واتە ئەگەر سەیری کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم پرۆسەیە بکەین، دەتوانین بڵێین فرۆشتنی نەوت بە تانکەر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و شەفافیەتی تێدا نییە و گومانی گەندەڵی لێدەکرێت، جگە لەوەی بووەتە هۆی پیسکردنی ژینگە و ئاو و خاکی کوردستان. بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆریشیان ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستان لە جوڵەدان و ڕێگاوبانەکانی کوردستانیش توانای ئەو ژمارەیەیان نییە، زۆربەی ڕێگاکان بەهۆی بارهەڵگرەکانەوە چاڵی گەورەیان تێکەوتووە و وێران بوون، بەرپرسیارێتی بەشێک لەو وێرانییە بەر تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی دەکەوێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئاڵۆزەی گواستنەوەی نەوت بەتانکەر لە کوردستان پێنج پێشنیاز دەخەمەڕوو:

1- تاوەکو ئێستا هیچ ڕێنمایی و یاساییەک لە کوردستان نییە، دەربارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە لەم پرۆسەیەدا تووشی زیان دەبن، بەتایبەت ئەوانەی دەبنە قوربانی، یان بریندار دەبن، یان زیان بەر ماڵ و ئۆتۆمبێلیان دەکەوێ. بۆیە پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک دروست بکەن و ڕێنمایی پێویست دەربکەن، ئەگەر پێویستیشی کرد لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەربکەن.

2- پێشنیاز دەکەم مانگانە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕاپۆرتی تایبەت بە جوڵەی تانکەرە نەوتییەکان بڵاوبکاتەوە و داتای ورد و ئاستی هەناردە و داهاتی نەوتی فرۆشراوی تانکەر بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی شەفافیەتیش زیاتر بەرجەستە بێت، گرنگە لەو پرۆسەیەدا ئاسانکاری بۆ دیوانی چاودێری دارایی بکرێت.

3- پێویستە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بێت کە گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی تانکەر کەم بکرێتەوە و کار بۆ ئەوە بکرێت ئەو تێچووەی لە گواستنەوەی نەوت خەرج دەکرێت، بۆ دروستکردنی بۆڕی خەرج بکرێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی هەریەک لە پەرلەمانتاران گۆران ئازاد و د.فرسەت سۆفی، تێچووی گواستنەوەی نەوت بە تەنکەر لە کێڵگە نەوتییەکانی شیواشۆکەوە بۆ پاڵاوگەی بازیان ساڵانە 20 ملیۆن دۆلارە، بەڵام تێچووی دروستکردنی بۆڕییەک تەنیا 60 ملیۆن دۆلارە، بۆیە بە تێچووی سێ ساڵی گواستنەوەی نەوت بە تەنکەر دەتوانرێ ئەو بۆڕییە دروست بکرێ.

4- پێویستە هەرچی زووە بیر لە ئالیەتێکی گونجاوتر بکرێتەوە بۆ هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان وەک بەڕێگای بۆڕی. لەبەرئەوەی ڕێگای تانکەر بووەتە هۆکار و سەرچاوەی سەرەکی پیسبوونی هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان بە هۆی بەباچوونی بەشێکی زۆر لەپێکهاتە نەوتییە هایدرۆکاربۆنییە سووکەکان لەکاتی گواستنەوەی، بێجگە لەوەش لەکاتی ڕووداوی تانکەرەکان بەشێکی زۆر لە پێکهاتە نەوتییەکان تێکەڵ بەهەوا و خاک دەبێت چ بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر یان بەهۆی ڕژانی، سەرباری ئەوەش تانکەری گواستنەوەکانیش بڕێکی زۆر سووتەمەنی بەکاردێنن، لەو ڕێگەیەشەوە پاشەڕۆیەکی گازی زۆری ئەو تانکەرانە تێکەڵ بە هەوا دەبێت.

5- پێویستە باجی سەر تانکەرە نەوتییەکان ڕێکبخرێتەوە بەمەبەستی زیاترکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەو کاتەدا کە کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە. بەشێک لەو باجە بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی کوردستان تەرخان بکرێ.





## رەوا جەمال کلیپێک بڵاودەکاتەوە

**پشتیوان جەمال- رووداو – سلێمانی**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ رەوا جەمال عەبدول یەکێک لە گۆرانییەکانی دوایین ئەلبوومی خۆی کلیپ دەکات و بەم نزیکانەش بڵاوی دەکاتەوە.

رەوا جەمال کە ماوەی سێ ساڵە هیچ گۆرانییەکی تۆمار نەکردووە، بڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکاتەوە و یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەشی کلیپ کردووە.

رەوا جەمال بە (رووداو)ی گوت "گۆرانی (بۆ کوێ بڕۆم) یەکێکە لە تراکەکانی ئەلبوومە نوێیەکەم. هونراوەکەی لەلایەن ئیسماعیل ساڵح دانراوە، هونەرمەند بورهان موفتیزادە ئاوازی بۆ داناوە و... لەلایەن نیما جەلالیان کاری دەرهێنانی بۆ کراوە".

## بۆ یەکەمینجار لە کوردستان

# فیلمێک لەسەر هاوڕەگەزخوازی دروستدەکرێت

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانی فیلمێک لەسەر هاوڕەگەزخوازی لە کوردستان دروست دەکات و دەڵێت ئامانجی ئەوەیە لەڕێی ئەو فیلمەوە کار بکرێ بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە هاوڕەگەزخوازان.

کورتە فیلمەکە نێوی "هاوڕەگەزخواز"ە و لە نووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی هێمن خۆفیایە. ماوەی فیلمەکەش 15 خولەک و 30 چرکەیە و شەش ئەکتەری سەرەکی (سێ کوڕ و سێ کچ) بەشدارییان تێدا کردووە.

هێمن خۆفیا، 21 ساڵ، پێشتر هەوڵی داوە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەربگیرێت، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت کەسێکی دیکە خراوەتە شوێنەکەی، بۆیە بەناچاری چووەتە ئامادەیی پیشەسازی. خۆفیا ماوەی هەشت ساڵە لە بواری هونەریدا کار دەکات، سەرەتا بە شانۆ دەستی پێکردووە و پاشان کورتە فیلم و دراما.

### بۆچی هاوڕەگەزخواز؟

خۆفیا دەڵێت لە ساڵی 2013وە بیرۆکەی دروستکردنی فیلمی (هاوڕەگەزخوازان)ی لەلا دروستبووە. دوای پەیداکردنی ئەکتەرەکان، کۆتایی ساڵی رابردوو دەستی بە وێنەگرتنی کردووە و لە مانگی شوباتی ئەمساڵ تەواو بووە.

هێمن رەتیکردەوە خۆی هاوڕەگەزخواز بێت و حەزیش ناکات هاوڕەگەزخوازی لە کوردستان ببێتە دیاردە، بەڵام دەڵێت "ئیشی من وەکو هونەرمەندێک ئەوەیە پەنجە بخەمە سەر ئەو بابەتانەی تائێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بقەن، بۆ نموونە هاوڕەگەزخوازی، دەمانەوێت لەڕێگەی بەرهەمەکەمانەوە بڵێین ئەو کەسانەش بەشێکن لە کۆمەڵگە و پێویستە ئەو کارەیان بەپێی یاسا رێکبخرێت".

### باسێکی کورتە فیلمەکە

کورتە فیلمەکە لە شاری سلێمانی وێنەی گیراوە. خۆفیا هێڵە گشتییەکانی فیلمەکەی روونکردەوە و گوتی "لە فیلمەکەدا کوڕ و کچێک دەچنە هۆتێلێک، بەڵام ژووریان پێنادەن. ئەوانیش بەناچاری دەچنە شوێنێکی دیاری سلێمانی و سێکس دەکەن، بەڵام هەر ئەو هۆتێلە رێگە بە دوو کوڕ و دوو کچی هاوڕەگەزخواز دەدات بمێننەوە و سێکسیش بکەن، چونکە نازانن هاوڕەگەزخوازن".

کاتێک دوو کوڕەکە دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، دەچنە لای مەلایەک، بەڵام مەلاکە دەریاندەکات و دەڵێت "خۆ ئێمە مەسیحی نین ئەو کارە بکەین"، پاشان دەچنە لای قەشەیەک و ئەویش بە هەمان شێوە ناتوانێ هیچیان بۆ بکات.

لە فیلمەکەدا دوو کوڕەکە بیر لە گۆڕینی ناسنامەکانیان دەکەنەوە و دەچنە دادگا، لەوێش پێیان دەڵێن بۆچیتانە؟ دەڵێن هاوڕەگەزخوازین و دەمانەوێت لای قەشە هاوسەرگیری بکەین، بۆیە هەر لەوێ بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکەن. کاتێکیش دەچنە زیندان درێژە بە خۆشەویستییەکەیان دەدەن، بەڵام کاتێک کارمەندانی زیندانەکە پێیان دەزانن، لە یەکدییان جیادەکەنەوە و هەر یەکەیان دەخەنە ژوورێکەوە. لەودیو ژوورەکانەوە یەکێکیان گوێی بە دیوارەکەوە ناوە و ئەوەی دیکەش دەست بە دیوارەکەدا دێنێ و دەڵێ دیواریش ناتوانێت رێگەمان لێ بگرێ.

### چۆن ئەکتەرەکانی دەستکەوتوون؟

خۆفیا باسی چۆنیەتی دەستکەوتنی ئەو ئەکتەرانە دەکات و دەڵێت لە فەیسبووک چوار هەزار هاوڕێی هەیە، نزیکەی حەفتایان هاوڕەگەزخوازن. لەڕێگەی فەیسبووکەوە لەگەڵ هۆژان، ئەکتەری سەرەکی یەکدییان ناسی و دوایی دانیشتن، ئەوانی دیکەشی هەر لەڕێی فەیسبووکەوە دۆزییەوە.

ئەوانەی لەو فیلمەدا بەشدارییان کردووە تەنیا یەک مەرجیان هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە فیلمەکە لە کوردستان پیشان نەدرێت. خۆفیا دەڵێت "پێشتر پێمگوتن ئەو کارە لە کوردستان نمایش ناکەم و بێگومان هەرواش دەبێت، دوای وێنەگرتن لە ئێران مۆنتاژی بۆ کراوە. لە مانگی ئاداری ئەمساڵ ناردوومانەتە دەرەوە بۆ نمایش. لە مانگی ئەیلولیشدا لە کافێیەکی تایبەت بە ئامادەبوونی چەند کەسانێکی دیاریکراو نمایشی دەکەین".

خۆفیا وەکو خۆی ئاماژەی بۆ کرد، دەیەوێت بەو بەرهەمەی، هونەری کوردی هەنگاوێک بەرەپێش ببات و گوتی "ئیتر با ماچ و سێکس بکەوێتە نێو فیلمەکانەوە، چونکە کاتێک باسی هاوڕەگەزخواز دەکەی، ئەوانیش بەشێکن لە واقیع، فیلمیش باسی واقیع دەکات، لە کارەکەشدا دەموچاویان دیارە، خۆم دەمەوێت کارەکانم راستگۆییان تێدا بێت، بۆیە ناچار بووم دەموچاویشیان دەربخەم".

خۆفیا دەڵێت فیلمەکەی تاوەکو ئێستا لە نزیکەی 80 شاری ئەورووپی و ئەمریکی نمایش کراوە، رۆژی 20ی ئەم مانگەش لە ئەڵمانیا نمایش کرا.

### 10 هەزار دۆلاری تێچووە

سەبارەت بە تێچووی بەرهەمەکە، هێمن خۆفیا دەڵێت نزیکەی 10 هەزار دۆلاری تێچووە، پارەکەشی لە گیرفانی خۆی خەرجکردووە. خۆفیا گوتی "پەیداکردنی ئەو پارەیە بەهۆی ماڵپەڕە هونەرییەکەمەوە بوو کە ریکلامم بۆ وەرگرتووە، جگە لەوەش لەگەڵ دوو کۆمپانیای نێوخۆیی و دوو کۆمپانیای ئەڵمانی گرێبەستمان کردووە بۆ ئەوەی فیلمەکە ببەنە دەرەوە، بەڵام ئەکتەرەکان پاداشتێکی رەمزییان وەرگرتووە".

### مۆڵەتی بۆ وەرنەگرت

هێمن سیناریۆی بەرهەمەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی بردووە، بەڵام داوای گۆڕینی شێوازی نووسینی سیناریۆکەیان لێکردووە. هێمن گوتی "ئەوان کێشەیان نەبوو کە لە بەرهەمەکەدا سێکس دەکرێت، بەڵکو رەخنەیان لە شێوازی نووسینی سیناریۆکە هەبوو، بەڵام من ستایلی خۆم هەیە و نامەوێت وەکو ستایلی ئەوان ئیش بکەم، بە قسەی ئەوان دەبووایە ئەو هەڵانە چاک بکەم، بەڵام من چاکم نەکرد".

ئەو فیلمە دەمێکە ئامادەیە، بەڵام میدیای کوردی باسی نەکردووە. هێمن گوتی "پێشتر چەند میدیاکارێک پەیوەندییان پێوە کردین، بەڵام ئێمە نەمانویست قسەیان بۆ بکەین، دوای بیرکردنەوە پێمان باش بوو یەکەمین شوێن قسە بۆ (رووداو) بکەین و بۆ کاتی نمایشەکەش یەکەمین کەناڵ (رووداو) بانگ دەکەین، لە دەرەوەش BBC باسی فیلمەکەی کردووە".


هۆژان کەمال، 22 ساڵ، کوڕێکی هاوڕەگەزخوازە و ئەکتەری سەرەکییە، ماوەی سێ ساڵە خەریکی نواندنە. قژی کەمێک درێژە و هەڵسوکەوتیشی زیاتر لە رەگەزی بەرامبەرەوە نزیکە. هۆژان لە هەشت ساڵییەوە هەستی بەو جیاوازییەی خۆی کردووە و لە شانزە ساڵیشەوە بەم شێوەیە دەژی.

هۆژان بە (رووداو)ی گوت: "دەمانەوێت بەم بەرهەمە رووی داخراوی کۆمەڵگە بۆ ئەوانەی وەک منن، بکەینەوە کە لەلایەن خێزان و دین و یاساوە زوڵممان لێدەکرێت. چەندان کەسی وەکو خۆم بەهۆی ئەو بارودۆخە دەروونییەی تێیدان هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، چونکە ناتوانن هاوڕێیەتی خەڵک بکەن و تانەیان لێدەدرێت".

هۆژان باسی خۆی دەکات و دەڵێت "ئێمە بە جەستە کوڕین و بە رۆحیەت ئافرەتین، چونکە کێشەی هۆرمۆناتمان هەیە و لەبونیادەوە هەر بەو شێوەیەین".

هۆژان لە ئێستاوە خەمی کاتی نمایشکردنی بەرهەمەکە و کاردانەوەی خێزان و کۆمەڵگەیەتی. ئەو گوتی "ئاساییە ئەگەر لە شوێنێکی تایبەت نمایش بکرێ، بەڵام نابێت بە مۆبایل وێنەی بگیرێت، چونکە خێزانەکەم نازانن بەشداریم کردووە و ئەگەر هەستیشیان کرد بەدڵنیاییەوە ناخۆشە و دەبێت دوای نمایشەکە لێیان دووربکەومەوە، بە کورتی بۆ کارەکە قوربانی بە ژیانی خۆم دەدەم".

ئەو گەنجە هیوادارە ئەو فیلمە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ئەو و هاوشێوەکانی قبوڵ بکات و یاسایەک بۆ پارێزگاری لە مافەکانیان دەربچێت.




## شەهریار بۆ (رووداو):

# کەریم کابان پێیگوتم توخوا گۆرانییەکانم مەشێوێنە



هونەرمەندی گۆرانیبێژ شەهریار حەسەن، تەمەنی 32 ساڵە و لە شارۆچکەی پێنجوێن لەدایک بووە و لە سلێمانی نیشتەجێیە. بەهۆی خراپیی باری ئابووریی خێزانەکەی تەنیا تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. ئێستا خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانی و چەند گۆرانییەکە کە یەکێک لە گۆرانییەکانی پێکەوە لەگەڵ هاوژینەکەی تۆماریان کردووە. شەهریار لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زۆر وردەکاری لەبارەی ژیانی دەخاتەڕوو.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: کەی دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**شەهریار:** لە ساڵانی نەوەتەکانەوە وردە وردە دەستم پێکرد، بەڵام لەساڵی 2006ەوە یەکەمین گۆرانیم بەنێوی پێش مردن بڵاوکردەوە، دواتریش چەند بەرهەمێکی دیکەم بڵاوکردنەوە.

**رووداو: زۆربەی گۆرانیبێژەکان بە لاساییکردنەوە دەستپێدەکەن، بەڵام تۆ بە پێچەوانەوە، لە سەرەتاوە بە هۆنراوە و میلۆدی خۆت دەستت پێکرد، بۆ تۆ قورس نەبوو؟**

**شەهریار:** راستە زۆربەی هونەرمەندانی گەنج و بە ئەزموونەکانیش بە لاساییکردنەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام وەکو یەکەمین بەرهەم پێم باش بوو کاری خۆم بێت و پاشان کاری هونەرمەندانی دیکە نوێ بکەمەوە، بێگومان زۆر قورس بوو، چونکە ئەگەر کارێکی فۆلکلۆری نوێ بکەیتەوە لە ئامادەکردنی کارێکی نوێ ئاسانترە، بەڵام خۆم ئەوەم پێ باشتر بوو.

**رووداو: سێ گۆرانی هونەرمەندانی کۆچکردوو کەریم کابان و عەباس کەمەندی و محەممەدی ماملێت گوتووەتەوە، بۆچی بەدیاریکراوی ئەو سێ هونەرمەندە؟**

**شەهریار:** کارەکانیان شاکارن و ئەگەر سەدان گۆرانیبێژی دیکەش نوێیان بکەنەوە دڵنیام رۆژ بەڕۆژ جوانتر دەبن، پاشانیش هەستم کرد تۆنی دەنگم لە دەنگی ئەوان زۆر نزیکە.

**رووداو: پرست بە خۆیان یان خێزانەکانیان کرد؟**

**شەهریار:** بەڵێ پرسم بە خۆیان یان خێزانەکانیان کردووە. کاتێک چوومە لای مامۆستای کۆچکردوو کەریم کابان، هەردوو دەستی گرتم و پێیگوتم هەموو گۆرانییەکانم پێشکەش بە تۆ و نوێیان بکەوە، بەڵام توخوا تێکیان مەدە. دەرفەت نەبوو سەردانی مامۆستا کەمەندی بکەم، بەڵام بە تەلەفۆن ئاگادارم کردەوە.

**رووداو: باوکیشت هونەرمەند و شاعیر بووە و دەگوترێ دۆستایەتی لەگەڵ حەسەن زیرەک هەبووە؟**

**شەهریار:** راستە. هەر کاتێک حەسەن زیرەک هاتبێتە سلێمانی هاتووەتە لای باوکم،

> باوکم لەگەڵ حەسەن زیرەک دوو کاسێتی گۆرانیی هەبووە

> لەگەڵ هاوژینەکەم گۆرانییەکمان گوتووە

کاتێکیش باوکم چووەتە ئێران لای زیرەک بووە.

**رووداو: لە چ رێگەیەوە یەکدییان ناسیوە؟**

**شەهریار:** تەنها لەڕێی گۆرانی گوتنەوە بووە.

**رووداو: باوکت هیچ بەرهەمێکی هەبووە؟**

**شەهریار:** بەڵێ زیاتر لە چوار هەزار پارچە هۆنراوەی هەبووە، بەڵام هەندێکی فەوتاون و توانیومانە دوو دیوانی بەنێوەکانی دیوانی خامۆش یەک و دوو بۆ کۆبکەینەوە، جگە لەوەش دوو کاسێتی گۆرانی هەبووە کە لەگەڵ زیرەک پێکەوە گوتوویانە، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک هۆنراوەی سیاسییان تێدا بووە، لە ترسی رژێم دایکم لە گەڕەکی سەرشەقام خستبوویە ژێر گڵەوە و ئێستاش نازانن لە چ شوێنێکدان. ئەگەر ئەو دوو کاسێتە بمایە سوودێکی زۆرم لێ دەبینین، جگە لەوەش باوکم سێ تا چوار کاسێتی شمشاڵیشی هەیە.

**رووداو: ئەو کاتانەی باوکت لە ژیاندا مابوو هانی دەدایت؟**

**شەهریار:** بەڵێ، بەڵام زۆر شەرمم لێدەکرد و ئەگەر لە ژوورێکدا گۆرانیم بگوتایە دەستخۆشی لێدەکردم و زۆرجاریش میلۆدی خۆی بۆ دەگوتم.

**رووداو: هاوژینەکەشت هونەرمەندە؟**

**شەهریار:** بەڵێ، لە کۆتایی ساڵی 2011 خێزانمان پێکەوە ناوە. هاوژینەکەم ناوی سازانە و لە بواری موزیکدا کار دەکات. حەز دەکەم لە رێگەی (رووداو)ەوە ئاشکرای بکەم کە گۆرانییەکی هاوبەشمان گوتووە بەنێوی (با ئاشت بینەوە). گۆرانییەکە لە تێکستی هێمن حەمید و میلۆدی هەرێم سەلاحە و موزیکی شوان ئەکرەمە و هەر کلیپی ماوە، یەکێکە لەو بەرهەمانەم کە دڵم زۆر پێی خۆشە.

**رووداو: واتە لەئێستاوە پێشبینی سەرکەوتنی گۆرانییەکە دەکەیت؟**

**شەهریار:** بەدڵنیاییەوە تائێستا لە هیچ ئیشێکی خۆم ئەوەندە دڵنیا نەبووم.

**رووداو: گەنجێکی کەشخە و بەرچاویت، کچان داوای پەیوەندیت لێناکەن؟**

**شەهریار:** زۆرجار گوێگرانم بە کوڕ و کچەوە پەیامم بۆ دەنێرن و هەستی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام ئەو خانمانەی نامە دەنێرن هەستیان بۆ دەنگ و هونەرەکەم دەردەبڕن، نەک وەکو لایەنی خۆشەویستی و هەندێجار خێزانەکەشم نامەکان دەبینێت.

**رووداو: واتە خێزانت پاسۆردی فەیسبووکەکەت دەزانێت؟**

**شەهریار:** بەدڵنیاییەوە زۆریش ئاساییە و زۆرجاریش نامەی کچانی بینیوە کە نووسیویانە خۆشم دەوێی، بەڵام ئەو پێی ئاسایی بووە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (414) دووشەممە 2016/6/27



## منداڵێکی پەنابەری کورد دەخنکێت

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

منداڵێکی پەنابەری کورد لە ئەڵمانیا لە مەلەوانگەیەکدا دەخنکێت. یاد بارزان ڕەوف، تەمەن 7 ساڵ خەڵکی شاری سلێمانیە و لەگەڵ خێزانەکەیدا ماوەی شەش مانگە وەک پەنابەر لە ئەڵمانیا و لە شارۆچکەی باد برامشتێت نیشتەجێ ببوو کە 40 کیلۆمەتر لە باکووری شاری هامبۆرگ دوورە.

بەرزان ڕەوف، باوکی منداڵە خنکاوەکە ڕایگەیاند، مامۆستاکانی قوتابخانەکەی کوڕەکەیان لەگەڵ منداڵە خوێندکارەکانی دیکە بردووەتە مەلەوانگە بۆ مەلەکردن، بەڵام مامۆستاکان کەمتەرخەم بوونەو کوڕەکەی مەلەی نەزانیوە و لە مەلەوانگەکەدا خنکاوە. گوتیشی پۆلیس بە هەلیکۆپتەر منداڵەکەیان گواستووەتەوە بۆ نەخۆشخانە بەڵام کارلەکار ترازابوو.

## دانیمارک و نەرویج و فینلاندیش چاوی لێدەکەن

# سوێد توندترین یاسا بۆ پەنابەر دەردەکات



بەپێی یاسا نوێیەکەی پەڕلەمانی سوێد چیدی مافی مانەوەی هەمیشەیی نادرێتە پەنابەران

### چالاکڤانێک: ئەمە توندترین یاسای تایبەت بە پەنابەرانە لە مێژووی سویددا

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم، هێلسنکی**

پەرلەمانی سوێد یاسایەکی نوێ سەبارەت بە پرسی پەنابەران دەردەکات و فینلاندیش لەسەر هەمان ڕێچکەی سویدە. ئەوە لەکاتێکدایە کە هەردوو وڵات ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرانیان دیپۆرتی ئەو وڵاتانە کرد کە پەنجەمۆریان لێ وەرگیراوە.

### بەرەو وڵاتی یەکەم

ماوەی زیاتر لە 16 مانگ بوو دۆسیەی ئەو کۆچبەرانە ڕاگیرابوو کە لە وڵاتانی دیکە پەنجەمۆریان هەبوو، بەڵام لە هەنگاوێکی تازەدا ژمارەیەکی زۆریان لێ دیپۆرتکرانەوە بۆ ئەو وڵاتەی پەنجەمۆری لێ وەرگرتوون، ژمارەیەکیشیان ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان نێردرانەوە.

زۆرینەی ئەو کۆچبەرانە ئەوانەن کە بە ڤیزای شنگن چوونەتە ئەو وڵاتانە، لە نێویاندا جیهادی و بەرپرسی باڵای حکومی و هونەرمەند و سەرنووسەری ڕۆژنامە و بازرگانی ناسراوی باشووری کوردستان هەیە.

(ف.ت) سەرنووسەری پێشووی یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کوردستان، دوای مانەوەی نزیکەی ساڵێک لە فینلاند، ناچار کرا بەرەو فەرەنسا بگەڕێتەوە و لەوێش چارەنووسی دیار نییە. ئەو ئامادە نییە هیچ لێدوانێک بدات، بەڵام بەپێی زانیاریی کەسانی نزیکی، پەنجەمۆرەکەی ئاشکرا بووە.

بەپێی ئەو ڕێسایانەی وڵاتانی ئەوروپا لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوانەی بە ڤیزای شنگن دەچنە هەر وڵاتێکی دیکە بۆ داوای مافی پەنابەرێتی، دەبێت بۆ وڵاتی یەکەم بنێردرێنەوە.

کۆتایی هەفتەی ڕابردووش حکومەتی سوێد هەشت کۆچبەری کوردی ناردەوە ئەڵمانیا. زانیار هادی کە یەکێک بوو لەو کۆچبەرانە بە (ڕووداو)ی گوت "ئاشکرابووین بە ڤیزای ئەڵمانی هاتووینەتە ئەوروپا و حیسابی کۆچبەرمان بۆ نەکرا". گوتیشی "ڤیزاکەمان لە بازاڕی ڕەش کڕیبوو، پەیمانمان پێدرابوو کە پەنجەمۆرمان نەبێت، بەڵام لەگەڵ داخڵبوونمان بە فڕۆکەخانەی میونشن، پەنجەمۆرمان وەرگیرا، زیاتر لە ساڵێک لە فینلاند ماینەوە، دواتر ئاشکرا بووین کە بە ڤیزا هاتووینەتە ئەوروپا".

زانیار و هەر پێنج هاوڕێکەی ئێستا لە ئەڵمانیا لە چاوەڕوانیدان. ئەو دەڵێت "ئەگەرێکی بەهێز هەیە دیپۆرت بکرێینەوە بۆ کوردستان".

سەهەند ناوی خوازراوی یەکێک لەو کۆچبەرانەیە کە لە کوردستان بەڕێوەبەری گشتی بووە، لە سوێد خۆی تەسلیم کردووە و پاشان ڕووی کردووەتە فینلاند، بەڵام دوای ئەوەی ئاشکرا دەبێت بە ڤیزا هاتووە، دەنێردرێتەوە بۆ سوێد و پاشان فەرەنسا.

ئەو ئێستا لە فەرەنسا نیشتەجێیە و لە ڕەوشێکی خراپدایە، چونکە هیچ خزمەتگوزارییەک نایگرێتەوە. سەهەند لە ڕێگەی بەشداریکردنی لە خولەکانی پێگەیاندن چەند جارێک سەردانی فەرەنسای کردووە، بۆیە ئاسانتر ڤیزای دەستکەوتووە.

سەهەند کە تەمەنی 48 ساڵە، دەیەوێ بە هەر ڕێگەیەک بێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەوروپا "بە هەر ڕێگەیەکی دیکە بێت دەگەڕێمەوە، بەڵام ئێستا کاتەکە گونجاو نییە، بۆیە دەچمەوە کوردستان".

بەپێی زانیارییەکانی سەهەند کە پێشتر لە دوو کەمپی گەورەی فینلاند و سوێد نیشتەجێ بووە "دەیان کەسی ناسراو و دیاری کوردستان، لە بەرپرسی حزبی و حکومی و بازرگان ڕوویان لە ئەوروپا کردووە". گوتیشی "زۆربەیان وەک من بە ڤیزا هاتوون، بۆیە دەبێت ئارەزوومەندانە وڵاتەکە جێبهێڵن، یان بەزۆر دیپۆرت دەکرێنەوە".

سەلاح مەجید، پارێزەر و شارەزای دۆسیەی پەنابەران، قسەکانی ئەو کۆچبەرەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "کەسانی زۆر ناسراوی تێدا بوو، هەندێکیان زیاتر لە 250 هەزار یۆرۆیان پێبوو، کەچی لە کەمپەکان بوون". سەلاح کە لە هێلسنکی کاری وەرگێڕانی بۆ بەشێک لەو کۆچبەرانە کردووە، گوتیشی "هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی وای تێدا بوو، پێشتر بە ئاواتەوە بووم بیانبینم".

بەپێی ڕێساکانی ئەو وڵاتانە، دەبێت کارمەندانی دامەزراوەی کۆچ بۆ مێدیاکان نەدوێن، بۆیە خۆیان لە گوتەی فەرمی دەپاراست، بەڵام کادرێکی مەیدانی ئەو دامەزراوەیەی فینلاند، بە (ڕووداو)ی گوت "یۆنان و ئیسپانیا و چەند وڵاتێکی دیکە، ئاسانکاری ڤیزای شنگنیان بۆ ئەو کەسانە کردووە کە ئێستا وەک کۆچبەر خۆیان تەسلیم کردووە، بەڵام دڵنیا بن هەموویان دەردەکرێن".

ناردنەوەی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەری خاوەن ڤیزا بۆ وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا سەرەتایەکی نوێیە لە مامەڵەی فینلاند و سوێد بۆ پرسی کۆچبەران. سەلاح مەجید دەڵێت "پێموایە ئەو هەنگاوە کۆتایی پرسی پەنابەریە لەم وڵاتانەدا".

### توندترین یاسای سویدی

هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی سوێد یاسایەکی تازەی بۆ پرسی پەنابەران دەرکرد، دوای سوێد، پەرلەمانی فینلاندیش کەوتە خۆی و بەنیازە یاسایەکی تازە دەربکات. سەلاح مەجید دەڵێت "ئامادەیی فینلاند و سەرکەوتنی سوێد لەو یاسایە، نەرویج و دانیمارکیش دێنێتە سەر خەت".

کرۆکی یاساکەی سوێد کە فینلاندیش دەمێکە گفتوگۆی لەسەر دەکات، بریتییە لە مانەوەی کاتی، سنووردارکردنی خزمەتگوزارییەکان و سەندنەوەی مافی هێنانی کەسوکار.

یاسا نوێیەکە کە ڕۆژی 21ی ئەم مانگە لە پەرلەمانی سوێد دەنگی لەسەر درا، هەموو ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە بەر لە 2015/11/25 هاتوونەتە سوێد.

بەپێی یاسا نوێیەکە، هەتا سێ ساڵ مافی مانەوە بەو کۆچبەرانە دەدرێت، بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی سنوورداری ژیان. لە حاڵەتی باشنەبوونی وڵاتی ئەو کۆچبەرە، ئەگەری ئەوە هەیە بەر لە ناردنەوەی مافی مانەوەکەی بۆ سێ ساڵی دیکە درێژ بکرێتەوە، بەڵام ئەوانەی لەدوای 25ی نۆڤەمبەری ڕابردووەوە هاتوون، هەرگیز نابنە پەنابەری هەمیشەیی و بۆیشیان نییە کەسوکاریان بهێننە سوێد.

مایا ئیندرشۆن، چالاکڤانی بواری پەنابەران لە سوێد ڕەخنەی توند لەم یاسایە دەگرێت و دەڵێت "دژی ڕێساکانی مافی پەنابەران و ڕێککەوتننامەکانی بواری پەنابەران و ڕێساکانی مافی پەنابەرێتییە لە سوێد". گوتیشی "لە مێژووی سوێد و سکەندناڤیا، یەکەمجارە یاسایەکی توندی لەو شێوەیە دژی پەنابەران دەربکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی مایا، بەهۆی ئەو یاسایەوە پەرلەمان ڕێگەی بۆ حکومەتی سوێد خۆش کردووە، بۆ ناردنەوەی 162 هەزار کۆچبەر کە ئێستا لە سوێد چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتین.

زۆربەی پەرلەمانتاران دەنگیان بە یاساکە دا تەنیا پارتی چەپ نەبێت. میکائیل ڤاڵت کە کادیری پارتی چەپە دەڵێت "لە سوێد شتێک نەماوە بەناوی مافی مرۆڤ، بەتایبەت لە بواری مافی پەنابەران کە پێشتر جێگەی شانازیمان بوو وەک سوێدییەک".

# کوردی سوێد 48 شاکاریان بۆ کوردستان کردووە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

شەڕی کورد لەگەڵ داعش و نائارامیی کوردستان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و سیاسی کوردی تاراوگەی هانداوە بۆ ئەوەی کاری ناوازە بۆ کوردستان بکەن.

یەکەمین سیمفۆنیای کوردی بۆ شنگال و پێشمەرگە، پڕفرۆشترین کتێب لەبارەی پێشمەرگە، گەورەترین گاڵای خێرخوازی بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەمووی بەرهەمی ئەو کوردانەن کە لە ئەوروپا دەژین.

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) زیاتر لە 100 کاری هونەری و خێرخوازی و ئەدەبی لەلایەن کوردی تاراوگەوە کراون کە 48یان تەنیا لەلایەن کوردی سوێدەوە بووە.

### لە شنگالەوە بۆ نێوەندەکانی جیهان

(The girl who saved my life) واتە (ئەو کچەی ژیانی منی ڕزگار کرد)، دۆکیۆمێنتارییەکی سینەمایی سوێدییە لەبارەی کوردی ئێزدی و ڕەوشی ئاوارەکانی شەڕی داعش. دۆکیۆمێنتارییەکە باس لە ژیانی کچە کوردێکی ئێزدی دەکات. فیلمەکە لە چەندین فێستیڤاڵێکی جیهانیدا نمایش کراوە، لە فێستیڤاڵی شەنگهای لە چین خەڵات کرا.

ئەم دۆکیۆمێنتارییە لەلایەن هۆگر هروری ئامادە کراوە کە زیاتر لە 10 ساڵە لە سوێد نیشتەجێیە. هۆگر دەڵێت "زۆر مەبەستم بوو کورد تەنیا لە ڕێگەی شەڕەوە نەناسرێت، پێموایە توانیومە مەسجێکی بەهێز لەو ڕووەوە بگەیەنم".

ژیان لە ئەوروپا بەتایبەتی بۆ پەنابەرێک زۆر ئەستەمە و کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی لەو شێوەیە لەخۆوە نایەت. هروری دەڵێت "بۆ من زۆر زەحمەت بوو کە 20 مانگ لە ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم بۆ ئەو کارە تەرخان بکەم، بەڵام من کۆڵ نادەم و بەردەوام دەبم".

هروری پێش ئەم کارەی، لە دۆکیۆمێنتارییەکی دیکەیدا بەناوی (شەڕێن داعش) باسی کوردی ئێزدی دەکات کە لە زیاتر لە 30 کەناڵی جیهانییەوە نمایش کرا.

ماوەکانی ڕابردوو هەردوو نووسەری سوێدی، ستین لوندباری و تاڤان ئاکۆ کتێبێکیان لەبارەی کورد و پرسی ژن لە کوردستان، لە وڵاتی سوێد بڵاوکردەوە.

ئەگەرچی بەرگی کتێبەکە وێنەی شەڕڤانێکی کوردی لەسەرە و ئازایی ژنی کورد لە بەرخودان و کارایی ئافرەتی کورد لە پرسە هەنوکەییەکان و شەڕی دژ بە گەورەترین هێزی تیرۆر نیشان دەدات، بەڵام دیوێکی دیکەی ڕاستییەکانی ژنیان لە کوردستان نیشانداوە. وەک نووسەرە سوێدییەکە دەڵێت "وێڕای ئەو ئازایەتییە، لەو باوەڕەدا نەبووم ژیانیان بەوشێوەیە بێت".



پێشبینی دەکرێت کتێبە نوێیەکەی کوردۆباکسی پڕفرۆشترین کتێب بێت

کتێبی (Att riskera allt — Feminism in Kurdistan) واتە (کاتێک هەموو شتێک دەخەیتە مەترسییەوە.. فیمینیزم لە کوردستان) بە شێوەیەکی دی کوردستانی نیشاندا کە وێڕای خراپیی ڕەوشی ژنان، بەڵام هیوایەک هەیە و "کوڕ و کچان پێکەوە کار دەکەن لە پێناوی گۆڕانکاری".

ستین لوندباری دەڵێت "لە کتێبەکەدا هەوڵمان داوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی ژن لە کوردستان نیشان بدەین".

بەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسی ئەو گەنجانەی لە تاراوگەوە دەگەڕێنەوە کوردستان بۆ ئەوەی هاوکاریی ئاوارەکان بکەن. تاڤان کە یەکێکە لە نووسەرەکانی کتێبەکە دەڵێت "ڕەوشی منداڵان لە کەمپەکان زیاتر هانیداین بۆ کارکردن".

تاڤان تەمەنی سێ ساڵ بووە کە هاتووەتە سوێد و گەڕانەوەکانی بۆ کوردستان زیاتر وابەستەی کردووە، ئەو دەڵێت "گەڕانەوەم بۆ کوردستان، بۆ وڵاتی خۆم زیاتر هانیدام بۆ کارکردن". تاڤان یەکێکە لەو گەنجە کوردانەی سوێد کە ماوەیەک وەکو خۆبەخش گەڕایەوە کوردستان.

ئێستا ئەم کتێبە یەک لە سەرچاوە زیندووە پڕفرۆشەکانە کە سەرنجی مێدیا و ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی بۆ پێشمەرگە و بۆ کوردستان و شەڕی دژی داعش ڕاکێشاوە.

### "بنەچەی کورد ئێزدییە"

لە داهاتوویەکی نزیکدا کتێبێکی دیکە لەبارەی کورد و شەڕ لەگەڵ داعش بڵاودەکرێتەوە، کۆمپانیاکان لە چاوەڕوانیی کۆنتراکتدان. بەبڕوای بازرگانێکی بواری چاپەمەنی لە سوێد، چاوەڕوان دەکرێت پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ بێت.

نووسەرێکی کورد کە بەلای زۆر لە سوێدییەکانەوە ناسراوترین نووسەری کوردە لە سوێد، دوایین کاری خۆی بۆ پرسە هەنوکەییەکانی کورد تەرخان دەکات و دەڵێت "تەمەنێکم بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە".

کوردۆ باکسی، نووسەر و سیاسەتڤانی کورد کە دووجار بۆ پەرلەمانی سوێد و جارێک بۆ پەرلەمانی ئەوروپا کاندیدا بووە، دوایین کاری بۆ پرسی داعش و پێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ئەمڕۆدا تەرخان کردووە.

باکسی بە (ڕووداو)ی گوت کە ماوەی 22 مانگە خەریکی ئەو کتێبەیە.

ئەو کە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانە و تیراژی کتێبەکانی نیو ملیۆن تێپەڕ دەکات و بە حەوت زمان کتێبەکانی بڵاوبوونەتەوە، لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی گوتی "کتێبی ئەمجارەم دوو لایەنەیە لە بابەتی پۆلیسی و ڕاستکردنەوەی هەڵەی مێژوویی بەرامبەر کورد، هەوڵم داوە ڕاستییەکی مێژوویی نیشان بدەم لەوەی بنەچەی کورد ئێزدییە".

گوتیشی "ئەم کتێبە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ ئەو دەنگانەی کە دەڵێن ئێزدییەکان کورد نین".

باکسی ئەم کارەی زۆر تایبەت دەبینێت و دەڵێت لە ڕێگەی دەیان گەورە کۆمپانیاوە داوای کۆنتراکتی لێکراوە.

ستیف یۆهانسن، کە لە کۆمپانیایەکی چاپ کار دەکات و بەڕێوەبەری کاری زۆر لە نووسەرە بەناوبانگەکان بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم جۆرە نووسینانە خزمەتێکی گەورە بە ڕاستییە مێژووییەکان و شەڕی دژ بە داعش و پێگەی کورد دەکەن، لەو باوەڕەدام لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ساڵ بێت".




Adress: Gulan Street Ankawa Cross Block No: 2163/40/44 Kurdistan

WORLD TRADE CENTER® ERBIL

sbözelgroup

KOREK

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333




DANIA CITY
better life style


info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەكانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست كراوە.
* كەرستەی بەكار هاتوو لە باڵەخانەكان و لە دروستكردنی ئەپارتمانەكان لە باشترین براندەكانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەكدا.
* كاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشكی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی كراوە و داخراو.
* ڕووبەرێكی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەكێك لە پرۆژەكانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای كەركوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder

## لە سلێمانی کچێک خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- سلێمانی**

کچە خوێندکارێک لە ماڵی خۆیاندا لە شاری سلێمانی فیشەکێک بە خۆیەوە دەنێت و گیان لەدەست دەدات، نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/6/22 لە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی (ە.ع) کە خوێندکاری پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی بووە بە دەمانچە فیشەکێکی بەخۆیەوە ناوە گیانی لەدەستداوە. گوتیشی "دوای ڕووداوەکە تیمەکانی بەڵگەی تاوان چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکردووە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕووداوەکە خۆکوشتنە، بەڵام تائێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە".

---

### ڕێکخراوی هارتلاندی ئەمەریکی:

# لە کەمپی ئاوارەکاندا لەشفرۆشی بە ئافرەتان دەکرێت



(فۆتۆ: AFP)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی ڕێکخراوی هارتلاندی ئەمەریکی رایدەگەیەنێت کە لە نێو دوو کەمپی ئاوارەکان لە شاری هەولێر، لەشفرۆشی و بازرگانی بە گورچیلەی مرۆڤ دەکرێت.

هارتلاند، ڕێکخراوێکی ئەمەریکییە و ماوەی دوانزە ساڵە لە شاری سلێمانی ئۆفیسی هەیە و کار لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکات، بەتایبەتیش ئەو گرووپ و کەسانەی لاوازن و پێویستیان بە یارمەتییە، ئەو ڕێکخراوە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2014ەوە دەستیان بە پرۆژەی "بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان" کردووە و یەکێک لە ئامانجەکانی پرۆژەکەش کارکردن بووە لەنێو کەمپەکاندا بۆ ئەوەی ئاوارەکان هۆشیار بکەنەوە.

مەیس مساعدە، بەڕێوەبەری ئەو پرۆژەیەی هارتلاند کە ڕێکخراوەکەیان سەردانی کامپەکانی بەحرکە و هەرشەمیان لە شاری هەولێر کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەنێو ئەو دوو کەمپەدا لەلایەن خێزانەکانەوە پێیان گوتراوە کە دوو تاوانیان بەرامبەر دەکرێت، یەکێکیان لەشفرۆشیی زۆرەملێیە بە کچەکانیان لە بەرامبەر بڕێک پارە و پاشان بازرگانی بە گورچیلە.

مەیس باسی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو بازرگانییەی کرد و گوتی "ئەو کەسەی بازرگانییان پێوە دەکات لە هۆتێلێکی شاری هەولێرە، خەڵکی لەنێو کەمپەکاندا بە کرێ گرتووە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لاوازن و پێویستیان بە پارەیە. کچەکان ڕادەستی ئەو بازرگانە دەکرێن، چونکە 90%ی ئافرەتەکانی کامپی هەرشەم لە مووسڵ و شنگالەوە هاتوون و تەنانەت نازانن بخوێننەوە و بنووسن".

مەیس گوتیشی: "90%ی ئەو دایکانەی لە کامپەکانی بەحرکە و هەرشەم قسەمان لەگەڵ کردوون، دەڵێن داوای لەشفرۆشییان لێکراوە و بیستووشمانە لە کەمپەکانی دیکەش هەمان بازرگانی هەیە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی هارتلاند، تەنانەت لەنێو خودی کەمپەکانیش ئەو بازرگانییە دەکرێ و دەڵێت "لە گەڕەکێکی کەمپی هەرشەم، شوێن بۆ لەشفرۆشی هەیە. خەڵک هەبووە لە دەرەوەی کەمپ بەسەر شوورەی کەمپەکەدا چووەتە ژوورەوە و سێکسی کردووە و هاتووەتە دەرەوە".

ئایا ئەو ژنانە بەخواستی خۆیان ئەو کارە دەکەن یان بەهۆی هەژارییەوەیە؟ مەیس گوتی "ڕەنگە خۆی ئەو کارەی هەڵبژاردبێت، بەڵام دەبێت لە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو کارەی بکۆڵینەوە، پێدەچێت بەهۆی خراپیی باری ئابوورییەوە بێ". مەیس گوتیشی "جگە لەو ژنانەی لەشفرۆشییان کردووە، هەندێک لە دایکەکان گوتوویانە کە هەوڵ دراوە لەشفرۆشی بە کچانی 12- 15 ساڵیش بکرێت".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی هارتلاند، ئەوان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەو کەمپانە بەڕێوە دەبەن، قسەیان کردووە و گوتی "بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەی کەمپی هەرشەم بەڕێوەدەبات، جەختیان کردووەتەوە کە لە یەکێک لە ماڵەکاندا لەشفرۆشی کراوە".

موقەدەم ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر پشتڕاستی کردەوە کە لەشفرۆشی لەنێو کەمپەکاندا کراوە و گوتی "پێشتر دوو سێ حاڵەت هەبوون گوتوویانە لە کەمپی بەحرکە لەشفرۆشی دەکرێت، بەڵام هیچ ژنێک نەهاتووە سکاڵا تۆمار بکات و بڵێت داوای ئەو کارەم لێکراوە تا بەدواداچوونی بۆ بکەین، چونکە ئەو کارە تاوانە و هەندێکیش ڕەنگە بە نهێنی بیکەن".

لەگەڵ دەستپێکردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان چوار پرۆژە یاسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ و نەهێشتنی لەشفرۆشی پێشکەشکراون و خوێندنەوەی یەکەمیشیان بۆ کراوە، بەڵام بەهۆی پەککەوتنی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی دووەم و پەسەندکردنیان ڕاگیراوە. مەیس گوتی "زۆر گرنگە لە پەرلەمانی کوردستان ئەو پرۆژە یاسایانە پەسەند بکرێن بۆ ئەوەی بازرگانەکان سزا بدرێن".

---

### دەیەوێ لە کوردستان شوو بکات

# ژنێکی بەرازیلی دەبێتە پێشمەرگە



**پشتیوان جەمال و ڕێبەر ڕەئوف**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە ماوەی شەش مانگدا وشەکانی "براکەم، کاکە، چۆنی، باشی" فێر بووە و بەنیازیش نییە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەرازیل، دەیەوێ شوو بە کوڕە کوردێک بکات و تاوەکو پێشمەرگە پێویستی بەمانەوەی ئەو بێت، لە کوردستان بمێنێتەوە.

هێلۆیسا جایرا بانتوجو، 40 ساڵ، خەڵکی بەرازیلە، تەمەنی نۆ ساڵان بووە کاتێک سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانیان لەدەستداوە. هێلۆیسا ماوەی دوو ساڵ لە وڵاتی خۆی سەربازیی کردووە، لە هیندستانیش بۆ ماوەی شەش ساڵ چارەسەری پزیشکی خوێندووە.

هێلۆیسا ئاگای لە ڕووداوەکانی جیهانە، ئەو کاتەی داعش وەک هەڕەشەیەکی گەورە لە ناوچەکەدا دەستی بە پێشڕەوی کرد و پەلاماری کوردستانی دا، دەستی بە کۆکردنەوەی زانیاری کردووە و دواتر بڕیاری داوە شەڕ لە دژی داعش بکات، بۆ ئەمەش کوردستان هەڵدەبژێرێ.

هێلۆیسا بە (ڕووداو)ی گوت "لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیم بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە بدۆزمەوە و پەیوەندییان پێوە بکەم، هەر لەو ماوەیەشدا پارەم کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی بێم بۆ ئەو شەڕە، کاتێکیش هاتمە کوردستان پێیانگوتم بڕۆمە سنووری شاری کەرکووک لە ناوچەی داقوق، چونکە لەو شوێنە پێشمەرگەی بیانی شەڕ دەکەن".

هێلۆیسا ئێستا یەکێکە لە قەناسەکانی پێشمەرگە لە سنووری قەزای داقوق، جگە لەوەش کاری برینپێچی و فریاگوزاریی سەرەتایی دەکات بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە کاتی شەڕدا بریندار دەبن.

ئەو دەڵێت "پێشمەرگەکان زۆر ڕێزم دەگرن، تا ئەو کاتەی پێمدەڵێن ئیشمان پێت نەماوە، لەگەڵیان دەمێنمەوە".

داعش بەردەوام دیمەنی ترسێنەری وەکو کوشتن و سەربڕین و سووتاندنی دیل لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نمایش دەکات، ئەو ژنە بەرازیلییە پێشتر زانیاری لەبارەی ئەو کردەوانەی داعش هەبووە و دەڵێت "بەداخەوە زۆر بەهێزن لەبەرئەوەی پاڵپشتییەکی زۆریان لەلایەن توندڕەوەکانی ئەورووپا و هەندێک وڵاتی عەرەبییەوە هەیە". لە نێوان کوردستان و بەرازیلدا کامیان هەڵدەبژێرێ بۆ ژیان؟ هێلۆیسا دەڵێت "بێگومان کوردستان هەڵدەبژێرم، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکی موحافیزکارن و دابونەریتی خۆیان پاراستووە و دڵپاک و ڕاستگۆن و پێویستە زیاتر پارێزگاری لە بەها و نەریتەکانیشیان بکەن".

هەرچەندە فەوجێکی ژنان لە سلێمانی هەن، بەڵام هێلۆیسا هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەو هێزە نییە و دەڵێت تەنیا گوێی لە ناویان بووە. بەڵام سەرسامە بە یەکینەکانی پاراستنی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان و دەڵێت "زانیاریم لەبارەیانەوە هەیە، باشترین شەڕڤانن".

#### ناویان لێناوە نیشتیمان

دوای هاتنی بۆ کوردستان، لەلایەن پێشمەرگەیەوە ناوی "نیشتیمان"ی بۆ هەڵدەبژێردرێ و ئەویش پەسەندی دەکات. هێلۆیسا دەڵێ "دەزانم نیشتمان مانای چییە، کاتێک دەچمە هەر شوێنێک دەمەوێت دوو وشە فێر ببم، ئەگەر کەسێک لە خۆم گەورەتر بێت پێی دەڵێم کاکە، ئەگەر لە خۆم بچووکتر بوو دەڵێم براکەم. جگە لەوەش وشەکانی وەکو، سوپاس، چۆنی، باشی، سڵاو فێربووم".

هێلۆیسا بڕیاری داوە هەر لەو کوردستان بمێنێتەوە و هەر لێرەش شوو بکات. ئەو بە پێکەنینەوە گوتی "لەو کاتەی هاتوومە کوردستان چەند کەسێک داوایان لێکردووم شوویان پێبکەم، بەڵام بەدڵم نەبوون. ئێستا خۆشەویستم هەیە و لە زۆر ڕووەوە بیرکردنەوەمان وەکو یەکدییە و بەنیازین خێزان پێکەوە بنێین".

هەڵبژاردەی بەڕازیل لە کوردستان هاندەری زۆرە، بەڵام هێلویسا نەک هاندەری هەڵبژاردەی نیشتیمانی وڵاتەکەی نییە، بەڵکو ڕقی لە تۆپی پێیە و حەز ناکات باسیشی بکات.

ئەو ئافرەتە بەرازیلییە، شەش مانگە لە کوردستان دەژی، ئاگادارە کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی بووەتەوە، بۆیە داوای لە حیزبەکان کرد بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ.

---

### خولی دەرچوونەکەیان بەناوی ئەوەوە کرد

# داعش نەیهێشت ئاهەنگی دەرچوون بگێڕێ



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

وەکو ڕێزگرتنێک لە یەکێ لە قوربانیانی دەستی داعش کە کچێکی کوردی ئێزدی بوو، ئامادەیی برینپێچیی قەزای شنگال، ئاهەنگی دەرچوونی ئامادەییەکەی بەناوی ئەو قوربانییە کرد.

غادە سالم، تەمەن 23 ساڵ، قوتابی ئامادەیی برینپێچی بوو لە شنگال. ڕۆژی سێی حوزەیرانی 2014 کاتێک چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و دەوروبەری، لەگەڵ 13 کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنران. تاوەکو ئێستا تەنیا پێنج کەس لەو خێزانە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە، غادە و ئەوانی دیکە هێشتا چارەنووسیان نادیارە.

سەرەتای ئەم مانگە 158 قوتابی ئامادەیی برینپێچی لە شنگال ئاهەنگی دوا ساڵی خوێندنیان گێڕا، غادە تاکە قوتابی بوو کە لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادە نەبوو، بەڵام هاوڕێکانی و ئیدارەی ئامادەییەکە ئەویان لەبیر نەکرد.

باوکی غادە دوو ژنی هێناوە و 11 منداڵی هەیە، لەکاتی هێرشی چەکدارانی داعشدا بۆ سەر گوندی کۆچۆ، لەو خێزانەدا تەنیا داود سالم، برای غادە نەکەوتە دەست داعش، چونکە لە کاتی هێرشەکەدا لە شاری سلێمانی بوو. دوای ڕووداوەکەش بە ماوەیەک، دایکی غادە و زڕ دایکی و دوو خوشکی و برایەکی، خۆیان لە دەستی داعش ڕزگارکرد.

داود سالم کە ئێستا لە کەمپێکی شاری دهۆکە، دەڵێت "ئەو کاتەی داعش هێرشی کردە سەر شنگال، من لە سلێمانی کارم دەکرد، بۆیە نەکەوتمە دەستی ئەوان".

هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی غادە توانییان خۆیان لە دەستی داعش ڕزگار بکەن. داود دەڵێت "لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوودا دایکم، زڕدایکم، دوو لە خوشکەکانم و برایەکم لە تەلەعفەر خۆیان ڕزگار کرد و گەیشتنەوە کوردستان، ئەوان گوتیان غادە و خوشکەکانی دیکەم تەنیا سێ ڕۆژ لەگەڵ ئەوان بوون و دواتر لەوان جیاکراونەتەوە".

زۆر لەو کچانەی جیاکراونەتەوە بەسەر چەکدارانی داعشدا بەشکراون و وەکو کۆیلەی سێکس بەکارهێنراون. بەڵام قسە هەیە غادە خۆی کوشتبێ. داود دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە دەڵێن غادە و سێ هاوڕێی هەر لە سەرەتاوە کە کەوتبوونە دەستی داعش خۆیان کوشتووە".

غادە قوتابی قۆناغی دووەمی ئامادەیی برینپێچی بوو لە قەزای شنگال، براکەی باسی تاکە خۆزگە و ئاواتی خوشکەکەی دەکات و دەڵێت "هەموو خۆزگەی غادە ئەوە بوو، ئامادەیی برینپێچی تەواو بکات و ئاهەنگی دەرچوون بگێڕێ، بەڵام داعش نەیهێشت ئەو ئاواتەی بێتەدی".

سەرەتای ئەم مانگە 157 قوتابی لە هاوڕێکانی غادە لە شاری دهۆک ئاهەنگی دەرچوونیان گێڕا. ئاهەنگی دەرچوونەکە بەنێوی غادە بوو، ئەو بڕوانامەیەی درایە قوتابییەکان ناوی غادەی لەسەر بوو.

داود دەڵێت "کە زانیمان ئاهەنگی دەرچوونی هاوڕێکانی غادەیە، برینی ئێمە جارێکی دیکە کولایەوە، هاوڕێکانی وەکو دەربڕینی هاوخەمی سەردانیان کردین، خودا مافی غادە لە داعش وەربگرێ".

نازم خەلیل، بەڕێوەبەری ئامادەیی برینپێچی لە شنگال، زۆر پەسنی غادەی داو گوتی "قوتابییەکی زۆر زیرەک بوو، حەزی لە خوێندن بوو، هەر بۆیە ئاهەنگی دەرچوونەکە و بڕوانامەکانمان بەناوی ئەوەوە کرد".

نازم خەلیل هەروەها گوتی "لە کۆی 158 قوتابی بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی 2014 – 2015 و- 2016 2015 تەنیا غادە بێسەروشوێنە، هەردوو خولەکەشمان پێکەوە بەناوی ئەو کرد، بۆ ئەوەی هاوڕێکانی قەت لە یادی نەکەن".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمـارە (414) دووشـەممە 2016/6/27



## لە سۆران قوتابییەک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سۆران**

قوتابییەکی دانیشـووی شـاری سـۆران بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی دێت، پۆلیسش دەڵێت نازانن خۆی کوشـتووە یان کوژراوە. نەقیب محەممەد ئەرگوشی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند شەوی 2016/6/24 لە گەڕەکێکی شارۆچکەی سۆران گەنجێکی تەمەن 16 ساڵ کە قوتابییە، لە ماڵی خۆیان فیشەکێکی دەمانچە بەر سەری کەوتووە و گیانی لەدەستداوە. گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ڕووداوەکە خۆکوشتن بێت، بەڵام تائێستا لێکۆڵینەوە لەو ڕووەوە بەردەوامە و گوتەی کەسوکاری وەرنەگیراوە تا بزانرێت هۆکارەکی ڕووداوەکە چییە".

# پوورزاکەی خۆی بۆ هاندێکی مۆبایل دەکوژێ



یوسف فاروق لەلایەن دوو هاوڕێی بە بلۆک کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیـار بـوو لەگـەڵ دوو هاوڕێکەی بچێتە بـازاڕ و جلـی جـەژن بکڕن، بەڵام یوسـف نەیدەزانی دوو هاوڕێکەی کە یەکێکیان کوڕی پووری خۆیەتی، بۆسەی مەرگیان بۆ داناوە. دوو هاوڕێکـەی بە داری پۆلیس لە یوسـف دەدەن و پاشـان بە بلـۆک دەیکوژن، بەڵام زۆری پێناچێت تاوانەکەیان ئاشکرا دەبێت و دەستگیر دەکرێن.

شـەوی یەکشـەممە 2016/6/19 مێردمنداڵێکی تەمەن 14 ساڵ بەنێوی یوسف فاروق، دانیشتووی ناحیەی بەحرکە، لەلایەن دوو هاوڕێـی خۆیـەوە لـە نێـو خانوویەکی تەواونەکـراوی کۆمەڵگەی ڤـاسـای بە دار و بلۆک کوژرا.

یوسف کە منداڵی دووەمی خێزانەکەیەتی و سـێ برا و خوشکێکی هەیە، تاوەکو پۆلی چواری بنەڕەتی خوێندووە، پاشان بۆ ئەوەی هاوکاریی باوکی بکات لە دووکانەکەیدا، وازی لە خوێندن هێناوە.

بەفریـن ئەنـوەر، دایکی یوسـف دەڵێت "یوسـفەکەم پەپوولە بـوو، زۆر منداڵ بوو، قـەت دڵمان لێی نەئێشـابوو، بەبێ پرسـی ئێمـە هیـچ کارێکـی نەدەکـرد، هـەر بۆیە هیچکات دڵم وەسوەسـەی نەدەکرد، چونکە تەنیا دوو هاوڕێـی هەبوون، ئەوانیش کوڕی خوشکەکەم و کوڕێکی دیکە بوون".

بەفریـن باسـی دەرچوونـی کوڕەکەی لە ماڵـەوە دەکات و دەڵێـت "دوای کاژێـر 9ی شەو، کوڕە پوورەکەی پەیوەندی بە یوسفەکە کرد بۆ ئەوەی بچنە ماڵی هاوڕێکەیان، وەکو ئەوەی پەلەی مەرگ و مردنی بێت، تەنانەت پارەشـی داوا نەکرد، چونکە بڕیار بوو بچن جلی جەژن بکڕن، بەڵام یوسفم بە زیندوویی نەبینییەوە".

فـاروق محەممـەد، باوکـی یوسـف بـە (ڕووداو)ی گوت "کوڕەکەم زوو زوو سەردانی پوورزاکەی دەکـرد، هاوڕێیەکی نزیکی بوو، بەنیـاز بوو بچـن جلوبەرگی جـەژن بکڕن، لەگەڵ پوورزاکەی دەچن بۆ ماڵی هاوڕێکەیان لـە کۆمەڵـگای ڤاسـای. لـەوێ یوسـف لە هەیکەلێکی تەواونەکراودا بە بلۆک دەکوژن".

درەنگانی شەو بەفرین تەلەفۆن بۆ یوسف دەکات، بـەڵام مۆبایلەکـەی داخـراوە، بۆیە دڵی دادەخورپێ. هاوژینەکەشـی پێیدەڵێت لێیگەڕێ لەگەڵ هاوڕێکانیەتی، ڕەنگە شـەو لە ماڵی خوشـکت بمێنێتەوە، هەر بۆیە ئەو شەوە هیچ هەواڵێکی کوڕەکەیان ناپرسن.

بـۆ ڕۆژی دواتـر کاتێـک یوسـف هیـچ دەنگـی نییە و مۆبایلەکەشـی هەر داخراوە، تـرس و دڵەخورپـەی بەفرینـی دایکی زیاد دەکات، بۆیـە پێش نیوەڕۆکـەی پەیوەندی بە هاوڕێکانییەوە دەکات، بەڵام ئەوان دەڵێن نازانین لەکوێیە، چونکە شەو گەڕاوەتەوە.

فاروق لەگەڵ سـەمیر کە مامی یوسـفە، پۆلیـس لـە دیارنەمانـی یوسـف ئـاگادار دەکەنـەوە، پۆلیسـیش داوایـان لێـدەکات دەوروبـەری ماڵـی خۆیـان و هاوڕێکـەی بگەڕێن. لە کاتی گەڕانیشـدا هەر هەمان ڕۆژ تەرمی یوسـف لەناو هەیکەلـی خانوویەکی تەواونەکـراودا دۆزرایـەوە کـە بـە دارێکـی پۆلیسی ئەشکەنجەیان دابوو، دواتر بە بلۆک کوژرابوو.

### مامی یوسف: بۆ پارە کوشتوویانە

سـەمیر محەممەد، مامی یوسـف دەڵێت "ئەو شـەوە کـە برازاکەم چووەتـە دەرەوە، تەنهـا پێنج هەزار دینـار لە گیرفانیدا بووە، بـەڵام دوو هانـدی مۆبایلـی لـە جۆرەکانی گالاکسـی و ئایفـۆن پێبـووە. ئـەوان بـۆ مۆبایلەکانـی کوشـتیان کە بەهـای هەردوو مۆبایلەکە کەمتر لە 800 دۆلار بووە".

نەقیـب هۆگر عزیز، گوتەبێژی پۆلیسـی هەولێـر بـە (ڕووداو)ی گـوت "دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و ئاسایش، توانیمان 4 گومانلێکراو دەسـتگیر بکەین، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەشـدا یەکێک لە گومانلێکراوەکان بەنـاوی (ع) کـە کـوڕی پـووری یوسـفە، دانـی بە تاوانەکەدا نا. پاشـان بە هاوکاریی ئاسایشـی هەولێر تۆمەتباری دووەمیشـمان دەستگیر کرد".

لەبـاری هـۆکاری کوشـتنەکەش، نەقیب هۆگـر عەزیـز گوتـی "بەپێـی دانپێدانانـی خـۆی، (ع) قـەرزدار بووە، یوسـفیش دوو مۆبایلی پێبووە، بۆیە بە بلۆک کوشـتوویانە و مۆبایلەکانیـان بـردووە، تاوەکو لەڕێگەی فرۆشتنی مۆبایلەکانەوە قەرزەکانی بداتەوە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## گاڵتەیەک بوو بە ڕاستی

ئافرەتێـک سـەردانی کردیـن و گوتـی "هاوژینەکـەم ماوەیـەک بـوو دەیگـوت ژن دەهێنم، منیش نەمدەزانی بەڕاسـتییەتی، هەر بۆ شـۆخی پێمدەگـوت بێمنەت بە و بیهێنە. هاوژینەکـەم بەردەوام بە بۆنـە و بـێ بۆنـە ئەو قسـەیەی دووبـارە دەکردەوە، بـە تایبەتی ئـەو کاتانـەی میوانمـان دەهات. تـا ڕۆژێکیـان زانیم ژنـی هێناوە. پێمگـوت سـکاڵا لەسـەر تۆمار دەکەم. گوتی بێمنەتم و ژنەکەم بە فەرمی لـە دادگای کەرکووک مارە کـردووە. کاتێک سـەردانی دادگام کرد بۆ ئەوەی بزانم ئەم گرێبەستە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی من کراوە. گرێبەستەکەیان بۆ هێنام و سەیرم کـرد دوو پیـاوی وەکـو شـایەت بردووە کە هەردووکیانم دەناسین. لـە دادگا گوتبوویـان گوایـە مـن رازیـم پیاوەکەم ژنی دووەم بێنێ. کاتێـک سـەردانی شـایەتەکانم کـرد، پێمگوتن چۆن سـوێندتان خواردووە کە من ڕازیمە پیاوەکەم ژن بهێنـێ؟ لـە وەڵامـدا گوتیان ئێمـە چەندین جـار گوێمان لە تۆ بـووە کە ڕازی بووی، لەسـەر ئەو بنەمایە شایەدیمان داوە".

داواکاریـی ئـەو ژنە ئـەوە بوو کـە دەیـەوێ لـە هاوژینەکـەی جیاببێتـەوە، چونکـە ژنـی بەسـەرهێناوە. بـۆی ڕوونکرایەوە کـە لـە یاسـای بـاری کەسـیی کۆندا، ئەوەی ئێستا لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان کاری پێدەکرێ، دادگاکان شـایەد وەردەگـرن لـە بـری ئامادەبوونی ژنەکـە، ئەگـەر شـایەد هەبێـت. لـە کێشـەکەی تۆشـدا شـایەت هەبـووە، بۆیـە گرێبەسـتەکە بە فەرمـی جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام لـە هەمانکاتدا دەتوانی سـکاڵاش تۆمـار بکـەی. ئافرەتەکـە گوتی سکاڵام تۆمار کردووە، بەڵام دادگا دایخسـتووە، چونکە گرێبەستەکە لـە دەرەوەی دادگاکانـی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە.

ئەگـەر سـەیری هەمـواری یاسـای باری کەسـی لـە هەرێمی کوردسـتان بکرێت، یاسای ژمارە (15)ی سـاڵی 2008 لە ماددەی (3) بڕگـەی (دووەم) کە باسـی هاوسـەرگیری دەکات، یـەک لـە مەرجەکانـی هێنانی ژنـی دووەم ئەوەیـە کـە دەبێـت ئافرەتەکـە لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی لەسەر ژنهێنانـی دووەمـی مێردەکـەی دەرببڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئافرەتەکە بە تەنیـا مافی ئەوەی هەیە لـە دوای هێنانی ژنی دووەم جیاببێتەوە و هەموو مافەکانیشی لە هاوژینەکەی وەربگرێت.

هەروەهـا لـە ماددەی (40) بڕگەی (5)ی هەمان یاسادا باسی لێکجیاکردنەوەی دادگایی لە نێوان ژن و مێرد دەکات و دەڵێت "ئەگەر پیـاو ژنێکـی دیکەی هێنـا، ژنی یەکەمی مافی داوای جیابوونەوەی دەبـێ، ئـەو داوایەش لـە دادگای باری کەسی تۆمار دەکرێت".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# باوکی خۆی لە خەودا دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێـک لـە کاتـی خـەودا و بـە کلاشـینکۆف باوکـی دەکـوژێ و لـە لێکۆڵینەوەی سـەرەتایی پۆلیسیشدا دانی بـە تاوانەکەدا ناوە. تۆمەتبارەکە گوتبووی "کێشـەم لەگـەڵ باوکمـدا هەبـووە، بۆیە کوشتم".

کاژێر یەکی دوای نیوەڕۆی 2016/6/21 لە گەڕەکی مهابادی شاری هەولێر، حوسێن جەلال کە کاسـبکارێکی 51 ساڵە لەلایەن (ئا) تەمەن 23 ساڵ کە کوڕی خۆیەتی، لە ماڵەکەی خۆیدا و لە خەودا کوژرا.

نەقیـب هۆگـر عەزیـز، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پارێزگای هەولێر بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "بکـوژ لـە کاتی خەوتنـدا فیشـەکێکی بە باوکییـەوە ناوە و کوشـتوویەتی، لە ئیفادەی پۆلیسیشـدا گوتوویەتـی لـەو ڕۆژەوەی لـە دایکبـووم کێشـەم لەگەڵ باوکمـدا هەیە، بۆیە بڕیارم دا بیکوژم".

حوسـێن لـە بـازاڕ دووکانـی هەبووە، کوڕەکەشـی لەگەڵ خۆی لـە دووکانەکەدا کاری کـردووە. دراوسـێیەکی حوسـێن بـە (ڕووداو)ی گـوت "حوسـێن پیاوێکی بـاش بوو، بـەڵام دەگوترا زۆرجـار لەگەڵ خێزانەکـەی توند بـووە، بۆیـە پێدەچێت ڕووداوەکـە هـەر لەسـەر ئـەو کێشـانە بوو بێت". دراوسێیەکی دیکەشیان هەر ئەو قسـەیەی کرد و گوتـی "منیش هەر ئەوەم بیسـتووە کە دەڵێن کەسێکی توند بووە".

لەبـارەی کوڕەکەشـی گوتـی "وەکو لەنێو خەڵکدا باس دەکرێت کوڕەکەش هەندێجار لاسار بووە و بە قسەی باوکی نەکردووە".

هێمـن جـەلال، بـرای کوژراوەکـە بـە (ڕووداو)ی گوت، ڕۆژی ڕووداوەکە حوسێن و کوڕەکەی دەمەقاڵە لەنێوانیاندا دروست بـووە و بۆ مـاوەی نزیکەی نیـو کاژێریش بووەتە شەڕیان، بەڵام نازانێت دەمەقاڵەکە لەسەر چی بووە".


هێمـن هەرچەنـدە زۆر پەسـنی براکەی دەدا کە کەسێکی کاسب بووە، بەڵام ئەوەی تەئکید کردەوە کە لەگەڵ خێزانەکەی توند بـووە "براکەم کەمێک تونـد و تووڕە بوو، حـەزی دەکـرد منـداڵ و خێزانەکەی زیاتر گوێڕایەڵـی بـن، بـەم دواییـەش بەهـۆی تووشـبوونی بـە نەخۆشـی شـەکرە زیاتر تووڕە دەبوو".

حوسـێن سێ کوڕ و سـێ کچی هەیە و کچەکانـی شـوویان کردووە. هێمن باسـی (ئـا)ی بـرازای کـرد و گوتـی "ئـەو کوڕە کەمێک سەرەڕۆ بوو".

مەرزیـە عەبدولکەریـم، توێـژەری کۆمەڵایەتـی لەبـارەی تاوانەکانـی نێـو خێـزان دەڵێت "ڕوودانی ئەو جۆرە تاوانانە زۆرجار بۆ شـێوازی پەروەردەی منداڵەکان دەگەڕێتـەوە. ئەو منداڵانەی ئـەو تاوانانە دەکەن پێدەچێت لەلایەن کەسانی گەورەی نێو خێزانەکەیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر بکرێـت، بۆیە ئەوانیش کە گەورە دەبن بەو شێوەیە توندوتیژ دەبن".



# مامۆستایەک بەهۆی دوژمنداریییەوە دەکوژرێت



مامۆستا سلێمان حوسێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سۆران**

بنەماڵـەی مامۆسـتا سـلێمان، 20 سـاڵ بـوو هەوڵیان لەگـەڵ ئەو بنەماڵەیـە دەدا کە کەسـێکیان لێ کوشـتبوون بۆ ئەوەی سـوڵح بکەن، بەڵام ئەوان بڕیاریان دابوو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و دواجار مامۆستا سلێمان-یان کوشت.

پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/6/20 لـە شـارۆچکەی سـۆرانی سەر بە شـاری هەولێر، مامۆستایەکی تەمەن 46 ساڵ بەنێوی سلێمان حوسـێن، لەلایەن کەسـێکەوە بەنێوی (ئە.ع) تەقەی لێکرا و کوژرا.

نەقیب محەممـەد ئەرگوشـی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنـی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی سـۆران بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، فەرمانـی گرتـن بۆ تۆمەتبارەکـە دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێسـتا دەستگیر نەکراوە.

سـەبارەت بە هـۆکاری ڕووداوەکەش نەقیب محەممەد گوتی "ڕووداوەکە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتـی و دوژمنداریـی نزیکەی 20 سـاڵ لەمەوبـەر بووە. شـەڕێک لەنێـوان بنەماڵەی مامۆستا سلێمان و بنەماڵەیەکی دیکەدا دروست بـووە، لـەو شـەڕەدا کەسـێک لەلایـەن برای مامۆستا سلێمانەوە کوژراوە".

هەڵگورد سـلێمان، کوڕی مامۆستا سلێمان باسـی ئەو شـەڕەی کرد کە 20 ساڵ لەمەوبەر لەنێوان باوکی و مامۆستایەکی گوندی ڕووستێ ڕوویداوە و گوتی "باوکم و مامۆسـتاکە لەسـەر ئـەوەی کامەیان ببێتـە بەڕێوەبەری قوتابخانە دەمەقاڵە لە نێوانیان دروستبووە، بەڵام مامێکم لەبەرئـەوەی گەنج بووە و وایزانیوە شـەڕێکی گەورەیـە، بە چەکەوە ڕۆیشـتووە بـۆ ئەوەی بەرگـری لە باوکـم بکات، کەسـێک کە باوکی بکوژی باوکمە، نێوبژیوانی کردوون، ویستوویەتی چەکەکـە لە مامم وەربگرێ، بەڵام فیشـەکێک لـە چەکەکـە دەرچووە و بـەری کەوتووە، بەو هۆیەشەوە کوژرا".

بـە گوتـەی هەڵگـورد، دوای ڕووداوەکـە بنەماڵەکەیان سێ بژارەیان خستووەتە بەردەم بنەماڵـەی کوژراوەکە "پێمانگوتن بکوژەکەتان ڕادەسـت دەکەیـن بیکـوژن، یان بە سـوڵحی عەشایەری چارەسـەری دەکەین، یـان ئەوەتا بیدەنە دەست یاسا، بەڵام ئەوان هیچیان نەکرد، تەنانەت هەموو سـاڵێک ئەو بابەتەمان لەگەڵ باسکردوون، بەڵام هیچیان قبوڵ نەکرد".

هەڵگـورد پێیوایـە کوشـتنی باوکـی بـە ئەنقەسـت و پلان بۆ داڕێژراو بـووە "باوکم لە هۆڵـی تاقیکردنەوەکانی پۆلی نـۆی بنەڕەتی چاودێر بوو، دیارە پێشتر چاودێرییان کردووە، چونکە ڕووداوەکەی پێشـتر لە 15ی ڕەمەزاندا بـووە و ڕووداوەکـەی باوکیشـم هـەر لە 15ی ڕەمەزاندا بوو".

هەرچەندە پۆلیس دەڵێن تائێسـتا نازانرێت بکوژی مامۆسـتا سـلێمان چ کەسـێکی کوژراوەکەی پێشـترە، بـەڵام هەڵگورد دەڵێت "کـوڕی کوژراوەکەیـە، چونکـە لـە کاتـی ڕووداوەکەدا بینراوە".

ئەسعەد ڕەسـوڵ، ئامۆزای بکوژی مامۆستا سلێمان ڕەتیکردەوە برای سلێمان بە هەڵە مامی ئەوی کوشـتبێت و گوتی "ئەو کاتەی شەڕەکە لەنێوان سـلێمان و کەسـەکەی دیکـەی گوند لەسـەر پۆسـتی بەڕێوەبەر ڕوویداوە، سلێمان و دوو برای دیکەی ویسـتوویانە لە مامۆستاکە بدەن. مامیشم ویستوویەتی ڕێگرییان لێ بکات، بەڵام سـلێمان داوای لە براکـەی کردووە مامم بکوژێت".

ئەسـعەد بکوژی مامۆستا سلێمانی ئاشکرا کـرد و گوتی "ئامۆزاکەم مامۆسـتا سـلێمانی کوشتووە. ئێمە چەندینجار داوامان کردووە واز لەو کێشـەیە بێنێت و ئەو کێشەیە بە کوشتن چارەسـەر ناکرێ، بـەڵام ئـەو ئامادە نەبوو سوڵحیان لەگەڵ بکات".

# بەریتانیا و یەکێتیی ئەوروپا..

# یەک گشتپرسی بۆ چوار دەرچوون

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بەریتانییەکان دەنگیان بە دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا دا، دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی گشتپرسییەکە، دەیڤد کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، دەستی لەکار کێشایەوە، دواتریش نیکۆلا ستورجیۆن، سەرۆکی پارتی نیشتمانی و سەرۆکوەزیرانی سکۆتلاند، ڕایگەیاند کە بژاری گشتپرسی بۆ جودابوونەوەی سکۆتلاند لە بەریتانیا جارێکی دیکە لەسەر مێزە، ئەگەری زۆرە ئێرلەندای باکووریش هەمان بڕیار بدات.

## کەشتییەکەی کامیرۆن

بەرەبەیانی هەینی و پاش دەرچوونی ئەنجامی کۆتایی گشتپرسییەکە، کامیرۆن لە گوتارێکدا ڕایگەیاند "بڕوا ناکەم لە جێی خۆی بێت هەوڵ بدەم کاپتنی کەشتیی وڵاتەکەی خۆم بم و بەرەو شوێنی مەبەستی داهاتووی ئاراستەی بکەم". کورتەی پەیامەکەی کامیرۆن ئەوەیە کە خەڵکی بەریتانیا بەرپرسیارن لە بڕیاری دەرچوونەکە، نەک ئەو. ئەوە ئەوان داوایان کردووە "کەشتییەکە" ئەم ئاراستەیە وەربگرێت، نەک کاپتنەکە.

شوێنی مەبەستی داهاتووی بەریتانیا هەمان ئەو شوێنەیە کە نایجڵ فەراج، سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی بەریتانیا بە "سەربەخۆیی" بەریتانیا ناوی برد، بەڵام کاتێک سەیری زەمینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی گشتپرسییەکە دەکەین، دەبینین "کاپتن" و ململانێی ناوخۆیی پارتەکەی بەرپرسیاری یەکەمن لەوەی خەڵکی بەریتانیا ئەم چارەنووسەیان هەڵبژارد، وەکوو ئالێک ماسی، شرۆڤەکار لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی، ئاماژەی بۆ دەکات "بەریتانیا بڕیاری نەداوە لە داهاتوودا بگاتە شوێن مەبەستێکی نوێ، بەڵکو ئێستا گەیشتووەتە شوێنەکە".

## گشتپرسی.. گرەوی مان و نەمان

کامیرۆن لە سەرەتای 2013، بەڵێنی بە خەڵکی وڵاتەکەی دابوو، ئەگەر پارتەکەی (پارتی کۆنزەرڤاتیف) لە هەڵبژاردنەکانی 2015دا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەرێتەوە، حکومەتی بەریتانیا دەست بە دانوستاندنەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا دەکاتەوە، دواتریش لە 2016 گشتپرسییەک بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەدەبات. ڕەنگە کامیرۆن لەو کاتەی ئەو بەڵێنەی دا گومانی ئەوەی نەکردبێت لە هەڵبژاردنەکانی 2015دا زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان بباتەوە و ناچار بێت بەڵێنەکەی خۆی بەرێتەسەر.

بەڵێنی دانوستاندن لەگەڵ ئەوروپا و دواتریش گشتپرسی لە بنەڕەتدا بۆ هێورکردنەوەی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی نێو حیزبەکەی و پاراستنی بەدەنەی پارتەکەی بوو، واتە بەڵێنێک بوو بۆ ئەوەی جێبەجێ نەکرێت. ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی 2015 سەرۆکوەزیرانی بەریتانیای تووشی ئەمری واقیع کرد. بەڵام لەو کاتەشدا کامیرۆن تەواو دڵنیا بوو لەوەی سەرکەوتن لە گشتپرسییەکەدا کارێکی ئاسانە. لەبەر ئەوەی هەم پارتە سیاسییە سەرەکییەکان و هەمیش بزنسی بەریتانیا لەگەڵ مانەوە بوون، بەڵام هەست و سۆزێکی زۆریش لەدژی دامەزراوەی سیاسی بەریتانیا لەئارادا بوو. ماوەی ساڵێک بەس بوو بۆ لایەنگرانی دەرچوون، بۆ ئەوەی ئەم هەست و سۆزە فراوان بکەنەوە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کەسایەتییەکی جەماوەریی وەکوو بۆریس جۆنسن، سەرۆکی پێشووی شارەوانیی لەندەن، پشتگیری خۆی بۆ جیابوونەوە دەربڕی.

هەڵەیەکی دیکەی کامیرۆن و هەموو لایەنگرانی "مانەوە" پشتبەستن بوو بە "شارەزایانی نێودەوڵەتی"، ئەمەش لە کاتێکدا پۆپۆلیزم باڵی بەسەر هەموو ئەوروپادا کێشاوە، ڕای گشتیی باو لە بەریتانیا هەموو کات ئەوە بووە کە یەکێتیی ئەوروپا بارگرانییەکی بە ناچار و نادیموکراتیکە، لە ڕەوشێکی ئاوهادا کۆمەڵێک شارەزا و ئاماری بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و لێدوانی سەرکردەکانی جیهان ناتوانێت یارمەتیدەری مانەوە بێت. خەڵکی ئاسایی بەریتانیا (واتە ئەوانەی سوکانی کەشتییەکەیان ڕادەست کراوە) گوێ لە شارەزا ناگرن، لەبەر ئەوەی وەکوو بۆریس جۆنسن گوتی "ئێمە باسی دیموکراسی و سەربەخۆیی دەکەین، ئەوان باسی زانستی ئابووریمان بۆ دەکەن".

ڕۆژی هەینی گووگڵ لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە، لە پاش تەواوبوونی کاتی دەنگدان، گەڕان بە دوای "چارەنووسی بەریتانیا دوای دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا" بە ڕێژەی 250% زیادی کردووە. ئەم ئامارە تەنیا ئەوە دەرناخات کە کەمپینی "دەرچوون" زانیاری ورد یان تەنانەت ڕاستیان بە خەڵکی بەریتانیا نەداوە، بەڵکو دەرخەری ئەو ڕاستییەشە کە کەمپینی "مانەوە"ش نەیانتوانیوە زانیاریی نێودەوڵەتی و حکومییەکان بکەنە مادەیەکی ئاسان بۆ خەڵکی ئاسایی.

گشتپرسییەکەی پێنجشەممەی ڕابردوو گرەوێک بوو کامیرۆن لەسەر چەند پرسێک کردی: یەکەمیان یەکخستنەوەی پارتی کۆنزەرڤاتیف و سەرخستنی جەمسەری خۆی لە نێو پارتەکەیدا و لەوێشەوە قایمکردنی جێپێی خۆی وەکوو سەرکردەیەکی مێژوویی. دووەمیان یەکخستنەوەی بەریتانیا و وەدیهێنانی خەونی "بەریتانیای کۆنزەرڤاتیف" و بەهێزترکردنی پێگەی پارتەکەی لە وڵاتدا، سێیەمیان بەهێزکردنی پێگەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا. بەڵام ئاکامی گشتپرسییەکەی پێنجشەممە پێچەوانەی هەموو ئەمانە بوو.


کامیرۆن 10 ساڵە سەرۆکی پارتی کۆنزەرڤاتیڤە و شەش ساڵیش سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بووە. هەتا ڕۆژی پێنجشەممەش بە سەرۆکوەزیران و سەرۆک پارتێکی بەبەخت لەقەڵەم دەدرا. لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا کامیرۆن ڕووبەڕووی دوو ڕکابەری لاوازی پارتی کار ببووەوە: گۆردن براون و ئێد میلیباند (جێرێمی کۆربین بەهێزترین ڕکابەری کامیرۆنە لە ماوەی 6 ساڵی ڕابردوودا)، لەساڵی 2014ش هەڕەشەی جودابوونەوەی سکۆتلاندی لە کۆڵ بووەوە (سکۆتلەندییەکان دەنگیان بە مانەوە لە بەریتانیا دا)، کامیرۆن بە هیوای ئەوە بوو ڕۆژی پێنجشەممە هەڕەشەی جیابوونەوە لە ئەورووپاش لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام ڕۆژی هەینی باری "جودابوونەوە" وازی پێهێنا.

پێناچێت پارتی کۆنزەرڤاتیف بە بەرە هەرە ڕاستڕەوەکەشیەوە "جودابوونەوە" بە سەرکەوتنێکی شیرین بزانێت، ئەمە وەکوو ئاماژەیەک لە گوتارەکەی بۆریس جۆنسندا دەردەکەوێت کاتێک ڕایگەیاند "پێویست ناکات پەلە بکەین لە کارکردن بە مادەی 50". مادەی 50ی پەیماننامەی لیسبۆن تایبەتە بە جیابوونەوەی ئەندامان لە یەکێتیی ئەوروپا و لە ساڵی 2007 (واتە لەوپەڕی بووژانەوە و پەرەسەندنی بیرۆکەی یەکێتیی ئەوروپادا) پەسەندکراوە.

یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی ئەم مادەیە ئەوەیە دیاریی نەکردووە حکومەتەکان چەند کاتیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی دوای دەرچوونی ئەنجامی کۆتایی گشتپرسییەکان مادەکە کارا بکەن، بەڵکو تەنیا ماوەی دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتەکە و یەکێتیی ئەوروپا دوای کاراکردنی مادەکە دیاری کراوە کە بریتییە لە دوو ساڵ. هەر بۆیە سەیر نییە زۆربەی سەرکردەی دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارییەکانی یەکێتیی ئەوروپا داوایان کردووە بەریتانیا هەرچی زووترە یەکێتییەکە جێبهێڵێت.

سەرکەوتنەکەی ڕۆژی هەینی لەڕووی ماتماتیکیشەوە سەرکەوتنێکی تاڵە، لە کاتێکدا تەنیا 72.2%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشداری ڕاپرسییەکە بوون، لەم ڕێژەیەش کەمتر لە 52% دەنگیان بە دەرچوون داوە، ئەمەش ئارگۆمێنتی ئەو زیاتر لە یەک ملیۆن کەسە پێکدەهێنێت کە داوای دووبارەکردنەوەی گشتپرسییەکەیان کردووە. جیا لەمە ئێرلەندای باکوور و سکۆتلاند دەنگیان بۆ مانەوە داوە، ئەمەش وادەکات ئەگەری جیابوونەوەیان لە بەریتانیا بەهێزتر ببێت. هەروەها زۆربەی نەوەی گەنجی بەریتانیا دەنگیان بۆ مانەوە داوە، لە کاتێکدا نەوەی بەساڵاچوو دەنگیان بۆ دەرچوون داوە.

هێشتا زووە بۆ ئەوەی پێشبینی لێکەوتە سەرەکییەکانی جودابوونەوەکە بکرێت، بەڵام یەک ڕاستی ڕوون و ئاشکرایە: کامیرۆن بەم گشتپرسییە گرەوی لەسەر یەکێتیی بەریتانیا، یەکێتیی پارتی کۆنزەرڤاتیف و سەرۆکایەتی حکومەتی خۆی کرد و ڕۆژی هەینی هەر سێ گرەوەکەی دۆڕاند.




## بەریتانیاماڵئاوایی لە یەکێتیی ئەوروپا کرد


پرسیاری سەر وەرەقەکانی دەنگدان: "ئایا بەریتانیا دەبێت وەکوو ئەندامی "یەکێتی ئەوروپا بمێنێتەوە یان دەبێت یەکێتی ئەوروپا جێبهێڵێت؟



ژمارەی دەنگەکان بۆ مانەوە: %48.1 /16،141،241

ژمارەی دەنگەکانی دەرچوون: %51.9 /17،410،742

382 بازنەی دەنگدان هەبووە.
46،501،241 کەس مافی بەشداریان هەبووە.
%72ی ئەم ژمارەیە بەشداریان کردووە




لە ڕۆژی دوای دەرچوونی دەنگەکانەوە، هەڵمەتێکی واژۆ کۆکردنەوە دەستی پێکردووە، کە تێیدا بەشداربووانی هەڵمەتە داوا دەکەن لە پەرلەمانی بەریتانیا دووبارەکردنەوەی گشتپرسییەکە تاوتوێ بکرێت. بەشی زۆری ئەم هەڵمەتە لە نەوەی گەنجی بەریتانیا پێکدێت. هەتا ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، 26ی حوزەیران، زیاتر لە سێ ملیۆن دەنگ کۆکراوەتەوە.

---

## یەکێک لە بژارەکان بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بووە

# ئەمریکا و بەریتانیا بە نیازی تەقاندنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون

ڕووداو- Politico

بەپێی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نهێنی، لە هاوینی ساڵی 1951دا، بەرپرسێکی باڵای دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) سێ بەرپرسی کۆمپانیای نەوتی بەریتانیای لە پلانێکی ئەمریکا ئاگادار کردووەتەوە. پلانەکە بە "سیاسەتی بێبەشکردن" ناوی دەرکردبوو کە تێیدا بیر لە تەقاندنەوە و تێکدانی پیشەسازیی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوەتەوە، ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت هێرشی کردە سەر وڵاتانی ئەم ناوچەیە.

پلانەکە پێویستی بە هاوکاریی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، هەر بۆیەش جۆرج پروسینگ، یەکێک لە کاربەدەستەکانی CIA بڕیار دەدات هەمان ڕۆژ لەگەڵ وەزارەتی سووتەمەنی و وزەی بەریتانیا کۆببێتەوە. پروسینگ هەروەها بەرپرسانی نەوتی بەریتانیا لە عێراق، کوێت، بەحرێن ئاگادار دەکاتەوە کە ئەگەر سۆڤیەت هێرشی کرد، ئەوە چالاکییەکانی ئەوان لە نەوتەوە بۆ چالاکی سەربازی دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش کادیری مەشقپێکراوی CIA بۆ هاوکاریکردنیان ڕەوانە دەکرێت. کۆمپانیاکانیش ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەربڕیوە و پروسینگ داوای لێکردوون ئەم نهێنییە لەلای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس نەکرێت.

بەشێکی کورت لەم پلانە لە 1996دا بە هەڵە لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا دزەی کردە دەرەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە دۆکیومێنتەکانی ئەم پلانە لە ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا ئاشکرا کران کە وردەکاری زیاتر و سەرسوڕهێنەرتری ئەم پلانە دەخەنەڕوو.

پێشتر گومان دەکرا پلانەکە هەتا سەردەمی سەرۆکایەتی ئایزەنهاوەر بەردەوام بووبێت، بەڵام بەپێی بەڵگەنامە نوێیەکان، پلانی بێبەشکردن لە سەردەمی سەرۆکایەتی کینیدیشدا هەبووە. بەڵگەنامەکان هەروەها ئاشکرای دەکەن بەریتانیا ئامادە بووە لە پێناو کورتکردنەوەی دەستی سۆڤیەت لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست بۆ چەکی ئەتۆمیش بەرێت.

بیرۆکەی پلانەکە لە 1948 لەدایک بوو، کاتێک سۆڤیەت هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ نێو بەرلین بگرێت. لەو کاتەدا ئیدارەی ئەمریکی ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە دەستدرێژییەکانی مۆسکۆ لە داهاتوودا ئێران، عێراق و وڵاتانی کەنداویش بگرێتەوە. لەو کاتەدا کۆمپانیا بەریتانی و ئەمریکییەکان دەستیان بەسەر نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتبوو.

ناوی فەرمی پلانەکە "پلانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی 2/26" بووە و بۆ جێبەجێکردنی یەکەمجار پەیوەندی بە تێری دوس، جێگری سەرۆکی ئەو کاتەی ئارامکۆ، کراوە، بۆ ئەوەی زانیاری پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە پێبدات. ئەوکات ئێکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن و تێکساکۆ بە هاوبەشی خاوەنی ئارامکۆی سعودی بوون.

حکومەتی بەریتانیاش بۆ پشتگیری لە پلانەکەی ئەمریکا پلانێکی تایبەتی بۆ کۆمپانیا بەریتانییەکان لە عێراق و ئێران داڕشت، جیاوازیی پلانەکەی ئەم دوو وڵاتە ئەوە بوو، بەریتانیا هێزی سەربازی و ئاسمانی خۆی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەمریکا تەنیا پشتی بە فەرمانبەران و کرێکارانی ئارامکۆ دەبەست. یەکێک لە کێشە بەرایییەکان ئەوە بوو هەموو کۆمپانیا بەریتانییەکان بە گەرموگوڕییەکی پێویست پێشوازییان لە پلانەکە نەدەکرد، بۆ نموونە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێران لەوە ترساوە بەرپرسانی ئێران پێی بزانن و دەریبکەن.

بەگوێرەی بەڵگەنامە بەریتانییەکان، ئەمریکا پێشتر پێنج سیخوڕ و چەک و تەقەمەنی بۆ ئارامکۆ ناردبوو. جێبەجێکردنی پلانەکە لە ئێران و عێراقیش لە ئەستۆی بەریتانیا بووە، بەڵام ئەمریکاش بەڵێنی هاوکاری پێدابوون.

جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە ئێران کارێکی سەخت بوو. بەر لەم پلانەش پەیوەندییەکانی نێوان ئەنگلۆ-ئێران و تاران زۆر خۆش نەبوو. لەو کاتەدا بەریتانیا خاوەنی 51%ی کۆی کۆمپانیاکە بووە، هەر لەو کاتەشدا دەنگۆی پلانەکە لە ڕۆژنامەیەکی ئێرانیدا بڵاوکرابووەوە. سەرۆکی بەریتانیی کۆمپانیاکە لە نامەیەکدا بۆ حکومەتی وڵاتەکەی وێڕای بەکارەسات لەقەڵەمدانی پلانەکە، ئەمریکاشی بەوە تۆمەتبار کردووە کە زانیارییەکانی بە ئێران داوە بۆ ئەوەی تاران نەوتی ئێران ڕادەستی ئەوان بکات.

ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئێران بەربەستێکی دیکەی بەردەم پلانەکە بوون، لە 7ی ئازاری 1951 عەلی ڕەزمئارا، سەرۆکوەزیرانی ئێران کوژرا. لە نیسانی هەمان ساڵ محەممەد موسەدیق شوێنی ئەوی گرتەوە و دواتریش پیشەسازیی نەوتی بە نیشتمانی کرد و بەمەش مەترسی بۆ سەر کۆی پلانی "سیاسەتی بێبەشکردن" دروست کرد. لەو ساڵانەدا نیوەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێران بەرهەم دەهات و پاڵاوگەی ئابادان گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی جیهان بوو، ئەمەش دەکرا تەماحی سۆڤیەت لەسەر ئێران زیاتر بکات.

لە ئاکامی ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران، بەریتانیا بڕیاری دا ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت هێرشی کردە سەر ئێران و دامەزراوە نەوتییەکانی ئەم وڵاتە، ئەوە بەریتانیا پێشوەخت پاڵاوگەکانی ئابادان، کرماشان و نەفتی شا تێکبدات. بڕیار بووە فڕۆکە بەریتانییەکان لە بنکەیەکی ئاسمانیی بەریتانیاوە لە عێراق ڕەوانەی ئێران بکرێن.

دوای ئێران کۆمپانیاکانی نەوتی قەتەر، بەحرێن، کوەیت و ئارامکۆش لە جێبەجێکردنی پلانەکە ساردبوونەوە، هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەو زیانە داراییە دەگەڕایەوە کە دەکرا لەو پلانە بکەوێتەوە، هەروەها ڕاشیانگەیاندبوو کە مەرج نییە فەرمانبەرە ڕۆژئاواییەکانی کۆمپانیاکە بەشداری لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا بکەن. یەکێک لە بژارەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئارامکۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی پیادەی ئەمریکا بوو.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی پلانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەوە بووە، ئەم پلانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو باڵانسی خستنەڕوو و داواکاری نەوت تێکدەدات. لەساڵی 1952، ئەمریکا ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل و بەریتانیا ساڵانە 161 ملیۆن بەرمیل نەوتی هاوردە کردووە. بۆیەش ئەگەرچی لە ڕوانگەی بەریتانیا و ئەمریکاوە پلانەکە پێویستییەک بووە، بەڵام دەبووایە بیرێکیش لە چۆنێتی وەکارخستنەوەی خێرای بیر و پاڵاوگە نەوتییەکان پاش دەرکردنی سۆڤیەت بکرێتەوە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی کردبوو زۆربەی هەوڵەکان لە ڕێگەی هێزی پیادەوە بێت، بۆ ئەوەی بیرە نەوتییەکان لەکار بخرێن نەک لە ناوببرێن.

لەساڵانی 1954 بۆ 1955 دەسەڵاتی بەریتانیا لەسەر دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق کەم ببووەوە، لەو ساڵانەدا کرێکارانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک ئامادەبوون دامەزراوەکە لەکار بخەن، بەڵام لە بەغدا، بەسرە و ئەلوەند دەسەڵاتی نەوت لەدەستی حکومەتی عێراقدا بوو. پێشتر حکومەتی بەریتانیا بیری لە هێرشی ئاسمانی کردبووەوە، بەڵام نە بەریتانیا ژمارەی پێویستی هێزی ئاسمانی لەبەردەست بوو، نە ئەمجۆرە هێرشەش دەیتوانی دامەزراوە نەوتییەکان بە تەواوەتی لەکاربخات.

لەو کاتەدا سەرۆک ئەرکانی بەریتانیا پێشنیازی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە عێراق و ئێران دەکات، بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاری لە ئەمریکاش دەکرێت. لە کۆبوونەوەی نێوان تیمی بەریتانی و ئەمریکیشدا باسی لێکراوە، بەڵام ئەمریکا داوای کردووە پێداچوونەوەیەکی زیاتر بە ڕەوشی ئێران بکرێت، بەڵام سەرۆک ئەرکانی بەریتانیا سوور بووە لەسەر ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا تاکە ڕێگەی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ئێران بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دەبێت.

لە 1963، جۆن کینیدی، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، پرسیاری لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە ئاخۆ ئەو پلانە هێشتا کاری پێدەکرێت و گوزارشت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات یان دەبێت بیر لە پلانێکی جێگرەوە بکرێتەوە. وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەڵگەکاندا نییە.

# ئەردۆغان، تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟



سۆنەر چاگاپتای*

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، بەهێزترین سەرۆککۆماری مێژووی تورکیایە کە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی هەڵبژێردرابێت. لە ساڵی 2002ەوە لەڕێی پارتی داد و گەشەپێدانەوە تورکیا بەڕێوەدەبات، سەرەتا وەکو سەرۆکوەزیران و دواتریش لە 2014ەوە وەکو سەرۆککۆماری تورکیا.

دەسەڵاتی ئەردۆغان لە دەوڵەتی تورکیادا کاتێک زیاتر بوو کە لە 22ی ئایاردا نزیکترین هاوپەیمانی خۆی، واتە بینالی یەڵدرم، وەکوو سەرۆکوەزیران و سەرۆکی تازەی ئاکپارتی هێنایە پێشەوە. ئەردۆغان بەمجۆرە ئێستا هەم سەرۆکی وڵاتە و هەمیش سەرۆکی دیفاکتۆی حکومەت و پارتی دەسەڵاتداریش.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەردۆغان دەیەوێت تورکیا بەرەو کوێ بەرێت؟

ئەردۆغان لەساڵی 2002ەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیک کۆتایی بەمیراتی کەمالیزم هێناوە. بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشەکەی ئاتاتورک لەلایەن ئەردۆغانەوە بەرەنگاربوونەوەیەکی دیموکراتیک بووە بە مانا هەرە بەرتەسکەکەی. ئەگەرچی ڕەخنەگرانی سیاسەتی ئەردۆغان بە سەرکوتگەری تۆمەتباری دەکەن، بەڵام ئەردۆغان بناغەیەکی جەماوەریی بەهێزی دروستکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکەوتنی پارتەکەی لە چوار هەڵبژاردنی پێشوودا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی شۆڕشێک لە سیستەمی سیاسیی تورکیادا بەرپا بکات.

لە کاتێکدا ئەتاتورک ئایین و دەوڵەتی بەتەواوی لێکدی جیاکردەوە و تورکیای وەکوو وڵاتێکی ڕۆژئاوایی پێناسە کرد، ئەردۆغان سیاسەت، سیستەمی پەروەردە و سیاسەتی دەرەوەی تورکیای بە ئیسلام تەنی. مەیلی ئەردۆغان بۆ بینینی جیهان لە ڕوانگەیەکی ئەنتی-کەمالیستییەوە بەو ئاراستەیەدا چوو کە تورکیا زیاتر ئاوڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بداتەوە، بەوجۆرەش تورکیا ئێستا بووەتە لایەنێک لە لایەنەکانی جەنگی نێوخۆی سووریا. ئەگەرچی باوەڕکردن بەمە سەختیشە، بەڵام تورکیا لە جەنگی ناوخۆیی سووریادا پشتگیری لە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەکوو ئەحرار شام دەکات کە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە هەیە.

بەرەنگاربوونەوەی کەمالیزم لە تورکیاش ڕەوشێکی ترسناکی خولقاندووە، لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە ئیسلامی کردووە بە چەکی سیاسەت لە تورکیا.

بەهۆی ئەو گۆڕانەی لە سیستەمی پەروەردەی سێکولاری تورکیادا دروستی کردووە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی ئامادەیی ناچارن لە قوتابخانە ئیسلامییەکان بخوێنن. بەم دواییە، نەوەی کاهینی باڵای جووەکانی تورکیا و ژمارەیەکی زۆری مەسیحییەکان لە یەکێک لە ئامادەییە ئیسلامییەکان دانراون، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی بەر لە چوونە زانکۆ بکەن.

بەئیسلامیکردنی تورکیا و بەشداریی ئەنقەرە لە جەنگی ناوخۆی سووریا، تورکیایان خستووەتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئەنستیتوتی سیاسەت و ستراتیژی جیهانی کە بنکەی سەرەکی لە ئەنقەرەیە، لە ماوەی 10 مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 2000 وەڵاتیی تورکیا لە سنوورەکان ئاودیو بوون و شەڕ بۆ داعش دەکەن. داعش چوار هێرشی لە تورکیا ئەنجامداوە و بەو هۆیەشەوە زیاتر لە 150 کەس بوونەتە قوربانی.

ئەگەرچی تورکیا هێشتا ڕووبەڕووی خراپترین هەڕەشەی داعش نەبووەتەوە، بەڵام من ئەتاتورک بە هۆکاری ناڕاستەوخۆ دەزانم بۆ ئەوەی کە ئەردۆغان هەوڵ دەدات لە ڕێی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی وێرانکەرەوە، ئیسلام بکاتە ڕێپیشاندەری سیاسەت لە تورکیا. بەر لە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەتاتورک ژەنەڕاڵی سوپای عوسمانییەکان بوو. ئەو کە خۆی بەرهەمی سیستەمی عوسمانی بوو، هەم تورکیای ڕزگار کرد و هەمیش وڵاتەکەی بەتەواوەتی کردە وڵاتێکی سێکولار. ئەتاتورک هاووڵاتییەکی ئاسایی بوو لە قوتابخانە گشتییەکانی عوسمانیدا پەروەردەی سێکولاری وەرگرتبوو. ئەتاتورکی لاو لە ئیمپراتۆرییەتێکدا گەورە ببوو کە هەر ئەو کاتیش ژمارەیەک یاسا، دادگا و دامەزراوەی سێکولاری وەکوو پەرلەمانی هەبوو، هەروەها مەیلێکیش هەبوو بۆ ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی خۆی وەکوو بەشێک لە سیستەمی دەوڵەتی ئەورووپی ببینێتەوە. کەوابێت ناوازەیی ئەتاتورک لەوەدا نییە کە تورکیای کردووە بە وڵاتێکی سێکولار، بەڵکو لەوەدایە کە ئەو ڕەوتی سێکولاریزمی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی، لە کاتێکدا ڕەوتەکە خۆی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دەستی پێکردبوو. ئەوە ئەتاتورک بوو سێکولاریزمی کردە بنەمایەکی پیرۆز لە نێو دەستووری تورکیادا، هەروەها جەختیشی لەسەر ڕۆژئاواییبوونی تورکیا کردەوە.

شۆڕشەکان پێویستیان بەوەیە ئەو سیستەمەی دەیڕووخێنن وەکوو سیستەمێکی بێکەڵک نمایشی بکەن، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە شەرعیەت بە خۆیان بدەن، هەر بۆیە لە شۆڕشەکەی ئەتاتورکیشدا عوسمانییەکان وەکوو شتێکی تەواو جیاواز لەوەی هەبوون پیشان دەدران، بۆ نموونە ئەتاتورک و کەمالیستەکان، عوسمانییە ڕۆژئاواچییەکانیان وەکوو کۆمەڵە کەسێکی دڕندەی ئاینی نمایش دەکرد کە ئیسلام بووە بە گرێیەکی دەروونی بۆیان و دواجاریش شکست دەهێنن.

کەمالیستەکان وێنایەکی کاریکاتێرییان بۆ عوسمانییەکان دروست کردبوو، ئەوان هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لەناو ئایین، دژایەتیی ڕۆژئاوا و نوسخەیەکی تورکی سەلەفیزمدا کورت کردبووەوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا کەمالیزم وەکوو ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازی سێکولار نمایش دەکرا. لەماوەی 80 ساڵدا تورکیا بوو بە یەکێک لە سێکولارترین ئەو وڵاتانەی کە زۆرینەی دانیشتووانیان موسڵمانن، لە هەموو ئەم ماوەیەشدا ئەم بیرۆکە هەڵگەڕاوانە لەبارەی عوسمانییەکان بە گوێچکەی چەندین نەوەی قوتابی و هاووڵاتیاندا دراوە، یەکێک لەوانەش ئەردۆغان بووە.

ئامانجی ڕەوتی دژە شۆڕشەکەی ئەتاتورک ئەوەیە نەزمی سیاسی بۆ دۆخی ڕابردووی بگەڕێنێتەوە، ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە ئەردۆغان دەیکات. فۆکوسی هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش لەسەر ئەوەیە ئیسلام بکاتە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی تورکیا و سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش ڕۆڵێکی دژە-ڕۆژئاوایی بگێڕێت. ئەردۆغان پێیوایە بەم شێوازە دەتوانێت سەردەمی عوسمانییەکان بگەڕێنێتەوە.

بەڵام خاڵی لێکدژ لە هەوڵەکانی ئەردۆغاندا ئەوەیە کە ئەگەرچی هەوڵەکان لەپێناو زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکەی پێش ئەتاتورکە، بەڵام ئەوەی ئەردۆغان هەوڵی زیندووکردنەوەی دەدات هەمان ئەو وێنا کاریکاتێرییە کە کەمالیستەکان فێری ئەردۆغانیان کردووە.

عوسمانییەکان کۆمەڵەیەکی زۆر ئاڵۆز بوون. ڕاستە ئەوان موسڵمان بوون، بەڵام نە لە سیاسەتی دەرەوە و نە لە سیاسەتی ناوخۆییشیاندا ئیسلامیان نەکردبووە گرێیەک بۆ خۆیان. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خۆی وەکوو هێزێکی ئەورووپی دەبینی و ئەمە هێندە بە قووڵی لە ناویدا دامەزرابوو کە لە سەدەی 19دا خاوەنی پەروەردەی ئافرەتان و دادگای سێکولار بووە و لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا باس لە جوداکردنەوەی ئایین و سیاسەت کراوە. لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا، بەردەوام هیواخواز بوون هێزێکی ئیسلامی و ئەورووپی بن، ئەمە تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا هەر وابووە، ئەو دەمەی دەسەڵاتیان ڕووی لە کزی کردبوو. عەبدولمەجیدی دووەم، دوایین خەلیفەی عوسمانی (کە ئەتاتورک دووریخستەوە)، بەهۆی تابلۆ ڕووتەکانییەوە بەناوبانگ بوو.

ئەگەر ئەردۆغان بتوانێت لە تێگەیشتنی خۆی بۆ عوسمانیزم لەو وێنا کاریکاتێرییە دەربچێت کە کەمالیستەکان کێشاویانە و بیرکردنەوەی ئەردۆغانیان پێ شێوەگیر کردووە، ئەوە لەم حاڵەتەدا تورکیا هێشتا چانسی ئەوەی هەیە لە سیاسەتی وێرانکەری بەئیسلامیکردنی تورکیا دووربکەوێتەوە و هەڕەشەی داعشیش لەسەر خۆی دووربخاتەوە.

*** سۆنەر چاگاپتای، بەڕێوەبەری پرۆگرامی توێژینەوە لە پەیمانگەی واشنتن.**

# کۆڵۆمبیا.. کۆتایی جەنگێکی 50 ساڵە

ڕووداو-هەولێر

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، خەڵکی کۆڵۆمبیا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان بە گفتوگۆ دەربارەی ڕاگەیاندن و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان حکومەت و چەکدارانی فارک گەرم کرد. لە تەنیشت زۆربەی پۆست و تویتەکاندا هاشتاگی "#دوایین ڕۆژی جەنگ" بەرچاو دەکەوێت، جەنگێک کە تەمەنی زیاتر لە پێنج دەیەیە.

درەنگانی شەوی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردوو حکومەتی کۆڵۆمبیا و هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆڵۆمبیا (ناسراو بە فارک) ڕایانگەیاند کە لەسەر ئاگربەست گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەمەش کۆتایی بە یەکێک لە درێژترین جەنگە ناوخۆییەکانی جیهان دەهێنن.

ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، خوان مانوێل سانتۆس، سەرۆکی کۆڵۆمبیا و ڕۆدریگۆ لۆندۆنۆ، سەرۆکی فارک، بان کی مۆن، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕائول کاسترۆ، سەرۆکی کوبا لە هاڤانا کۆبوونەوە، بۆئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی ئاگربەستەکە ڕابگەیەنن. هاڤانا هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەوە لە 2012 شوێنی بەڕێوەچوونی دانوستاندنەکان بووە.

بەم ڕێککەوتنە، لەلایەکەوە دەرگا لەسەر جەنگێک دادەخرێت کە بەهۆیەوە زیاتر لە 250 هەزار کەس کوژراون و نزیکەی 6 ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون. لەلایەکی دیکەشەوە دەرگا لەسەر قۆناغی گواستنەوە دەکرێتەوە کە تێیدا دوو پرۆسەی تەواوکەری یەکدی جێبەجێ دەکرێن، یەکەمیان چەکدانانی فارک و دووەمیشیان بەشداریی ئەم گرووپەیە لە پرۆسەی سیاسیی کۆڵۆمبیادا.



## فارک.. لە هیوای جووتیارانەوە بۆ قاچاخچێتی مادەی هۆشبەر

فارک کە بە شۆڕشگێڕانی کۆڵۆمبیاش ناسراوە، لەساڵی 1964 وەکوو باڵی سەربازیی پارتی کۆمۆنیستی کۆڵۆمبیا دامەزرا. ئەم گرووپە کۆنترین و بەتواناترین و پڕچەکترین گرووپی چەکداری مارکسیستی کۆڵۆمبیایە. بزووتنەوەکە بەرگری لە جووتیاران و دژایەتی ئیمپریالیزم بە دوو پلاتفۆرمی سیاسی خۆی دادەنێ.

سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فارک بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری دەگەڕێتەوە، لە چوارچێوەی ئەم پلانەدا دەبووایە کەرتی کشتوکاڵی کۆڵۆمبیا بە پیشەسازی بکرێت، ئامانج لەمەش بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەناردەکانی ئەم کەرتە بوو. لە ئاکامی ئەم پلانەدا 400 هەزار خێزانی گوندنشین لە زەویەکانیان بێبەش بوون.

ئەم پلانە ناڕەزایی زۆری پارتی کۆمۆنیستی کۆڵۆمبیای لێکەوتەوە. دواتریش مانگرتن، ڕێپێوان، خۆپیشاندان و هێرش بۆ سەر بارەگاکانی حکومەت. دوایین پەرەسەندنی ناڕەزاییەکان بەهۆی دامەزراندنی "کۆماری مارکوێتالیا" بوو لە ناوچەیەکی کۆڵۆمبیا کە لەساڵی 1961 دامەزرا و لە 1964دا لە ئاکامی هێرشی سوپا هەڵوەشایەوە.

دامەزرێنەرانی فارک هەمان ئەو 47 فەرماندانە بوون کە لە دوای هێرشی حکومەت بۆ سەر کۆماری مارکوێتالیا بۆ چیاکان ڕایانکرد.

خاڵی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی فارکدا بۆ کۆنگرەی حەوتەمی ئەم حیزبە لە 1982 دەگەڕێتەوە کە تێیدا بڕیار درا سنووری چالاکییەکانی فارک لە ناوچە گوندییەکانەوە بۆ شارەکان بگوازرێتەوە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی چاندن و بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان و بە تایبەتیش کۆکایین.

ئەگەرچی سەرکردایەتی فارک سەرەتا تێوەگلانیان لەو بازرگانییە ڕەتکردەوە، بەڵام دواجار بەهۆی گەشەکردنی ئەو بازرگانییە، بزووتنەوەکەش ڕووی لەو بازرگانییە کرد، بۆ ئەم مەبەستەش باجی لە بەرهەمهێن و قاچاخچییەکانی کۆکایین وەردەگرت، بە جۆرێک ئەمە لە پاڵ ڕفاندن و بارمتەگرتن بووە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی فارک.

ئەگەرچی ئەم گرووپە داهاتێکی زەبەلاحی لەم ڕێگەیەوە دەستکەوتووە، بەڵام فارک خۆی پەرەی بەم بازرگانییە نەداوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا "شکستپێهێنانی فارک و لە ناوبردنی بازرگانیی کۆکایین دوو پرسی جیاوازن و نابێت تێکەڵ بە یەکدی بکرێن".

ڕفاندن و بارمتەگرتن یەکێکی دیکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی فارک بووە، ئەم گرووپە سەرەتا تەنیا سیاسەتکاران، دەوڵەمەندەکان و گەورە قاچاخچییەکانی دەڕفاند، بەڵام دواتر خەڵکانی ئاسایی و چینی ناوەڕاستیش بوونە ئامانجی ڕفاندن.

## ڕێککەوتنێکی سەخت

ڕێککەوتنێک دوای زیاتر لە نیو سەدە شەڕ و پێکدادان، پڕوپاگەندەیەکی سیاسی و میدیایی زۆری بۆ دەکرێت، بەڵام ئەمجۆرە ڕێککەوتنە ڕێک لەو جۆرە ڕێککەوتنەشە کە جێبەجێکردنی سەختە.

یەکەم کێشە ئەوەیە حکومەتەکەی سانتۆس تەنیا دوو ساڵی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی هەنگاوە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات کە یەکەمینیان بە یاساییکردنی ڕێککەوتنەکەیە لە ڕێگەی گشتپرسییەک. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت لە ڕۆژی 29ی حوزەیران داوای گشتپرسییەک ئاراستەی دادگای دەستووری دەکات. ئەگەر دادگای دەستووریی کۆڵۆمبیا ڕێککەوتنەکە و داوای گشتپرسییەکە پەسەند بکات، هەندێک لە مادەکانی ڕێککەوتنەکە خۆبەخۆیی دەبنە یاسا، گرنگترینیان چەکدانانی فارکە. لەم پەیوەندییەشدا چوارچێوەیەکی دادوەریی کاتی دادەنرێت، لەم چوارچێوە دادوەرییەدا فەرمانی لێخۆشبوون بۆ کۆمەڵە تاوانێکی دیاریکراوی چەکدارانی فارک دەردەچێت، ئەمەش وەکوو هاندانێک بۆ چەکدارانی فارک بۆ ئەوەی ئامادەیی چەکدانانیان تێدا دروست ببێ.

کێشەی دووەم تێکەڵاوکردنەوەی نزیکەی حەوت هەزار چەکداری فارکە لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی کۆڵۆمبیا، لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاو لەم چەکدارانە جگە لە ئەزموونی جەنگ و دژایەتی حکومەت هیچ ئەزموونێکی دیکەیان نییە، بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی شارنشینی کۆڵۆمبیاش ئەوان وەکوو "مەترسیی دوێنێ و دۆستی بەناچاریی ئەمڕۆ" دەبینن. بناغەی جەماوەریی فارک لە نێو ناوچە گوندنشینەکانی کۆڵۆمبیایە.

دوایین کێشەی سەرەکی کە لە هەموو کێشەکانی دیکە گرنگترە، ئەوەیە کە بەردەوامیی ڕێککەوتنەکە و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکداریی فارک بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆڵۆمبیادا، گرنگترینیان چاکسازیی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و نادادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، واتە بەرەنگاربوونەوەی هەمان ئەو زەمینەیەی کە هەر لە سەرەتاوە هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چەکداریی وەکوو فارک بووە، لەبەر ئەوەی فارک و بزووتنەوە چەکدارییەکانی دیکە نە تاکە کێشەی کۆڵۆمبیایە و نە هۆکاری کێشە بنەڕەتییەکانی کۆڵۆمبیاشن، بەڵکو بەپێچەوانەوە لێکەوتەی ئەو کێشانەن.

وەکوو گۆنزالۆ سانچێز، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی کۆڵۆمبیا دەڵێت "ڕێککەوتن لەگەڵ فارک تەنیا چارەسەری کێشەیەکی چەکدارییە، نەک کێشە کۆمەڵایەتییە ڕۆژانەکانی کۆڵۆمبیا". بەبۆچوونی سانچێز کۆڵۆمبیای پاش ڕێککەوتنەکە لە بری دەنگی گوللە دەنگی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری دەبیستێت، لە کاتێکدا لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان حکومەت بیانووی ئەوەی بەدەستەوە بوو چالاکی جەماوەریی سەرکوت بکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوە ناوخۆییە مەدەنییانە بە باشی ئیدارە نەکرێن ئەوە دەکرێت جارێکی دیکە زەمینەی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکداریی هاوشێوەی فارک بخولقێنن، بەتایبەتیش لە وڵاتێکی وەکوو کۆڵۆمبیا کە برینەکانی جەنگ هێشتا ساڕێژ نەبوون.

## لە کوردستان 100 کەس وەکو ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون

# ئەمساڵ 423 کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

سەروەر سالار و پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا سەدان کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان یان بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون، بەشێکیان سزادراون و بەشێکیشیان چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی دۆسییەکانیانن. وەزارەتی تەندروستی و پسپۆڕانی پزیشکی دەڵێن دەبێ ئاڵوودەبووان وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ نەک تاوانبار.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان- هەولێر کە تایبەتە بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی 275 کەس بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون. لە پارێزگای سلێمانیش 158 کەس دەستگیرکراون کە زۆربەیان بەکارهێنەرن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە هەولێر، لە شەش مانگی ئەمساڵدا دەستیان گرتووە بەسەر نزیکەی 78 هەزار دەنکە حەبی هۆشبەر لە جۆرەکانی ترامادۆڵ و سۆمادریل و ئارتین، جگە لەوەش دەست گیراوە بەسەر نزیکەی 5.5 کیلۆ شیشە، 8.5 کیلۆ تریاک و نزیکەی 5.5 کیلۆ حەشیشە لەگەڵ 200 گرام هیرۆیین. ئامارەکەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی سلێمانی تەنیا ئاماژەی بە دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر لە جۆرەکانی شیشە و حەشیش و تریاک و هیرۆیین کردووە و زانیاری لەبارەی بڕەکانیانەوە نەداوە، بەڵام باس لەوە کراوە کە توانیویانە دەست بەسەر بڕێکی زۆر حەبی ترامادۆڵدا بگرن.

عەمید جەلال ئەمین، بەڕێوەبەری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شیشە لە هەمووی زۆرتر بەکاردێت لەبەرئەوەی هەرزانتر و زۆریش مەترسیدارە "ئەو ماددەیە لە باشووری عێراقەوە وەکو حەب دێت و خەڵکێکی زۆریش پێی دەوڵەمەند بوون و لێرەوە بەشێوەی نایاسایی دەینێرنە ئێران و لەوێ لەگەڵ چەند ماددەیەکی دیکەدا تێکەڵاوی دەکەن و دەیکەنە ماددەی هۆشبەری شیشە کە بە کریستاڵیش ناسراوە".

گوتیشی "ئەو ماددەیە بەکارهێنەر لە ماوەی شەش مانگدا وەک شێت لێدەکات، هەندێکجاریش وای لێدەکات لەماڵەوە ئاژاوە بنێتەوە و پەنا بۆ کوشتنی خەڵکیش ببەن".

### ڕوو لە زیادبوونە

عەمید جەلال ئەمین دەڵێ ساڵ بە ساڵ ژمارەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر زیاد دەکات "هۆکارەکەشی بۆ کرانەوەی سنوورەکان و کێشەی دارایی و خۆدەوڵەمەندکردنی بازرگانەکان دەگەڕێتەوە، جگە لە ناهۆشیاریی خەڵک لە بەکارهێنانیان".

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش- هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆربەی بەکارهێنەران ئەو ماددانەیان لە ڕێگەی ئێرانەوە دەستدەکەوێت، بەهۆی هاوسنووری و فراوانیی سنوورەوە لەگەڵ ئێران ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی ئەو ماددەیە کەمێک ئەستەمە، دەزگاکانیش ئیمکانیەتی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نییە".

هەرچەندە ژمارەی بەکارهێنەران ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات، بەڵام عەمید جەلال دەڵێت "تائێستاش کێشان هەر حاڵەتە و نەبووەتە دیاردە، چونکە نەمانبینیوە لەسەر شەقامەکان خەڵک بەئاشکرا بیکێشن، یاخود لەنێو خێزانەکاندا هەموان پێکەوە بەکاری بێنن، بەڵام ئەگەر تا چوار پێنج ساڵی دیکە ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە ڕەنگە قورستر ڕووبەڕووی نەهێشتنی ببینەوە".

یاسای ژمارە 68ی ساڵی 1965ی عێراقی سزای زۆر توندی دیاریکردووە بۆ ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان دەکەن کە دەگاتە ئاستی لەسێدارەدان یان زیندانی هەتا هەتایی. ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان داوا دەکەن ئەم ڕوانگەیە بگۆڕدرێت و خەم لە چارەسەری ئاڵوودەبووان بخورێ، نەک سزادانیان.

د.موشتاق تاڵب، پسپۆڕ لە چارەسەری ئاڵوودەبووان و بەڕێوەبەری پێشووی یەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە وەزارەتی تەندروستی عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لە سەرەتای ئەمساڵ بە ڕۆژنامەی (ئەلسەباح)ی نیمچەفەرمیی گوتبوو "ئاڵوودەبووان مافی خۆیانە لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان و سەنتەرە تایبەتمەندەکان وەکوو نەخۆش چارەسەر وەربگرن، نەوەک هاوشێوەی تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و دەبێ ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرامبەریان ڕاست بکرێتەوە".

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت پرسی ئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان سەرەتا دەبێت لە گۆڕینی یاساکانەوە دەستپێبکات، بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕێی یاسا نوێیەکەی بەغدایان پێبگات کە بەم دواییە دەرچووە.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بابەتەکە یاساییە، لە یاسای نوێی کۆنترۆڵی ماددەی هۆشبەردا لە کوردستان ئەو بابەتە چارە کرا و بەپێی ڕەشنووسەکە بۆ شیاندنەوەی کەسی ئاڵوودەبوو، پێویستە وەک نەخۆش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نەک تاوانبار، پێویستە مامەڵەکردنەکە بەشێوازی پزیشکی و مامەڵەی نەخۆش بێت، بۆ هاوکاریکردنیان لەچاکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لەو مادده کوشندانە، بەڵام ڕەشنووسی پرۆژە یاساکە ڕاگیراوە بەو هۆکارەی یاسای مادەی هۆشبەر دەبێت ناوەندی بێت و لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە ئامادە بکرێتەوە".

وەک د.خالس گوتی، لە هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە یاسا نوێیەکە تەواو بووە، لە بەغداش یاساکە بەم دواییە تەواو بووە و ئەوان چاوەڕێن ئەو یاسایەیان ئاراستە بکرێ "ڕەشنووسی ئێمە ڕاگیراوە، چونکە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەکەن، دوای گەیشتنی یاسا نوێیەکەی بەغدا بەدەستمان، دەکەوینەوە کار بۆ ئەوەی یاساکەی کوردستانیش ڕێوشوێنەکانی چەسپاندنی تەواو بکات".

### لە ئاڵوودەبووان تێناگەن

پسپۆڕێکی پزیشکیی کۆمەڵ ئاماژە بە تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە و تەنانەت لایەنە فەرمییەکانیش دەکات لە هەمبەر کەسانی ئاڵوودەبوو.

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکی کۆمەڵ هەیە، دەڵێت "زۆرکات کەسەکە قوربانیی دەستی باندێک یان بازرگانێکی ئەو ماددانەیە و ئەوان تووشیان کردووە، کەچی لە سایەی یاسا وەک تاوانبار تەماشا دەکرێ، بۆیە خۆی ئاشکرا ناکات و شوێنێکیش شک نابات چارەسەری تێدا ببینێتەوە".

وەک د.عەبدولفەتاح دەڵێت، چارەسەری گرفتی ئاڵوودەبوون فرەڕەهەندە و دەبێت سەراپا بە بنەمایەکی نوێوە لە کوردستان دابڕێژرێتەوە کە خەمی گەورە چارەسەرکردنی کەسەکە و گێڕانەوەیەی بێت بۆ نێو کۆمەڵگە وەکو تاکێکی بەرهەمدار، نەوەکو توندکردنی لە زیندان و مامەڵەکردن لەگەڵی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە سروشتی گرفتەکە و چۆنێتی چارەسەری نازانن.

### سەنتەرەکەی هەولێر چی بەسەرهات؟

بۆ لایەنی چارەسەرکردن و شیاندنەوەی ئاڵوودەبووان ئێستا بەشی چارەسەرکردن هەیە لە هەر سێ شارەکانی هەولێر سلێمانی و دهۆک. دکتۆر خالس دەڵێ تاوەکو ئێستا تەنیا نزیکەی 100 کەس لەو بەشانە تۆمارکراون کە بەشێکن لە نەخۆشخانە دەروونییەکان.

بڕیار بوو نێوەندێکی پرۆفێشناڵی چارەسەری ئاڵوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر لە شاری هەولێر بکرێتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکە وەستاوە، هەر کاتێک بارودۆخی ئابووری باش بوو، دەست بە تەواوکردنی دەکەنەوە.

---

# نارێکیی ددانەکان.. هۆکار و چارەسەر

ڕێبین عەلی محەمەدئەمین*

بۆچی ددانەکانی منداڵەکەم نارێکن؟ ئایا دەکرێ پێش لە نارێکیی ددانەکان بگیرێ؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێیە، چی پێویستە بکرێت و لە چ تەمەنێک؟ ئەگەر لە کاتی خۆی چارەسەر نەکرا، چی ڕوودەدات؟ ئەمانە هەندێک پرسیاری باون کە باوک و دایکان زۆرجار لە کاتی سەردانی پزیشکی ددان هەیانە.

نارێکیی ددانەکان، گرفتێکی باوە کە لە هەر تەمەنێکدا ئەگەری هەیە. نارێکیی ددانەکان هۆکاری زۆرە، نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئەندازەی ددانەکان و شەویلاگ هۆکارێکی سەرەکییە.

### هۆکارەکان

لە کاتی دووگیانی، شێوە و ئەندازەی شەویلاگ و ددانەکان بەشێوەی زگماکی دەبێت کە یان دەبێتە هۆی ڕوخسارێکی ڕێک و جوان یان نارێک، بۆیە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆرپەوە تاوەکو باڵغبوون ماوەیەکی زۆر گرنگە بۆ دروستبوون و گەشەکردنی ڕوخسارێکی ڕێک. هەبوونی هەر کێشە و نەخۆشییەکی دایک لە کاتی دووگیانی کاریگەری لەسەر کۆرپە دەبێت.

لەبەر ئەوەی ددان لەنێو ئێسکی شەویلاگە، هەر شتێکی نائاسایی لە شێوە و ئەندازە یان ژمارەی ددانەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێکی یان نارێکیی شەویلاگ.

زگماکی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر نارێکیی ددانەکان و هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەندازەی شەویلاگ. ئەندازەی شەویلاگ کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر نارێکی و قەرەباڵغیی ددانەکان. ئەگەر ئەندازەی شەویلاگ بچووک بێت یان ئەندازەی ددانەکان لەشێوەی ئاسایی خۆی گەورەتر بێت، ئەوا دەبێتە هۆی نارێکیی ددانەکان. زووتر لە کاتی خۆی کێشانی ددانەکانی شیری هۆکارێکی گرنگە. دەبێ پاش کێشانی ددانی شیری، ئەو کەلێنەی دروست دەبێ بپارێزرێ و ددانەکانی دیکە پڕی نەکەنەوە.

بوونی ددانی زیادە، نەکەوتنی ددانی شیری یان درەنگتر دەرکەوتنی ددانی هەمیشەیی، هەندێک نەخۆشی یان خووی وەکو پەنجە مژین، مانەوەی ددان لە نێو شەویلاگ، ئازار پێگەیشتنی ددانەکان، هۆکارەکانی دیکەی نارێکین.

نارێکیی ددانەکان هۆکارێکن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی پووک، خاوێن ڕاگرتنی ددانەکان ئەستەم دەکات، ددان کلۆر دەکات، کار دەکاتە سەر جوین و خواردن، هەروەها کەسایەتی کەسەکە، چونکە زۆرجار ناتوانێ زەردەخەنەیەکی جوان بکات.

### چارەسەر

ئەگەر نەخۆش تەنیا ددانەکانی نارێک بێت، لە هەر تەمەنێکدا دەکرێ چارەسەر بکرێ. بەڵام ئەگەر گرفتی شەویلاگی هەبوو واتا شەویلاگێکی لەوەی دیکە گەورەتر یان بچووکتر بێت، لە پێش یان لە پاش بێت، ئەوا باشترە لە تەمەنی منداڵی چارەسەر وەربگرێت. لە هەندێک باری تایبەتی بۆ ئەوەی ددانەکان ڕێکبخرێت دەبێ یەک یان زۆرتر لە یەک ددان بکێشرێت بۆ ئەوەی ددانەکانی دیکە ڕاست بن.

تەمەن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چارەسەری نارێکی ددانەکان، بەشێوەیەک ئەگەر لە تەمەنی منداڵی سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت، ئەوا لەوانەیە بەکێشانی چەند ددانێکی شیری یان هەمیشەیی گرفتەکە بە ئەندازەیەکی زۆر چارەسەر بکرێت.

* پزیشکی پسپۆڕی ڕاستکردنەوەی ددان



---

# دەرپەڕیوی بنەڕان (فتق) لەمنداڵدا

د.شادمان حەمەئەمین



کاتێک منداڵ لە سکی دایکیدایە، گونەکان لەنێو بۆشایی سکدان نزیک شوێنی گورچیلە. پێویستە گونەکان دابەزنە نێو توورەکەی گونەوە. لەژێر کاریگەریی هۆرمۆنی تیستۆستیرۆن (هۆرمۆنی نێرینە) گون بە ڕێڕەوێکدا دێتە خوارەوە بۆ نێو توورەکەی گون، دوای لەدایکبوون توورەکەکە دادەخرێت، بەڵام ئەگەر بە کراوەیی مایەوە، هەندێجار ریخۆڵەکان پێیدا دێنە خوارەوە و دەمێننەوە یان دەچنە نێو توورەکەی گونەوە، بەمەش دەگوترێت دەرپەڕیوی (فتق).

**1- دەرپەڕیوی (hernia) :**

لای ڕاست زۆرتر تووش دەبێت، کەمتر لای چەپ، یان هەردوولا، لەمنداڵی ناکامدا ئاساییە و لەهەردوولادا هەیە. لەمنداڵدا جۆری ناڕاستەوخۆیە، دەگونجێ لە هەمان کاتدا گونێک یان هەردوو گونی دانەبەزیبێ.

**دەرکەوتەکانی :**

- ناوە ناوە ئاوسانی چالآیی بنەڕان (شێوە هێلکەیی درێژکۆلە) یان ئاوسانی گونەکان بەتایبەت دوای گریان، یان زۆر لەخۆکردن (کۆکین، قەبزی)، ئەم حاڵەتە کاتی خەوتن دیار نامێنێ.
- نیشانەی ئاوریشمی (کاتێک دەست لە توورەکەی گون دەدرێت وەک ئەوە وایە دوو پارچە ئاوریشم لەیەک بخشێنی، بەمەدا دەزانیت لەنێو توورەکەی گوندا بەشێک لە ریخۆڵەی تێدایە).
- چارەسەر: خۆی دەچێتەوە جێی خۆی، پێویستە لە تەمەنی یەک ساڵیدا نەشتەرگەرییان بۆ بکرێ، چونکە لە هەر ساتێکدا ئەگەری گیرانی ریخۆڵە و مردنی بەشێک لە ریخۆڵە هەیە.

### گیران

جاری وا هەیە ریخۆڵەکە ناچێتەوە جێی خۆی دەگیرێت. لەو حاڵەتەشدا بنەڕان – گون ڕەق دەبێت، بە ئازارە، پێست سوور دەبێتەوە، کەسەکە بەردەوام نائارامە و دەگریەت، شیر ناخوات، ئەگەر بەردەوام بێت ئەوە ڕشانەوەیەکی سەوزباو دێنێتەوە، هەندێجاریش سکی دەئاوسێت.

چارەسەری ئەو حاڵەتەش بریتییە لە پێدانی ئازارشکێن و دەرمانی خەوێنەر. دانانی منداڵەکە بە شێوەیەک کە قاچەکانی بەرزتر بێت لە سەری، ناوە ناوە بۆ ماوەی نزیکەی دوو کاژێر بەدەست پەستان بخرێتە سەر ئاوساوییەکە، چونکە 90%ی حاڵەتەکان بەو شێوەیە دەچنەوە شوێنی خۆیان. ئەگەر حاڵەتەکە بە پەستانی دەست لەو ماوەیەدا کۆنترۆڵ نەکرا، ئەوا پێویستە ڕاستەوخۆ نەشتەرگەری بۆ بکرێ.

### نەچوونی خوێن بۆ ریخۆڵە

ئەگەر گیربوونەکە زوو چارەسەر نەکرا، ریخۆڵەکان خوێنیان بۆ ناچێت و بەردەوامبوونی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو بەشەی ریخۆڵە و زیان گەیاندن بە گون.

نیشانەکانی ئەو حاڵەتە بریتین لە: گریانی بەردەوام، ڕشانەوەی سەوزباو، تا، خێرا لێدانی دڵ، ئاوسانی سک، ڕەقبوون و ئاوسانی گون. ئەو حاڵەتە پێویستە ڕاستەوخۆ نەشتەرگەری بۆ بکرێ و بە دەست نەخرێتەوە شوێنی خۆی.

**2- کیسە ئاوی گون (hydrocele) :**

- ڕاڕەوەکە تەسک بووەتەوە، بەڵام ڕێ بە تێپەڕبوونی ئاوی نێو بۆشایی سک دەدات بۆ نێو توورەکەی گون. دەگونجێ لەهەمان کاتدا دەرپەڕیویشی هەبێت.
- ئاوسانی گونەکانە بێ هیچ نیشانەیەکی دیکە. ڕەقە، بەڵام ئازاری نییە، دەگونجێ شینباو دەربکەون، تیشکدەرەوەیە، لە شوێنێکی تاریکدا کاتێک ڕووناکییەک لە گون بدرێت تیشک دەداتەوە، گونەکە وەکو پرتەقاڵیی سوورباو دەردەکەوێت، واتە ئاو لە توورەکەی گوندا هەیە نەک بەشی ریخۆڵە.
- لە زۆربەی کاتدا توورەکەکە خۆی دادەخرێتەوە، بەڵام ئەگەر تاوەکو ساڵ و نیوێک دانەخرایەوە پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە.

**تێبینی :**

1- دەرپەڕیوی لە کچدا ڕوودەدات، بەڵام بەشێوەیەکی کەم، هێلکەدان یان بۆڕیی هێلکە دێتە نێو ڕێڕەوەکەوە، پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت بۆ جیاکردنەوەی هێلکەدان لەگەڵ گەورەبوونی لیمفەگرێ

2- جۆری دیکەی دەرپەڕیوی هەیە لە منداڵدا وەکو: دەرپەڕیوی سەر ڕان، ناوک، گەدە و سورێنچک.




# ڕۆژی سەربەخۆیی لە هەولێر نمایش دەکرێ

**دەریاز یونس- ڕووداو- هەولێر**

دوای یەکەم نمایشی فیلمی ئەنگری بێردس لە شاری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گرووپی سینەماکانی ئیمپایەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند کە گرێبەستێکی نوێیان واژۆ کردووە و یەکەم نمایشی فیلمی سینەمایی "ڕۆژی سەربەخۆیی" لەسەر ئاستی هەموو جیهان لە هەولێر دەبێت. لاریسا دۆنەیت، بەڕێوەبەری بازاڕکاری لە گرووپی سینەماکانی ئیمپایەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/7/4 بۆ یەکەمجار لە هەموو جیهاندا فیلمی سینەمایی Independence Day لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت، ئەم فیلمە بەرهەمی کۆمپانیاکانی هۆڵیوودە و ڕۆناڵد ئیمێریچ-ی ئەڵمانی کاری دەرهێنانی بۆ دەکات.

ڕۆژی سەربەخۆیی، ساڵی 1996 یەکەم بەشی بڵاوکراوەتەوە، بەشی دووەمی ئەم فیلمە ئامادەیە و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بۆ یەکەمجار لە هەولێر نمایش دەکرێت. بودجەی فیلمەکە 200 ملیۆن دۆلارە و ویل سمیس ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێ.



# مێلیسا خۆی پێ لە هەیفا و نانسی باشترە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

مێلیسا، خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی خۆی لە تەواوی هونەرمەندانی لوبنان پێ هونەرمەندەترە، چونکە دەڵێت یەکەم ئافرەتە لەگەڵ ئەستێرەکانی جیهان کاری کردووە.

مێلیسا بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم لە هەموو هونەرمەندانی عەرەب و لوبنانی بە هونەرمەندتر دەزانم، ئەم قسەیەم غرور نییە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە من گەنجم و باوەڕی زۆرم بەخۆم هەیە".

مێلیسا دەشڵێت "خۆم لە هەیفا وەهبی و نانسی عەجرەمیش بە هونەرمەندتر دەزانم، من یەکەم گۆرانیبێژی لوبنانم کە توانیومە ئەستێرەکانی جیهان ڕازی بکەم کارم لەگەڵ بکەن".

مێلیسا لەبارەی نوێترین پرۆژەی هونەریی خۆیشی گوتی "کار بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی نوێی گۆرانی دەکەم، چەندین سوپرایزی تێدایە، با بۆ کاتی بڵاوکردنەوەی بێت".



# هیندییەکان لەدوای بەهرەمەندانی کورد دەگەڕێن

**ڕووداو- هەولێر**

مانیش شارما، پرۆدیوسەری سینەمای بۆلیوود کە کاری لەگەڵ ئەستێرەکانی سینەمای هیندستان کردووە، لەوانە سەلمان خان و ئانێل کاپوور، ئێستا بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەستێک لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد لە کوردستانە.

شارما دەڵێت "ئەم سەردانەم بۆ کوردستان تەنیا بۆ واژۆکردنی گرێبەستێک بوو لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد، بەڵام بەدواداچوونی باشم کرد و بۆم دەرکەوت کوردستان شوێنێکی باشە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی. لە کاتی گەڕانەوەم ڕاپۆرتێک لەبارەی کوردستانەوە ئامادە دەکەم. بەنیازیشین سەنتەرێکی دۆزینەوەی بەهرەی هونەری لە کوردستان بکەینەوە".



# دانیمارک فیلمێکی کوردی بڵاودەکاتەوە




**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیای لێڤڵ کەی دانیمارکی بۆ بڵاوکردنەوەی فیلم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای هەنێ کردەوە بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمی کلاسیکۆ لەسەر ئاستی جیهان.

هەڵکەوت مستەفا، خاوەنی کۆمپانیای هەنێ و دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە ساڵێکە لەلایەن چەندین کۆمپانیاوە داوام لێکرابوو گرێبەستیان لەگەڵ بکەم بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمی کلاسیکۆ، بەڵام باشترین پلانی مارکێتینگ بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای لێڤڵ کەیەوە پێشکەش کرا، بۆیە ئەو گرێبەستەم لەگەڵ ئیمزا کردن".

تینە کلینت، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای لێڤڵ کەی لەبارەی ئەم فیلمەوە بە ماڵپەڕی سکرین ئینتەرناشناڵی ڕاگەیاند کە خۆشحاڵن بە ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستە لەگەڵ هەڵکەوت مستەفا بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمی کلاسیکۆ لەبەرئەوەی وەک ئەو گوتی "هەستێکی بەرزی ڕۆحی و هونەری نیشان دەدات".

کلاسیکۆ فیلمێکی سینەمایی کوردی نەرویجییە و لەلایەن کۆمپانیای هەنێ بە بڕی پتر لە دوو ملیۆن دۆلار بەرهەمهاتووە.



# فۆتۆگرافەرێکی کورد لە مۆسکۆ یەکەم بوو

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

یونس محەممەد، فۆتۆگرافەری کورد، بە فۆتۆستۆرییەک لەژێر ناوی "بەناوی ئایین" بەشداریی فێستیڤاڵی مۆسکۆی بۆ فۆتۆ کرد و لە دوو بەشی جیادا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

یونس محەممەد دەربارەی ناوەڕۆکی فۆتۆستۆرییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فۆتۆکانم باس لەو خەم و ئازارانە دەکەن کە نەتەوەکەمان لە ماوەی دوو ساڵدا لە دەست داعش چەشتوویەتی، فۆتۆکانم خەمی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانیان لەخۆ گرتووە، هەروەها خۆڕاگریی پێشمەرگە نیشان دەدات".

یونس لە فێستیڤاڵەکەدا کێبڕکێیەکی توندی لەگەڵ چەندین فۆتۆگرافەری جیهانی کردووە، بەڵام دواجار تامی سەرکەوتنی چەشت. یونس دەڵێت، توانیم لە هەردوو بەشی شەڕ و دۆکیۆمێنتاری فێستیڤاڵەکە پلەی یەکەم بهێنم. گوتیشی "مەبەستی من گەیاندنی ئەو پەیامە بوو کە داعش ئایین وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاردێنێ و لەژێر هەمان ناو، دەستدرێژیی کردووەتە سەر خەڵکی کوردستان".



# ماریا گۆرانییەکی کەمەندی دەڵێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

کچە گۆرانیبێژ ماریا هەورامی گۆرانی بەینی من و تۆی هونەرمەندی کۆچکردوو عەباسی کەمەندی دەڵێتەوە و لە دوای جەژنی ڕەمەزان بڵاوی دەکاتەوە.

ماریا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناتوانم بڵێم کارەکەی تازە دەکەمەوە، بەڵکو وەکو گوێگرێکی هەمیشەیی ئەو هونەرمەندە مەزنە سەرسامی گۆرانییەکانیم و پێم باش بوو بە موزیکێکی تازەوە ئەو گۆرانییەی بڵێمەوە، ئەگەر بوێرییشم لە خۆمدا شک نەبردایە گۆرانییەکەم نەدەگوتەوە".

هەفتەی ڕابردوو کلیپکردنی گۆرانییەکە لەلایەن دەرهێنەر دلێر عومەر لە شاری سلێمانی کۆتایی هات و بڕیار وایە بۆ جەژنی ڕەمەزان بڵاوبکرێتەوە.



# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ
کاتێک دەزانیت بیروبۆچوونەکانت ڕاست نین پێداگیری لەسەر مەکە، نواندنی نەرمی لەگەڵ چواردەور کەسایەتیت بەهێز دەکات. ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون دەکەیت، بەڵام کارەکانت نۆرماڵ بەڕێوەدەچن.

## گا
سەرقاڵبوون بە بابەتی لاوەکی، لە کارە سەرەکییەکانت دووردەخاتەوە، بڕیاری گەشتکردن بڕیارێکی دروستە و دوودڵ مەبە. ژیان ئەزموونی جوانی فێرکردووی، بەکاری بهێنە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووت.

## دووانە
خۆت لە باسوخواس بەدوور بگرە، حسابی ورد بۆ هەڵسوکەوتی ئەوانەی چواردەورت مەکە، ئەو کارانە جێبەجێ بکە کە بروات پێیانە. بە ناسینی کەسێک هەست بە بەختەوەری دەکەیت.

## قرژاڵ
هێمن و لەسەرخۆ هەنگاو بنێ، بە قسە و هەڵسوکەوتێکی بێزارکەر بەرامبەرەکەت تووڕە مەکە. بە گەڕان و پەیوەندی ئاسوودە دەبیت و پەیوەندییەکی ئەڤینداری دەدۆزیتەوە، بەشداری چالاکیی هاوڕێکانت بکە.

## شێر
پەیوەندیی خۆشەویستیت بە کاتێکی قورسدا تێدەپەڕێت، سەبرگرتن ئەنجامی باشتری دەبێت لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت. لەو جۆرە پلانە مەترسە کە لە پشتتەوە کار دەکات، چونکە ناتوانێ بەربەستت بۆ دروست بکات.

## فەریک
کرانەوەیەک لە باری داراییدا ڕوودەدات و هەندێک لە دڵتەنگییەکانت دەڕەوێتەوە. بەکارکردنی بەردەوامت خەریکە ئاواتێک بەدی دەهێنێ. خۆشەویستەکەت هەوڵی خۆشی پێیە.

## تەرازوو
خۆت لە گفتوگۆی بێ سوود بەدوور بگرە چونکە تەنیا کات بە فیڕۆ دەدات. لە کۆتاییدا ئەنجام گرنگە نەک ڕوونکردنەوەی هۆکاری شکست و دۆزینەوەی پاساو. کاتێکی باشە بۆ دەرخستنی توانا و شارەزایی.


## دووپشک
بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت گرنگ توانای ئێستایە کە ئایا دەتوانی کامیان بهێنیتە دی، هەوڵ بدە ژیرانە هەنگاو بنێی. هیچ بڕیارێکی کتوپڕ مەدە.

## کەوان
بیرۆکەی باش پێویستی بە دیاریکردنی کاتی باشە بۆئەوەی بکرێتە کردەوە. هێمن بە لەگەڵ ئەوانەشدا کە بە توندی ڕووبەڕووت دەبنەوە.

## گیسک
گوێ لەو کەسانە بگرە کە چاکەی تۆیان دەوێت، لەم هەفتەیەدا هەواڵێکی خۆش دەربارەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت دەبیستی. دەتوانی بڕیارێکی گرنگ بدەی لە بارەی خۆشەویستەکەتەوە.

## سەتڵ
ئەگەر هیوا و ئاواتی زۆرت هەبێت ڕەنگە هەموویان پێکەوە بەدی نەیەن، دەکرێ کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتێکی گەورە بکەی کە قەرەبووی شکستەکانی دیکەت بۆ بکاتەوە. ئاسوودەیی هەوڵی زیاتری دەوێت.

## نەهەنگ
کاتی بەختەوەرییە، لەم هەفتەیەدا گۆڕانێکی خۆش ڕوودەدات کە لە ناخەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت. کارەکەت بە جیدی بکە و هەر کەمتەرخەمییەک بەقورسی لەسەرت دەشکێتەوە.



# مەحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت!



کامەران سوبحان

## ڕۆژێک پڕ لە نوور

مەلایەکی 62 ساڵەی ریش ماش و برنجی، چاو گەورەی برۆ ئەستوور، پڕ لە ویقار و شکۆ، لە جەژنێکی گەورەی نەتەوەییدا، پێچەوانەی زۆر لە هاوپیشە و هاوبیرو باوەڕەکانی خۆی، گوتار دەدات و بە متمانەیەکی زۆرەوە بە خۆی، هەموو گیان و جۆش و خرۆشی بۆ ئاهەنگگێڕانی دەردەبڕێت، بەشداریی ئەو مەلایە و گوتارە کورتەکەی هێندەی دیکە ئاهەنگی نەورۆز و بەهاری ساڵی 1938 بە جۆشتر و ڕازاوەتر دەکات.

لەو ئاهەنگەدا، گەنج و پیر و منداڵ، کوڕ و کچ، جووتیار و فەرمانبەری دەوڵەت و هەموو چین و توێژەکانی دیکە لە سەنتەری شار کۆبوونەوە. مەلا چووە سەر بانێژەی ئاهەنگگێڕانی نەورۆز و بە دەنگێکی بەرز و گڕەوە دەستی بە گوتارەکەی کرد و گوتی: (ئەمڕۆ ڕۆژێکە پڕ لە نوور، دونیا ماڵە لە سروور، ژاڵە دەدرەوشێتەوە، لالە دەگەشێتەوە و دارو درەخت دەپشکون، فەلەک وەک خێوەتی زبر جەدی هەڵداوە، زەمین کەوای ئەتڵەسی سەبزی گوڵ گوڵی لەبەر کرا......نزیکە بڵێم ئەرز و سەما کەوتووەتە ڕەقس و سەما. ئەمە چ باس و خواسە چ ئەسەرە، چ خەبەرە، بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی مورادە، نەورۆزی گەلە، ڕۆژێکی زۆر موبارەکە، ئەوەڵی بەهارە، یەکی ئیعتیدالی لەیل و نەهارە، جەژنە جەژنی ئوممەتە، جەژنی مەحەبەت و ئولفەتە.)

ئەم گوتارە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بەتایبەتی لەناو دەستەبژێری کورد و شاعیرانی ئەو سەردەمەدا. ساڵێ پاش ئەم نەورۆزە، پیرەمێرد لە سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازی و نەتەوەییەی مەلای گەورەی کۆیە کرد. پاش پێنج ساڵ بەسەر ئەو گوتارەی نەورۆزدا، کاتێک مەلای گەورەی کۆیە کۆچی دوایی دەکات، پیرەمێردی شاعیر لە شیعرێکدا کە لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوی کردەوە، ئاوا خەمی خۆی بۆ ئەو مەرگە دەردەبڕێ:

**ئۆف نەمردم مەرگی ئەویشم دی**
**با وجود دوای مەلای کۆیە**
**ئیتر غەم و ماتەم و ئەلەم بێ**
**با ئیتر غەمی دونیا هەمووی بابێ**

## تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی

لە 72 ساڵی تەمەنیدا، زیاتر لە 20 هەزار لاپەڕە بابەتی هەمەجۆری نووسیوە. ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە دەستنووس و شیعر و نووسینەکانی لە بەغدا و کۆیە فەوتاون. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا، کە ئەو نوێنەری شاری کۆیە بووە لە پەرلەمانی عێراق، بەشێک لە نووسینەکانی بە زمانی (کوردی و عەرەبی و فارسی) فەوتاون و بەشێکی زۆری ئەوانەشی کە پارێزراون تا ئێستا چاپ نەکراون.

نووسینەکانی مەلای گەورە، شیعر و بابەتی ئاینی و فیقهی و تەفسیری قورئانن. بۆ من وەک خوێنەرێک تەفسیرەکەی بەناوی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) کە دە بەرگە، لەگەڵ شیعرەکانی، لە هەموو کتێبەکانی دیکەی بایەخدارترن. هەر بۆیە لە خوێندنەوەی مەلای گەورەدا زیاتر کارم لەسەر ئەم دوو بەرهەمەی کرد.

لە پێشەکیی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی)دا، مەلای گەورە دەڵێت: (گەلێ جار بە دڵمدا دەهات کە تەفسیرێ بە زوبانی کوردی دابنێم، تا خوێندەوارانی کورد لە کەلامی خوا تێبگەن و بەڕێ نیشاندانی قورئانی، ڕێ بۆ مەنزڵی نەجات ببەن... ئەمما بێ هێزیی خۆم و بێ مەیلیی قەومی کورد، منیان لەو کارە خێرە ڕاگیر کرد. تا لەو ڕۆژانەدا دەستەیێ لە جوانان و لاوانی کورد، کە هەریەک بۆ دەستیار و یاوەری ئەنگوستی بۆ (اشتیاق) و ئارەزووی خۆیان نواند، کە تەفسیرێ بە کوردی لەسەریەک دانێم... زۆر پێی کەیف خۆش بووم... منیش کە (جەلی زادە) کاکە حەمەم پێدەڵێن، دەستم کرد بە تەفسیری قورئانی حەکیم و ناوم لێنا (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی).

ئەم تەفسیرە جیاوازە لە هەموو ئەو تەفسیرە کوردییانەی کە تا ئێستا بۆ قورئان کراون. ئەو جیاوازییە بۆ لایەنی زمانەوانی و پاراویی کوردییەکەی و ماناکردنی ناگەڕێتەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندییانە لە تەفسیرەکانی (شێخ محەممەدی خاڵ و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و هەژار موکریانی و ئیبراهیم مەردۆخی)یشدا هەیە، بەڵکو بۆ ئازایەتی ماناکردن و خوێندنەوەی کوردییانەی قورئان دەگەڕێتەوە کە لە ماناکردنی زۆر ئایەت و وشەدا، ئەوەی مەلای گەورە گوتوویەتی، تا ئێستا هیچ مەلایەکی تری کورد جورئەتی گوتنی نەکردووە، بەتایبەتیش لە خوێندنەوەی ڕەهەند و لایەنی میتافیزیکییانەی قورئاندا، چونکە ئەم لایەنە بەشێکی گەورە و فراوانی قورئانی داگیرکردووە، بەڵام ماناکردن و شیکردنەوەی ئەو ئایەتانە بایەخێکی گەورەی بە (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) داوە. لە شیکاری و ماناکردنی وشە و دەستەواژەکانی قورئاندا، زۆر نموونەی شیعریی (حاجی قادری کۆیی، نالی، حافزی شیرازی، خیام، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، سەعدی، جەلالەدینی ڕۆمی و موتەنەبی و..هتد) دەهێنێتەوە. بۆ نموونە لە ماناکردن و شیکردنەوەی ئایەتی (والصبح اذا تنفس)دا، جگە لەوەی زۆر باسی پێکهاتەی ڕۆژ و شەو دەکات کە چۆن خوای گەورە ژیان بەسەر شەو و ڕۆژدا دابەش دەکات، لە شیکردنەوە و ماناکردنی ئایەتەکەشدا، ئاماژە بەو دێڕە شیعرەی نالی دەکات کە دەڵێت:

**هەناسەم زوڵفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی**
**(نسیم) ئەنگوت و شەو رابورد و نەرگسی هەر لەخەودایە**

ئەمە جگە لە شیکردنەوەی وردی وشە و دەستەواژە قورئانییەکە و لە چەند شوێنێکی تریشدا، نموونەی شیعری لە شاعیرانی تری کورد و عەرەب و فارس دێنێتەوە و بە وشە و زمانی بەرزی پەخشانئامێز ئایەتەکان مانا دەکات.



دانیشتووەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست: عەبدولڕەحمان خدر، بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق، مەلای گەورە، ساڵح زەکی بەگ ساحێبقران و قایمقامی کۆیە
ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست: سەلاحەدین کوڕی قایمقامی کۆیە، مەجید نورەدین و محەممەد خەلیفە

لە لێکدانەوەی ئایەتەکاندا بە توندی ڕەخنە لە خورافاتی شێخ و مەلای نەخوێندەواری کورد دەگرێ بۆ هەڵفریواندنی خەڵکی عەوام و نەخوێندەوار. لە چەندین شوێندا نموونەی شیعریی هێناوەتەوە. جگە لە تەفسیرەکەی، لە شیعرەکانیشیدا ئەو لایەنە خورافییەی شێخ و ئاینداریی بێ زانستی کوردی ڕەخنەباران کردووە.

## ژن لە تەفسیر و شیعرەکانیدا

گرنگترین و کاریگەرترین بەشی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) تەفسیر و ماناکردنی ئەو ئایەتانەیە کە تایبەتن بە ژنان و مافەکانیان، بەدەر لە ماناکردنی ئایەت و وشە و حوکمەکانی ماف و ئەرکی ئافرەت کە مەلای گەورە لە هەر 10 بەرگەکەی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) مانای کردووە. زۆر شتی نوێ و جیاواز لەسەر مارەیی و ماف و ژیانی هاوسەری و هەڵبژاردنی هاوسەر و زۆر شتی تری ئافرەتان دەڵێت و نموونەی گرنگی مێژوویی لەسەر ژیانی کورد و ژنانی دیکەی دونیا دێنێتەوە. ئەمە جگە لەو زمانە پەخشانئامێزەی کە مانا و شیکاریی ئایەت و وشەکانی پێکردووە، لە لێکدانەوەی ئایەتی ( يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ فَإِن كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ) مەلای گەورە دەڵێت: (بۆ مێیان چ گەورە چ گچکە، چ بە هۆش، چ بێ هۆش، بەشی هەیە لەوەی دایک و باوک و خزمانی نزیک (تەرک)یان کردیە، مەڵێن ژن بۆ چییانە؟ (حەوائیج)ی (بەشەری) زۆرە. خۆتان ئەڵێن: عومری درێژ شەرم لەکەس ناکا، پیرییە، کوێرییە، دەردەدارییە، (عەوارز) زۆرە، ئەوانیش لە میرات وەرگرتن (موستەقیل)ن. بۆ نێر بە قەدەر پشکی دوو مێ، مەسەلەن کوڕێک و دوو کچ، لە چوار دووی کوڕەکەیە، کچان یەکی یەک، (شەریعەت)ی (ئیسلامەت)ی وەک فیترەت (تەرجیح)ی لای نێری بەسەر مێدا دەدا، وە بە (موقابیل)ی ئەوانەی (مەیل)ی مێیەتی (زیاد) دەکەن، وە عەرەبیش لەلایەک (عار)یان بە مێیە، لەلایەک مەلائیکە ئەکەنە (بەناتوڵلا)، ئیجاب دەکا (جەنب)ی زکورەت (تەرجیح) بدرێت لەسەر (جەنب)ی مێیینەیی (مەعەئەنەهو) ژن لە گەلێ جیهەت (حیصە) مەندە، کە پیاو لەو (جیهەت)ە بێ بەشە. ماڵی پیاو بۆ کێیە؟ هەر بۆ ژنان نییە؟" ئەمە جگە لە چەندین نموونەی جیاواز لەسەر ژنی کورد و پێکهاتە و ئاستی ڕۆشنبیرییان و هاندان بۆ خوێندەوارییان.

**بڵێن بە قەومی کوردان**
**دەستی من و دامێنیان**
**عەیبە بە حەقی یەزدان**
**ژن هێنان و تەڵاقدان**
**ژن زینەتی دونیایە**
**ئەمانەتی خودایە**
**حەبیبی موستەفایە**
**قەڵاتن لەبۆ مێردان**
**ژن ئەگەر بە حورمەت بێ**
**بێ زیللەت و زەحمەت بێ**
**بە تەربیە و ڕەحمەت بێ**
**دڵ گوشاد و لێو خەندان**

## بە(با)یاندا، ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی

لایەنێکی بایەخداری ژیان و بەرهەمەکانی مەلای گەورە دیوانە شیعرییەکەیەتی، بەدەر لە مەسعود محەممەدی کوڕی، عەبدولخالق عەلائەدین و کەریم شارەزا و چەند نووسەرێکی دیکەی کورد هەڵوێستەی جیاوازیان لەسەر کردووە. دیوانە شیعرییەکەی، شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و سیاسی و دڵداری لە خۆ دەگرێت. بێگومان هەندێ لە شیعرەکانیشی وەک دەستنووس فەوتاون. یەکێک لە گرفتەکانی بەرهەمەکانی مەلای گەورە ئەم لایەنەیە، کە بەشی زۆری کتێبەکانی و ئەو 20 هەزار لاپەڕەیەی نووسیویەتی، بڵاونەکراونەتەوە و خوێنەر پێیان ئاشنا نییە.

مەلای گەورە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی لەبەر بووە و سەرسام بووە بە دونیای شیعریی ئەو، هەر بۆیە زۆر جار بەدەر لە (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) لە گوتار و نووسینەکانیشیدا ئاماژەی بە شیعری حاجی قادری کۆیی داوە.

لە شیعری (شۆخی کوردی) دا دەڵێت:

**تەماشای لار و لەنجەی شۆخی کوردی**
**دەخیلم ئەم عیشوەیە کێ فێری کردی**
**چ داغ و ئاگرێکی دا بە جەرگم**
**بە کوڵمی سوور و خاڵی لا زەوەردی**
**بە شەو دیم و لە دەرگەی خۆی فەرمووی**
**سوبحانەللەزی ئەسرا بیعەبدی**
**بە پارچێکی ترنجۆک خۆی پۆشی**
**بەڵێ مەککارە بویتە نەقشبەندی**
**خەبەردانی لە خۆت کاتێ دەزانی**
**بە فێڵی ساحیرانە عەقڵی بردی**

مەلای گەورە چ لە کتێب و نووسینەکانی، چ لە گوتار و هەڵوێستی ڕۆژانەی هەمیشە دژ بە سۆفی و شێخ و ئەو کەسانە بووە کە بەناوی ئاین و دینداریییەوە خەریکی گەوجاندن و گێلکردنی خەڵک بوون. ئەم بیروباوەڕە بە ڕوونی لە چەند شیعرێکیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە شیعری (هەتا شێخێ بمێنێ) بەم شێوەیە گوزارشت لەو بۆچوونانەی خۆی دەکات:

**هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ**
**ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ**
**تەریقەی قادری و نەقشبەندی**
**بەبایدا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی**
**هەموویان بوونە سۆفی و پیر و دەروێش**
**بە بەرماڵ و بە سبحە و ڕشتە و ڕیش**
**هەموو بێ ئیش و بێ کار و تەوەزەل**
**ورگ پان و مل ئەستوور و سەلک زل**
**لەوان و ئەرزێم تا حەدی جافان**
**تەوەلا بوون لە عەقڵ و عیلم و عیرفان**
**بەوی شۆلی بەوی عەقل و تەمیزی**
**موحەقەق قەومی کورد نایەتە ڕێزی**
**بە ڕیشی پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ**
**بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ**
**بە کەشکۆڵ و سواڵ و فەقر و زیللەت**
**مەحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت**
**هەموو بێ هۆش و بێ گۆش و نەزانن**
**ئیدارەی موڵک و میللەت چۆن دەزانن**

ڕووداو
ژمارە (414) دووشەممە 2016/6/27

# ڕۆمان و ژیاننامە... جیاوازی و هاوشێوەیی

سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

ڕۆمان لە سەرەتای پەیدابوونییەوە، زیاتر پشتی بە ئەزموونە کەسییەکان دەبەست و ڕۆماننووس بابەتی واقیع و ژیانی ڕاستەقینەی خۆی، یان خەڵکانی دیکەی دەکردە بابەتی نووسینەکانی، ئەمەش گومانی ئەوەی دروست دەکرد کە ئەو ڕۆمانانە گوزارشت لە ژیانی خودی نووسەرەکە دەکەن و یاداشتنامەن، یاخود بە جۆرێکن کە ڕۆماننووس بە مەبەست ویستوویەتی ژیانی خەڵکانی دیکە بنووسێتەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، چەندین جۆر ڕۆمان پەیدا بوون کە زۆر جار جیاوازن لە ژیانی نووسەرەکەی، یان دوورن لەوەی نووسەر ویستبێتی ژیانی خەڵکێکی دیاریکراو بکاتە بابەتی ڕۆمان.

لە ڕووکاردا لێکچوونی زۆر لە نێوان (ڕۆمان) و (ژیاننامە)دا هەیە، بەوپێیەی هەردووکیان پشت بە کەسایەتی و ڕووداوەکان و شێوازی گێڕانەوە دەبەستن، بەڵام لە جەوهەردا جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەیە.

زۆرجار ڕۆمان پشت بە ئەزموونی خودی ڕۆماننووس، یان کەسایەتییەکی ڕاستەقینە دەبەستێ و ژیان و خەڵکی ڕاستەقینە دەبنە بابەتی ڕۆمانەکە. لە بەرامبەردا ژیاننامەش سوود لە تەکنیک و هونەرەکانی ڕۆمان وەردەگرێت بۆ جوانکردنی دەقی ژیاننامەکە و دارشتنی بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری، بەڵام هەرگیز هەردووکیان یەک بابەت نین و جیاوازییان لە نێواندا هەیە. چونکە ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمان، پەنا بۆ چەند بنەمایەک دەبا کە جیاوازن لە پێکهاتە و بنەماکانی نووسینی ژیاننامە یان بیرەوەری و یاداشتنامە، ژیاننامەش پشت بە جۆرە جیاوازەکانی هونەری گێڕانەوە دەبەستێ و ئەو ڕووداوانەی دەیگێڕێتەوە ڕاستەقینەن، نەک خەیاڵی و فەنتازی، وەک ئەوەی کە لە ڕۆماندا بەکاردەهێنرێن.

جۆرج مای، پەیوەندییە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هەر یەک لە ڕۆمان و ژیاننامە دیاری دەکات. ئەو پێیوایە: ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینی گێڕانەوەئامێز بەکاردەهێنێ، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە ڕۆمان دەیکات، هاوکات ڕۆمانیش بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو جۆرە گێڕانەوەیە بەکاردێنێ کە بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش ئەو شێوازەیە کە لە یاداشتنامەدا بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا ڕۆمان لە سەرەتادا بەزۆری بە شێوەی کەسی سێیەمی تاک دەگێڕدرایەوە. بە بۆچوونی جۆرج مای، دوای بەکارهێنانی کەسی یەکەمی تاک لە یاداشتنامە و گواستنەوەی ئەم شێوازە بۆ ناو ڕۆمان، دیسان لەناو ڕۆمانیشدا بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەرییانەتر، دەچێتەوە ناو ژیاننامە و لە نووسینەوەی ژیاننامەدا بەکار دەهێنرێتەوە. ئەمەش ڕادەی ئاوێتەبوون و تێکئاڵانی ئەم دوو ژانرە و کارلێکی نێوانیان دەردەخات.

بەیەکداچوونی ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە، واتا (ڕۆمان) و (ژیاننامە)، بە جۆرێکە کە زۆرجار تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن، تەنانەت هەندێ لە توێژەران وای دەبینن سنوور لە نێوان ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا نەماوە، بەڵام ئەمە بۆچوونی زۆرینە نییە، چونکە هەرچەندە سنووری نێوان دەق و ژانرە ئەدەبییەکان تەنک و کاڵ بێتەوە، یان تا ڕادەیەکی زۆریش بەیەکدا بچن، هێشتا ناتوانین سنووری نێوانیان بسڕینەوە یان ئەو سنوورانە نەبینین. بۆ نموونە بە سادەترین پێناسە دەتوانین جیاوازیی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژیاننامە و ڕۆمان ببینین. ژیاننامە بریتییە لە گێڕانەوەی مێژووی ژیانی کەسێک لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا کاتی نووسینی ژیاننامەکە، یان تا کاتی مردنی (ئەگەر خاوەنی ژیاننامەکە خۆی نەینووسیبێتەوە)، بەڵام ڕۆمان مێژوو نییە، ڕەنگە گوزارشت لە سەردەمێکی مێژوویی بکات، بەڵام هەرگیز نابێتە مێژوویەکی پوخت و موجەڕەد.

کات، لە ژیاننامەدا زۆربەی جار بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات و بە شێوازی زنجیرەیی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان دەڕوات، واتا (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)، کات دیاریکراوە و هەمان ئەو کاتەیە کە مرۆڤ لە واقیعدا تێیدا دەژی و پەیوەستە بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە، بەڵام کاتی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، بەپێی هونەرکاریی ڕۆمانەکە، گۆڕانی بەسەردا دێت و چەندین جۆر و شێوازی گێڕانەوە هەیە، کات لە ڕۆماندا نزیککراوە و خەیاڵییە.

شوێن، لە ژیاننامەدا ڕاستەقینەیە و ئەو شوێنانەیە کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، بەڵام لە ڕۆماندا دەشێ ڕاستەقینە بێت و دەشێ خەیاڵییش بێت، زۆربەی کاتیش ڕۆماننووس پێویستی بە دروستکردنی شوێنی خەیاڵی هەیە، یان شوێنە ڕاستەقینەکان بەکار دێنێت، بەڵام دەستکارییان دەکات و لەگەڵ ڕووداوەکان دەیانگونجێنێ.

بە تێکەڵکردنی هەردوو هونەری (ڕۆمان) و (ژیاننامە) و لە چوارچێوەی هونەرەکانی گێڕانەوەدا، (ڕۆمان، داستان، چیرۆک، ژیاننامە و...) و بە تایبەتیش لەناو جۆرەکانی ڕۆمان، ژانرێک هەیە پێی دەگوترێ: ژیاننامەی ڕۆمانئامێز (السیره الروائیه).

ژیاننامەی ڕۆمانئامێز: کارێکی داهێنەرانەی (دووڕەگ)ی ئەدەبییە، تێکەڵاوکردنی دوو هونەری گێڕانەوەی دیار و ناسراوە کە ئەوانیش بریتین لە ژیاننامە یاخود یاداشتنامە و بیرەوەری لەگەڵ (ڕۆمان). واتا ڕەگەزەکانی ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، پشت بە هەردوو ژانری (ڕۆمان) و (ژیاننامە) دەبەستێ.

لەم ژانرە ئەدەبییەدا، ژیاننامەی هەر کەسێک بگێڕدرێتەوە، دەبێ بەپێی ئەو مەرجانە بێت کە گێڕانەوەی ئەدەبی دەیخوازێ، واتا هاوشێوەییەکی تەواو نییە لە نێوان ئەم هونەرە و هونەری گێڕانەوەی ژیاننامە، یان نووسینی یاداشتنامە، کە تەواو واقیعین و گێڕانەوەی ڕاستەقینەی ژیانی کەسەکانن.

ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، توانای جۆراوجۆر و بێکۆتا بە نووسەرەکەی دەدات و دەستکراوەی دەکات بۆ ئەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و فەنتازیا بکات کە هەر یەکە لەم دووانە، واتا چ ڕۆمان و چ ژیاننامە، ناتوانن بە تەنیا ئەم کارە بکەن.

هەموو ژیاننامەیەکی ڕۆمانئامێز، ئەندازەی باسکردنی ژیاننامەی کەسەکانیان وەکو یەک نییە، هەندێکیان زیاتر گرنگی بەوە دەدەن کە بە تەواوی ژیاننامەی خۆیان، یان ژیانی ئەو کەسانەی دەیانەوێ باسی بکەن بخەنەڕوو، بەڵام هەندێکیان هەوڵ دەدەن ژیانی کەسەکان، لەگەڵ بەشێکی زۆری خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ بکەن، واتا هەوڵ دەدەن کەسایەتییەکان زیاتر وەکو سیمبولێک بەکار بێنن، نەک ئەوەی بیانەوێ ژیاننامەی کەسەکە بە وردی بنووسنەوە.

لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، ژیاننامەی گەلێ ڕۆماننووس لەناو ڕۆمانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەیە لە کۆنترین ڕۆمانی کوردی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جافەوە دەبینرێ و لە گەلێ ڕۆمانی دیکەی کوردی و تا ئەو ڕۆمانانەی ئێستاش دەنووسرێن، درێژەی هەیە. لە ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)دا، کەسایەتی نووسەری ڕۆمانەکە (ئەحمەد موختار جاف) لە ناو کاراکتەری زۆراب دەبینرێ، وەکو دکتۆر عادل گەرمیانی دەڵێت "لە نێوان سروشتی کەسێتی زۆراب و ژیانە سروشتییەکەی کەسێتی ئەحمەد موختار جافی ڕۆماننووس، هەندێ لێکچوون هەیە، بۆ نموونە هەردووکیان لە هەڵەبجە لەدایک بوونە، هەردووکیان دەبنە ڕەئیسی قەزا کە ئێستا قایمقامی پێ دەگوترێ، هەروەها هەردووکیان دەبنە ئەندامی پەرلەمانی ئەو سەردەمەی پاشایەتی".

سابیر ڕەشید لە کتێبەکەیدا (ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار) نموونەی زۆرێک لەو ڕۆمانانەی هێناوەتەوە کە کاریگەری ژیانی ڕۆماننووسەکانیان بەسەرەوەیە و ئەو کاراکتەرانەی دیاری کردووە کە دەشێ ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ڕۆماننووس بن و لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش ئەو وتەیەی کلیف جیمسمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێت: "هەموو ئەو ڕۆمانانەی لە سەرەتا نووسراون، ژیاننامەیەکی دەمامکدراون، هەر ئەم ژیاننامانەن کە بوونەتە ڕۆمانێکی دەمامکدراو".

- موسوعة السرد العربي (2)- د. عبدالله ابراهيم، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، طبعة موسعة (2008).
- ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار (بەشی یەکەم)- سابیر ڕەشید، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (2007).
- بين الرواية والسيرة الذاتية- د. سلطان سعد القحطاني- صحيفة الشرق الأوسط، العدد (10901)، الخميس (2 اكتوبر 2008).





# بەرهەمهێنانی ملکەچی

حەمەسەعید حەسەن

نووسەر خەریکی ئەوەیە، دونیایەکی تایبەت بە خۆی بهێنێتە گۆڕێ، دونیایەک لە خەیاڵی بەپیت، لە تامەزرۆیی گەرموگوڕ و لە فیکری گەشی مرۆڤدۆستی. نووسەر کە لە واقیع نائومێد و بێزار دەبێت، هانا بۆ ڕامان دەبات و بۆشاییە ڕۆحییەکانی، لەڕێی خەون و خەیاڵەوە پڕ دەکاتەوە. ناکرێت نووسەر بیت و شەیدای سرووشت نەبیت، گوڵ، مەل، درەخت، مێرگ و چەمت خۆش نەوێت و نەکەویتە دیالۆگەوە لەگەڵیاندا، ئاخر نووسەر کە هەست بە تەنیایی و غەریبی دەکات، ئەوە سرووشتە لێ ناگەڕێت هاوسەنگی لە دەست بدات و هەر سرووشتیشە بوار نادات زێی خەیاڵی لە خوڕە بکەوێت.

ئەوە گرینگ نییە، لەبارەی چییەوە دەنووسین، بەڵام هەمیشە ئەوە جێی بایەخە، خوێنەر چێژ لە نووسینمان وەربگرێت، ئاخر نووسینی بێ چێژ، جەستەیەکە بێ گیان. نووسین سەر بە هەر ژانرێک بێت، خەیاڵ ڕۆڵێکی گرینگی تێدا دەبینێت،چونکە بەبێ ئازادکردنی مەلی خەیاڵ، چێژ بەرهەم نایەت. نووسین ئەو تاقە هێزەیە کە لەسەر ئاستی دونیا، کۆت و زنجیری دوورەپەرێزی و تەنیایی تێکدەشکێنێ، چونکە ئەوە نووسینە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە هەر گۆشەیەکی ئەم دونیایەدا بن، بکەوینە دیالۆگەوە. نووسینی پڕ لە چێژ نەبووایە، ڕۆحمان تووشی بەبیابانبوون دەهات، هەر بۆیە (فرانز کافکا)یش دەڵێت: (کتێب ئەو تەورەیە، بەستەڵەکی ناخمان دەشکێنێت.)

نووسین: ئایین و ئایدۆلۆجیا و ئامانجی نووسەرە، ئەوەی وا بیر نەکاتەوە و خۆیشی بە نووسینەوە سەرقاڵ بکات، هەر چییەکی لێ دەربچێت، نووسەری لێ دەرناچێت. نووسەر بەهۆی نووسینەوە، ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە و وابەستەیی خۆی بە نیشتمان و بە مرۆڤایەتییەوە دەسەلمێنێت. نووسەر بە هۆی نووسینەوە، پارچەکانی گۆزەی شکاوی دڵی و ڕۆحی لەتلەتبووی پێکەوە دەنووسێنێتەوە. نووسەرێک توانای نووسین لە دەست بدات، ئەگەر لە گۆمی خەمۆکیشدا نەخنکێت، ئەوا تەنیایی لە لێواری مەرگی نزیک دەکاتەوە.

کە لەناکاو ئەم یان ئەو نووسەر، تووشی ئەم یان ئەو گرێی دەروونی دەبێت، زادەی ئەوەیە، بە کەویکردنی مەحاڵەوە سەرقاڵە و بەخت یاوەری نابێت. نووسەر لە ناخەوە ئارام نابێت، ئەگەر بە گژ دونیای زاڵمی دەرەوەدا نەچێتەوە، (ڕاستگۆ و ڕاشکاو مەبە، با ڕقیان لێت نەبێت! بە درۆ ستایشیان بکە، با خۆشیان بوێیت!) نووسەر گوێ لەو مۆچیارییە ناگرێت. نووسەر وەک چۆن کەس بە مامۆستای خۆی نازانێت، ئەو مافەیش بە خۆی ڕەوا نابینێت، ڕۆڵی مامۆستا وازی بکات، وەک چۆن ملکەچی باوەڕ و نەریتی کۆن نابێت، (ملکەچی)یش بەرهەم ناهێنێت.

نووسەر بەوە قایل نابێت، بزر بڕیار لەسەر چارەنووسی حازر بدات و جڵەوی زیندوو، بە دەست مردووەوە بێت. ئایا لە چواردە سەدەی ڕابردوودا، عەقڵ هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەدیوە، تا هەر ملکەچی عەقڵی دێرین بین؟ وەک چۆن شیعر گیاندارێکی کێوییە، بە کێش و سەروا ماڵیی ناکرێت، نووسەریش مل بۆ ئەو ڕێسا و یاسایانە کەچ ناکات، کە بە تێپەڕبوونی زەمان، سەردەمیان بەسەر چووە. نووسەر ڕووی دەمی هەم لە بژاردەیە و هەم لە زۆرینەیش، ئاخر نوێنەری هەموو ئەوانەیشە کە بۆیان نەڕەخساوە قسەی دڵیان بکەن، ئاخر زۆر جار پەیڤین بە زمانی زۆرینە، گەرموگوڕییەکی تێدایە، وەک مەحاڵ وایە، لە زمانی دەستەبژێردا هەبێت.

نووسەر ڕەخنەگرانە مێژوو دەخوێنێتەوە، ئاخر ئەوە ئیشی ئەو نییە، مێژوو پیرۆز پیشان بدات. ئەوانەی دیرۆک پیرۆز پیشان دەدەن، مەبەستیان ئەوەیە دەست بەسەر ئێستا و داهاتوودا بگرن. لە ڕوانگەی نووسەری ڕەخنەگرەوە، کەلەپوور تەلارێک نییە پڕ لە چارەسەر، کەلاوەیەکە تژی لە کێشە، بۆیە ئەگەر پرکێشیی ئەوە نەکەین ڕەخنە لە ڕابردوومان بگرین، با بە ئومێدی داهاتوویەکی گەش نەبین. گەلێک مێتۆد هەن بۆ ئەوەی ڕەخنەیان پێ لە مێژوومان بگرین، بەڵام مێتۆدێکیان کە نائومێدمان ناکات، مێتۆدی مەتەریالیزمی دیرۆکییە. کارڵ پۆپەر گوتوویەتی: (عەقڵیش وەکوو چەتر وایە، تا نەیکەینەوە، سوودی لێ وەرناگرین.) بۆچی گەلانی وەڵاتانی ئیسلام، دیلی دەستی دیرۆکن؟ چونکە عەقڵی ئیسلامی، عەقڵێکە داخراو، چواردەوری بە شوورەی بڵند و دیواری ئەستوور گیراوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە، هێشتا کەلەپووری ئیسلام، نە دابڕانیکی یەکلاییکەرەوەی بە خۆیەوە بینیوە، نە خراوەتە بەر لێپرسینەوەیەکی ڕاستەقینەوە.

کە مرۆڤایەتی یادگەیەکی هاوبەشی هەیە، ئەوە زادەی ئەو نووسین و کتێبانەیە، ڕەخنەگرانە سەیری کەلەپوور دەکەن، چێژ دەبەخشن، بە گژ تاکڕەویدا دەچنەوە و ستران بۆ باڵای ئینساندۆستی دەچڕن. لە هەر جێیەک بەهایەک بە ناوی (فرەیی)یەوە هەبێت، ئەوە بە هۆی ڕۆمانەوە سەری هەڵداوە و جێپێی پتەو بووە، ئاخر ئەوە ڕۆمانە دان بە جیاوازییەکاندا دەنێت، ئەوە بۆیە لە هەر کوێیەک ڕۆمان هەبێت، دیموکراتییش هەیە.

ئایینێک با ملیاردێک شوێنکەوتوویشی هەبێت، نەک هەر هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە گرێ نادات، بەڵکوو دەشێت، هەوێنی خۆشکردنی ئاگری شەڕیش بێت، لەگەڵ خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی دیکەدا، بەڵام ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، ئەو داوە پتەوەیە، مرۆڤایەتی بەچاوپۆشین لە جیاوازییەکانیان، وەک مووروەکانی ملوانکەیەک پێکەوە کۆ دەکاتەوە. شەڕ چونکە زادەی تەقینەوەی ئەو ڕقەیە کە لە دەروونی ئینساندا کۆ دەبێتەوە، قەت نابێتە هەوێنی چاکتربوونی ئینسان، شەڕ هەمیشە ئینسان خراپتر دەکات. (ئینسان کە باڵاترین بەهایە، حەیفە لە مەکینەی حیزبدا، ببێتە بورغوویەک و حەیفە لەپێناوی قازانجی بازرگانانی شەڕدا، بە کوشت بچێت.) ئەوە یەکێکە لە پەیامەکانی خاتوونە نووسەری بێلاڕووسیایی، سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ کە 2015 نۆبێڵی لە ئەدەبدا وەرگرت.

ستۆکهۆڵم
2015/6/21

(1) محمد سبيلا، التراث بين النقد والتبجيل 5 مايو 2016 الإتحاد الثقافي، دبي.
(2) محمد الحرز، المنقذ من التصحر الإنساني 2 مايو 2016 الإتحاد الثقافي، دبي.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# پیاوی عاقڵ

کاتی خۆی، ئەگەر رەوانشاد جەوهەر نامیق یاسای بودجەی هەرێمی شی بکردایەتەوە، بڕۆکەکت خوێندەواریی هەبووایە، تەواو لە کەموکورتی و گرێ و گۆڵی یاساکە حاڵی دەبووی، بەرچاویشت بۆ چارەسەر روون دەبوو، دۆست و نەیاریش قەبووڵی بوو چونکە وەک ئێستا فیتی حەرامزادەی تێدا نەبوو. ئێستاکێ کابرا دێتە سەر تیڤی، لەسەر رەقەم ژمارە ریز دەکات، وەک حەسەن زیرەک ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە، عەرش و عرووشی هەڵدەوشێنێ کەچی حاڵی نابی باسی چی دەکات! هەر ئەوەندە دەزانی دژە و تەواو، خۆی چاکە و خەڵک سەگبابە و تەواو، تێگەیشتن لە سەت پەڕەی هیگڵ، لە خوێندنەوەی نیو پەڕەی شرۆڤەکاری کورد ئاسانترە.

دەڵێن لە کۆنفرانسێکدا زیاد لە جارێک نموونەی گرێبەستەکانی نەوت بۆ سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانی کوردستان روونکراوەتەوە، سەرۆک حیزبێکی دیار و ناسراو هەر حاڵی نەدەبوو. تۆ لەوە گەڕێ سەرۆک حیزبێکی سیاسی بە دووجار شیکردنەوە لە هێڵی گشتیی گرێبەستێکی نەوت حاڵیی نابێ، عەوامی نەخوێندەوار، کە نەک ئینگلیزیی زمانی گرێبەستەکان، کوردییش بە باشی نازانێ، بێشەرم لەسەر تیڤی رەخنە ریز دەکات، بە عەقڵێکی تۆزاوییەوە باسی شەفافیەت دەکات.

زۆربڵێی هیچبڵێ هیچی لێ حاڵی نابی، ئەویش مەبەستی نییە حاڵییت بکا، چونکە خۆیشی حاڵی نەبووە، بەڵام کاتێ بزنسمانێکی سەرکەوتووی وەک فاڕووقی مەلا مستەفا رەخنە لە سیاسەتی نەوتی کوردستان دەگرێ، دەبێ گوێ بگرین و قسەکانی بەهەند وەربگرین.

مەسەلەی ئەوەی کە خەڵک لە سیاسەتی نەوت تێنەگەیشتوون، تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە وشەی (نەوت) وشەیەکی تەواو هەورامییە و لەوانەیە شێوەزارەکانی دیکە لێی حاڵیی نەبن، هی ئەوەیە کە هەر لە رۆژی یەکەمەوە پیاوێکی عاقڵی بێ غەلوغەش، نە نوخبە و نە عەوامی حاڵیی نەکردووە.

ئێستاکێ کە خەڵک بایی نووکە دەرزییەک متمانەی بە حکومەتەکەی خۆی نەماوە، کە متمانەی بە بەڵێنەکانی نەماوە، کە باوەڕی بە چارەسەرییەکانی، کە نزیکەی هەموو خەڵک باوەڕی بە دامودەزگە و وەزارەتەکانی، بانکەکانی، پلان و کۆنفرانسەکانی نەماون، تازە ئەم حکومەتە بەپێوە بچێتە سەر قورئان و سوێند بخوا کەس باوەڕی پێ ناکات. ئاخر جیاوازیی نزیکەی ئاسمان و ڕێسمانە، ئەگەر هیچنەزانێک لە فەیسبووک شۆڕشی پەڕۆ بەرپا بکات، یان کەسێکی وەک جەوهەر نامیق لێکدانەوە بکات.

ئەو حیزبانەی حکومەتی کوردی بەڕێوەدەبەن، دەبێ چاوەڕێ نەبن بەم زووانە بێمتمانەیی خەڵک برەوێتەوە، ئاخر ئەوە خۆیان بوون رێژەی هیچنەزانی زماندرێژیان لە فراکسیۆنەکانیان زیاد کرد و ژمارەی پیاوی عاقڵیشیان نزیکەی یەکسان بە سفر کرد. ئەوە بەرهەمی دەستی خۆتانە دەیدروونەوە، تازە ئەگەر کارێک بکەن لە هی حکومەتی سویسراش بچێت، هەر بە گومانەوە تەماشا دەکرێت. دەک یارەبی پیرۆزتان بێت.

---



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مەترسییەکانی دوای داعش

زۆرینەیەک پێیانوایە دوای داعش کۆمەڵێک دەستکەوت بۆ هێزە بەشدارەکانی شەڕ فەراهەم دەبێت و وەک میرات بەسەر سەرکەوتووەکاندا دەبەخشرێتەوە، کوردیش دەیەوێ بەشی خۆی لەو میراتە بەربکەوێ و بە ئەندازەی گۆڕانکاری لە نەخشەی جوگرافیای ناوچەکە و سەرلەنوێ کێشانەوەی هێڵی سنووری وڵاتان، چاوەڕوان و ئومێدی بە ئایندەی ئەم شەڕەیە.

وەک دەرئەنجامی هەر شەڕێکیش، بێگومان کۆتایی داعش گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دێنێت، تەنانەت ئەگەر لە نەخشەو جوگرافیای ناوچەکەش نەبێت، گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز و هاوسەنگیی ناوچەکە دێنێتە ئاراوە. کوردیش چ لە رۆژئاوای کوردستان و چ لە هەرێمی کوردستان، لە دەستپێکی شەڕی داعشەوە قارەمانانە رووبەڕووی داعش وەستاونەتەوە و قوربانی زۆرمان بەخشی لە پارێزگاریکردن لە سنوور و خاکی کوردستان و دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پەڕینەوەی داعش. بۆیە لە هەموو لایەک زیاتر کورد مافی خۆیەتی چاوەڕوانی دەستکەوتی شەڕ بکات و بیەوێ بەری خوێن و قوربانییەکانی بچنێتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کورد دەتوانێت یەکێک بێت لەو لایەنانەی زۆرترین دەستکەوت و بەرهەمی لەم شەڕە هەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەش روون بێت رێگەی گەیشتن بە چنینەوەی بەری رەنج و قوربانییەکان رێگایەکی گوڵرێژ نییە، ئەمەش نەک بەو واتایەی براوەکان لەسەر میراتی بەشەڕدێن و کورد بۆ دەستکەوتەکانی پێویستی بە خولێکی تری شەڕ هەیە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی دابەشکردنی دەستکەوت لەسەر بنەمای پێگە و هێز دەبێت لەسەر ئەرزی واقیع. رەنگە ئێستا کەسانێک بڵێن کاتێک کورد لەشەڕی داعش نەشکێت و بەسەرکەوتوویی بچێتە دەرەوە، بۆ دەبێت لە کۆتایی شەڕ پێگەو هێزی لە هاوکێشەکاندا هێندە لاواز بێت کە مەترسی لە بەرهەمی بەخشینەکانی هەبێت. تا ئێستا کورد لە هەردوو بەشی باشوور و رۆژئاوا سەرکەوتووترین بەرەی دژ بە داعشە، گەرچی هێشتا شەڕ بە کۆتا نەهاتووە و ئەگەرێکی بەهێزە دوای تێکشکاندن یان وەدەرنانی داعش لە بەشە عەرەبییەکانی عێراق، شەڕی داعش روو بکاتەوە کوردستان، لەو حاڵەشدا بەهۆی پشتیوانیی هاوپەیمانان و وره و خۆڕاگریی پێشمەرگەوە، درەنگ بێت یان زوو هەر داعش تێکدەشکێت. پرسیارەکە ئەمەیە ئەی کە کورد براوەی شەڕ بێت لەچیدا رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە؟

رەنگە خوێنەر پێی سەیر بێت گەر بڵێم دوای داعش و بەهۆی سەرکەوتنمانەوە، یەکەم پرسیار دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ئێمە کێین؟ سەرلەنوێ لە ناسنامەمان دەپرسرێتەوە. ئەو خاڵە جەوهەرییانەی پێشتر بووبوونە جێ سەرنجی جیهان و بە ئومێدەوە چاویان لە پێشکەوتنەکانی کوردستان بوو، دەکەونەوە بەر تیشکی چاودێری. ئایا دەتوانین لە خۆمان دڵنیابین لەو تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو دەبین؟ ئەو کۆڵەکانەی لەسەری راوەستابووین وەک خۆیان ماونەتەوە؟ ئەو خاڵی سەرنجدانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پەلکێشی کوردستان دەکرد، هەر جێی سەرنج دەبن؟ یان بە پێچەوانەوە هەر هەمان ئەو هۆکارانەی لە 25 ساڵی رابردوودا چاوی جیهانی خستبووە سەر کوردستان، ئێستا روویان وەردەگێڕێتەوە؟

رەنگە هۆکارگەلی زۆر هەبووبن وەک خاڵی بەهێزی راکێشانی سەرنجی جیهان بۆ کوردستان، بەڵام لە هەموویان بەرچاوتر و جێ ئومێدتر بۆ دونیا، سێ شت بوون، یەکەمیان مەیلی دیموکراسیخوازی بوو کە ئومێدی زۆری لەسەر بینا کرا تا وەک کێڵگەیەک لە رۆژهەڵاتی ناوین لێرەوە پەرەی پێ بدرێت. خاڵێکی دیکەی گەشی ئێمە پێشکەشکردنی وێنای پێکەوەژیانێکی نموونەیی بوو. سێهەمیشیان ئەو سەرەتا گرنگەی کەرتی ئابووری بوو کە زیاتر لە چاوەڕوانی کورد، بووە جێی بایەخ و هێزی پەلکێشکردن بۆ کوردستان.

قارەمانێتی پێشمەرگە و شەڕڤانانی رۆژئاوا، شانبەشانی ئەو سێ پێگە بەهێزەی دیکە، خاڵێکی تری بەهێزی گەورەکردنی وێناکەمان بوو. بەڵام هەڕەشەکە لێرەیە، ئایا دوای داعش وەکوو پێشتر ماوینەتەوە؟

ئابووریەکەمان تووشی پاشەکشێی گەورە هات. مەیلی دیموکراسیخوازیمان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتیش وا بەرەو ساڵی 2017 دەڕۆین و وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، هەلومەرجی ناوخۆیی کوردستان و تەنانەت عێراقیش تا چەندین ساڵی دیکە هەلی هەڵبژاردن ناڕەخسێنێتەوە. ئەوەشی لە هەمووی مەترسیدارترە، تێکچوونی ئەو وێنایەیە کە کوردستان پانتاییەکی ئارامە بۆ هەموو لایەک، ئەو خاڵەی بە ئەندازەیەک سەرنجی ئۆبامای راکێشا، بێ گەڕانەوە بۆ رەزامەندیی کۆنگرێس، بۆ پاراستنی ئەم ناوەندە ئارامە، بڕیاری شەڕی دا دژی داعش.

دەشێ رووبەڕووی رەخنە ببمەوە کاتێک ئێستا کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی لەخۆگرتووە و مافی ژیانیان وەک هەر هاووڵاتییەکی هەرێم پارێزراوە، ئەگەرێکی زۆر هەیە لە نزیکبوونەوەی شەڕ بۆ رزگارکردنی نەینەوا نزیک بە یەک ملیۆن ئاوارەی دیکە رووبکاتە کوردستان، کەچی من نوقڵانەی ئەوە لێبدەم ئێرە پەنای ئارام نابێت بۆیان. بەڵام من قسە لە پێشهاتێک دەکەم کە هێشتا پێی نەگەیشتووین و بەرەوڕوومان دێت.

هیچ گومانم لەوە نییە نەیارەکانمان لەم ناوچەیە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی دەبێت کوردستان بۆ دواوە بگەڕێتەوە، سەرەتای پیلان و هەوڵەکانیان بۆ ئەو ئامانجە کەوتووەتە گەڕ. لەخۆشمان باشتر ئەو کۆڵەکانە دەبینن کە لەسەری بەپێوە راوەستاوین، ئەو پنتانە دەبینن کە خۆمانمان پێیەوە بە جیهانەوە بەستووەتەوە. بەغدا وەک کارەکتەری جێبەجێکار دەتوانێت رۆڵێکی زۆر ببینێ لە دروستکردنی ئەو کەشە سیاسی و ئابووری و رەوشە ناهەموارەی هەرێم. وەک پێشتریش لەم بوارانە کاری کردووەو لە ئێستادا دوو لە کۆڵەگەکانیان لەق کردووین. ئەوەی ماوەتەوە ئەو وێناکردنەی جیهانە بۆ کوردستان وەک ناوەندێکی ئارام بۆ هەمووان. بە دڵنیاییەوە دوای داعش ئەوەش تێکدەدەن.

کەسمان لەخۆمان نەپرسی، کاتێ عەرەبەکانی رومادی، سەلاحەدین، فەللوجە ئاوارە دەبوون و روویان لە بەغدای پایتەختەکەی خۆیان دەکرد، حیکمەت چی بوو دەسەڵاتدارانی شیعە رێگەی مانەوەیان نەدەدان لە عێراق و رەوانەی کوردستانیان دەکردن. ناردنی ئەو ملیۆنان عەرەبەی عێراق بۆ کوردستان، ئامانجی سیاسی و دیمۆگرافی زۆری لەپشتەوەیە، بەڵام ترسناکترینیان ئەوەیە دوای داعش بەغدا درز و ناکۆکی دەخاتە نێوان داڵدەدەر و داڵدەدراوەوە. لەناو ئاوارە عەرەبەکان گرووپی تاوان دروست دەکات بۆ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، دوای کەمتر لە ساڵێکی دیکە تاوانگەلی قێزەون، ژن و منداڵ کوشتن زۆر دەبن. لەناو کوردیش بە هەمان شێوە و ئەنجام بەریەککەوتنی زۆری لێدەکەوێتەوە، ئەوکاتیش بەغدا کە ئێستا خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکات و بە ئاوارەیی دەیاننێرێت بۆ کوردستان، خۆی دەکاتە خاوەنیان و داوای ماف و ئاسایشیان دەکات. وێنایەک دەبینم کە جیهان لێمان نائومێد دەبێت و بەهۆیەوە سێیەم کۆڵەگەش دەشکێت.

ئەمە نەخشەی مەترسییەکی شاراوەیە و پێویستە لە ئێستاوە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لەوەش پێویستتر چارەسەری کێشەکانمانە بە رێگەی دیموکراسیانە، تا زەمینەی پێکەوەییەکی سیاسی بڕەخسێتەوە کە ئێستا هەڕەشەی لەسەرە. بیری وردمان نەبێت بۆ چارەکردنیان، بە دڵنیاییەوە دوای داعش لەبری گەیشتن بە کەناری ئارامی، پێ دەنێینە قۆناغی ناسەقامگیری و نائارامییەوە.

---



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# برێکسیت*

لە وتارێکی پێشووتردا نووسیبووم خەونی یەکێتیی ئەورووپا لە برۆکسلەوە دەستی پێکرد و دەشێت لەوێشدا کۆتایی بێت. بەڵێ دواجار بەریتانییەکان بڕیاری خۆیان دا و ماڵئاواییان لەو ماڵە گەورەیە و ئەو خەونە مەزنەی ئەورووپا کرد کە برۆکسل خەونی بە پایتەختبوونییەوە دەدیت، سەرباری ئەوەی کە لە 2016/2/19دا بیست و حەوت وڵات ناچار بوون ستاتویەکی تایبەت بدەنە بەریتانیای مەزن تا لەو یەکێتییە خۆی ئاوت نەکات و بە بیست و هەشت بمێننەوە، سەرباری بەڵێنەکانی دێڤید کامیرۆن کە هەموو هێز و گوڕی خۆی دەخاتە کار تا باوەڕ بە بەریتانییەکان بهێنێت لەناو ماڵە گەورەکەی ئەورووپادا بمێننەوە، بەریتانیا تەنیا لەناو دەریادا وەکو کەشتییەکی وێڵ و بێ کەنار نەمێنێتەوە، بەڵام دواجار بەرەی ئاوت بردیانەوە و ئینگلیزەکان بەریتانیای مەزن و شکۆی تاجی شاژنەکەیان لە برۆکسل خۆشترویست و دەرگای کەشتیەکەی خۆیان لە دەریادا بەسەر خۆیاندا داخست و بیست و حەوت وڵاتەکەیان جێهێشت و زەنگی یەکەم کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو وڵاتانە و ماڵئاوایی دی لە ماڵی گەورەی ئەورووپا لێدرا. بەڵام ئەمەش گەمەی دیموکراسیەتە و رێزگرتنی ئیرادەی گەلە ئەگەرچی بەرەی دەرچوون لە ئەورووپا بە زۆرینەیەکی زۆر کەمیش لە بەرەی مانەوەیان لە ئەورووپادا بردەوە.

پاش 43 ساڵ لە ئەندامێتی، بەریتانیا لەو خێزانە هاتەدەرێ کە خەونی زۆر مەزنتری هەبوو و تەنیا لە یەکێتییەکدا کۆتایی نەدەهات، بەڵکو خەونی یەک شوناس و یەک سیستەمی شارستانی و یەک وڵاتی لە جیهاندا بەرامبەر ئەوانی دی دەبینی.

ئەوەی لە هاتنەدەرەوەی بەریتانیا دەخوێنرێتەوە و زەنگێکی ترسناکیشە بۆ دووبارەبوونەوەی لە ئایندەدا لە وڵاتانی دیش، جەنگێکی ناوخۆی ئەم کێشوەرە دێرینەی ئەورووپایە لە نێوان خواستی شوناسێکی جیهانگیری و هارمۆنیایەک لە نێوان ئەو هەموو مۆزاییکە جیاوازانەی ئەورووپا و رەگەز و نەتەوانەی یەکدیگر و تێکەڵاوی یەکدی بوون و پێکەوە مانایەکیان بەو سیستەمە شارستانییە بەخشیوە، لە بەرامبەر خواستی بەرەیەکی پەرگیر و کۆنسەرڤاتۆر و نەریتگەراو داخراو بەسەر خۆیدا کە دەیەوێت جوگرافیا و مێژووی ئەورووپا بگەڕێنێتەوە بۆ سەدەکانی پێشووی رۆژە تاریکەکانی پێش رێنیسانس و عەقڵانیەت کە پاشاکان بە هێزی شمشێرەکانیان سنوورەکانیان لە نێوان یەکدیدا لەت دەکرد، بەرەیەک کە خواستی گەڕانەوەی بۆ ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنی و تاکڕەو و وەهمی سەروەریی نەتەوەیەک هەیە بەسەر ئەوانی دیدا کە خودی ئەورووپای لە دوو خوێناویترین جەنگی جیهانیدا وێرانە خاک کرد. ئەوەی روودەدات ململانێی هێزێکی جیهانبینە بە فراوانی و کراوەیی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی و پێکەوە کاری و یەک ئایندەیی لە بەرامبەر هێزێکی بیرتەسک و تۆقیو لە هەموو تێکەڵبوونێک بەوانی دی و لە کرانەوەی سنوورە پیرۆزەکانی لە بەرامبەر هاتنی ئەوانی دیدا.

ئەوەی لەم گەمەیەدا دۆڕاوە، نەوەیەکە لە لاوان و ژیان دۆستان و هێزە لێبوردەکەی ئەورووپا، ئەوانەی بە نەوەی (ئیراسمۆس)** ناسراون کە سنوورەکانی نێوان ئەورووپایان سڕیوەتەوە و رۆژانە بۆ کار و خوێندن و تێکەڵاوبوون لە دەرگای هەموو وڵاتەکانی ئەورووپا دەدەن و پێکەوە زمانێکی دی و کولتوورێکی دییان بە ئەورووپا بەخشیوە و ئایندەشیان هەر لەو یەکگرتووییە و مەزنبوونی ئەورووپادا دەبیننەوە. جێی داخە بێهیواترین و دڵشکاوترین بەرەیەک لەو گەمەیەدا ئەم نەوەیە بوون کە لەبەردەم نەوەی کۆنەپارێز و شۆڤێنییە نوێیەکان و ئەوانەی پێیان دەگوترێ عەقڵە کۆنەکاندا، شکستیان هێنا. لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدایە کە بوار بۆ ئەوە دەکرێتەوە ناسیۆنالیستە عەقڵ داخراو و توندڕەو و ئەنتی ئەورووپاو ئەنتی بیانی و ئەنتی ئەوی دی و ئەنتی هەموو شتە نوێیەکان کۆتایی گەمەکە ببەنەوە لەپاڵ بێهوودەیی و بێهیوایی و کەمتەرخەمی نەوەی لاوان کە تێبینی دەکرێت تادێت بەهۆی سیاسەتی هەڵە و هەمیشە دووبارەی توێژی سیاسی ئەوەی لە ئەورووپادا بە چەپ و راست ناسراون و لەڕاستیدا بۆ نەوەی لاوان زۆر جیاوازییان نییە و هیچیان شتێکی نوێیان بۆ خەون و ئایندەی ئەو نەوەیە پێ نییە، ئەم نەوەیە خۆی لە سیاسەت بەدوور دەگرێت و لە بڕیارە جدییەکاندا وەکو پێویست نایەتە دەنگ و چالاکانە لە رەوتی گۆڕینی کۆمەڵگەدا خۆی نمایش ناکات و تادێت پەنا بۆ بێدەنگی و کۆچ لە وڵاتەکەی خۆیەوە بۆ ئەوانی دی و رەتکردنەوەی هەموو پرۆسەیەکی سیاسی دەبات، بەداخەوە دواجار هەست دەکات ساتێک مەیدانەکەی بۆ هێزێکی کۆنەپارێز و کەنارگیر جێهێشتووە کە هیچ بەدیلێکی بۆ ئایندەی سەرجەم کۆمەڵگەی ئەورووپا پێ نییە جگە لە داخستن بەسەر خۆدا نەبێت، ئەو ساتانە هەمیشە ساتی مێژوویین و دابڕانێک دروست دەکەن کە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە و هیچ پەشیمانییەک رەوتی ئەو مێژووە ناگەڕێنێتەوە دواوە.

بەڵێ ئێستا نەوەیەکی خەون بەباچووی بەریتانی لە لاوان کە هەڵگری شوناسێکی ئەورووپین و جگە لە ئەورووپیبوون خۆیان بە شتێکی دی نازانن، پەشیمانن لەوەی کە ئەگەر چالاکانەتر و بێ کەمتەرخەمی بهاتنایەتە ناو گەمەکەوە و بڕۆشتنایە بۆ بنکەکانی دەنگدان، ئەوا مێژوو بە جۆرێکی دی دەبوو. بۆ کۆمیدیای مێژوو ئەو هێزە عەقڵ داخراوانەی کە بەترساندنی ملیۆنان کەس لە نەوەیەکی پیر و بەساڵاچووی دەرەوەی شارەکان و ناو ئەو گوندانەی کە هیچ بیانی و پەناهەندە و کۆچبارێکیش روویان تێناکات، لەوەی کە رۆژێک دێت ئەوان لە خاکی خۆیاندا ببنە بیانی و وڵاتەکانیان ببێتە ماڵی کۆچبار و ئیسلام و تیرۆر و.. هتد، هانیان دەدەن کە بە حەماسەتەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆن و گەمەکە لە بەرژەوەندیی هێزە راسیست و توندڕەوەکان کۆتایی پێ بهێنن.

تازە پاش دەرچوونی بەریتانیا، ئەورووپا وەکو خۆی نامێنێت، دەبێت جارێکی دی بیر لە فۆرمی ئەو شوناسە بکرێتەوە کە بەبێ یەکێک لە دێرینترین و مەزنترین نەتەوەکانی چۆن دەبێت، ئیدی لەم شانۆ نوێیەدا کێ نمایشی شوناسێکی نوێ دەکات؟ شکسپیر تراژیدیا و مەرگ و سەروەری و تەماعەکانی هەموو میر و پاشاکانی ئەورووپای نووسییەوە، کێ دێت چیرۆکی لێکدابڕان و زیزبوونی ئەو برا ئەورووپیانە نمایش بکات کە لەدوای نمایشی شانۆکانی شکسپیر و تراژیدیای پاشاکانی ئەورووپاوە فێر بوون لە ماڵێکدا پێکەوە بژین کە ئێستا سەرەتای جیابوونەوە تیایدا دەستی پێکرد؟ بەڵێ ئەورووپا وەک پێشوو نابێت، گوڵی خەونی برۆکسل تادێت هەڵدەوەرێت، وەک فرانسوا هۆلاند دەڵێت ئێمە لەبەردەم مێژوودایین، چ ئەورووپایەک چاوەڕوانمان دەکات؟ خۆداخستنەوەی هەرلایەک بە تەنیا بەسەر خۆیدا یان بەردەوامبوون لە گەیاندنی ئەورووپا بەو شوناسەی بۆی دروست بوو؟

ئایا لەم جیهانەدا کە نەتەوەکانی بەبێ تێکەڵبوون بە یەکدی ناژین و کە پایتەختەکانی بوونەتە جیهانێکی بچوکی پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان، جوانی و سەروەریی نەتەوەکان بە بچووکی مانەوەیانەوە لە گۆشەیەکی تەنیادا یان بە گەورەیی و مەزنی لە پانتایی هەموو جیهاندا، ئەمەش پرسیارێکی فەلسەفی دێرینە کە هەموو بیرمەندەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد بۆ ژیان لە جیهانێکدا هەر لە مانیفێستی نێو نەتەوەیی مارکسەوە تا ئەو رەگەزپەرستانەی تەنیا باسی شکۆ و سەروەریی نەتەوەیەک دەکەن بەسەر ملکەچیی ئەوانی دیدا.

*** برێکسیت: چوونە دەرەوەی بەریتانیا**
**** ئێراسمۆس Erasmus : پرۆگرامی ئەورووپی بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان لە زانکۆکانی ئەورووپا**

---



رابەر تەلعەت

# کوردبوون، نەتەوە یان دەوڵەت؟

بەدرێژایی مێژووی ناسیۆنالیزم، بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوە و توندوتیژی دوو رووی یەک دراو بوون. لەقاڵبدانی دانیشتووان و خەڵک لەدوای رووخانی ئیمراتۆرییەکان لەنێوان سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا، چ لە رۆژئاوا و چ لە رۆژهەڵات، بە جیاوازیی پێکهاتەیی و زمان و کولتوورەوە، پرۆسەیەکی توندوتیژ بووە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بنیاتنانی نەتەوەگەلێک کە هەموو شتێکیان لەیەک بچێت، نەک هەر ئەوەندەش، بگرە کێشانی سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی و دارشتنەوەی چەندبارەی جوگرافیای سیاسیی وڵاتان هاوکات بووە لەگەڵ چەندین جەنگی خوێناوی و توندوتیژیی ناوخۆیی و دەرەکی بە هەردوو جەنگە جیهانییەکەشەوە.

جیاوازیی زمان، نەتەوە و ئیتنیک، ئاین و مەزهەب و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەست، گرنگترین رەگەزەکانی توندوتیژین لە پرۆسەی جیاکردنەوە و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا. ئەورووپا تاوەکو دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لەسەر هەموو ئەو ئاستانەدا قورسترین قۆناغەکانی توندوتیژی و پێکدادانی لەڕێگای بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا تێپەڕاند و رۆژهەڵاتیش هێشتا لەناو پرۆسەکەدایە. لەم نێوانەدا بەبێ ئەوەی بچمە سەر باسی وردەکارییەکانی ئەو مێژووە، پرسی کورد و شەڕی داعش و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت، مەبەستی ئەم وتارەیە.

بە سەرنجدان لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی تێبینی ئەوە بکەین کەوا پرۆژەی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، ناتوانێت خۆی لە شەڕ و توندوتیژی بەدوور بگرێت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە شەڕی داعش ئەوەی نیشانداین کە ئەو دۆخەی تاپێش ئەو کاتەش هەمانبوو، نەتوانرا خۆی لە شەڕ و توندوتیژی بپارێزێ. کوردستان و پرسی کوردی چ وەک ئەوەی کە هەیە و چ وەک ئەوەش کە بەرەو راگەیاندنی دەوڵەت هەنگاو بنێت، شەڕ و توندوتیژی بژارەیەکی سەپێنراوە بەسەریدا، لەم نێوانەشدا هیچ رێگایەک بۆ گەڕانەوە نییە، بۆیە هۆشیاریی کوردی لەسەر ئاستی تاکەکەسی و گشتی، دەبێت ئەم دۆخە قبوڵ بکات.

ئەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە ناوماڵی کورد لە باشوور و تەنانەت لە پارچەکانی دیکەش رێکبخات، لاوازیی ئەو هۆشیاری و هەستکردنەیە بەوەی کە ئەم دۆخەی ئێستا هەیە، دەتوانێت مەترسی بێت یانیش دەرفەت. لە مێژووی نەتەوەکاندا، مەترسی و دەرفەتەکان، میکانیزمێکی کاریگەر بوون بۆ یەکخستن و بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی، بەڵام بۆ کورد ئەم بابەتە هێشتا نەیتوانیوە بخزێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و نەتەوەییەوە، ئەمەش بۆخۆی جێگای پرسیارە، ئایا ئێمە لە کوێی قۆناغی بەنەتەوەبوون و بە دەوڵەتبووندایین، لەکاتێکدا هیچ دەرفەتێک، مەترسییەک، یان شانازییەک بەیەکەوە کۆمان ناکاتەوە؟ ئەوە کام پرۆسەیە کە ئێمە ئاراستە دەکات بەرەو بەدەوڵەتبوون، لە کاتێکدا هیچ تراژیدیایەک، نە ئەنفال و نە هەڵەبجە نەیتوانیوە ئێمە لە ئاست بوونی خۆمان بە ئاگا بێنێتەوە؟

لەڕووی تیۆرییەوە، هەندێک جار دەوڵەت پێش نەتەوە لەدایک دەبێت، هەندێک جاری تریش نەتەوە دەوڵەت بۆخۆی دروست دەکات. ئێمە وەکو کورد ئاشکرایە کە دەوڵەتمان نییە، بەڵام ئایا ئێمە نەتەوەین؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە، نامەوێت بچمە سەر تیۆرەی نەتەوە کە باس لە یادەوەری و زمان و هەستی لێکنزیکی و هاوبەشی دەکات، تەنیا دەمەوێت قسە لەسەر پرسی هەستکردن بە مەترسی و دەرفەتەکان بکەم. بۆ هەرێمی کوردستان، وەک دیفاکتۆیەکی سیاسی و ئیداری و سەربازی، شەڕی داعش بەرچاوترین نموونەی بەرجەستەکردنی هەردووکیانە بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت. لەلایەکەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوەی کە تائێستا هەمانە، لەلایەکی تریشەوە دەرفەتە چونکە پێگەی کورد لە رێگای شەڕی داعشەوە لەناوچەکە و لەناو هاپەیمانێتی نێودەوڵەتیشدا بەهێز بووە.

هەرێمی کوردستان، سەرکردایەتی سیاسی و حیزبەکانی، میدیا و ناوەندە رۆشنبیری و ئەکادیمیەکانی، بەدرێژایی 25 ساڵی رابردوو، لە پرسی بنیاتنانی نەتەوەدا نەک هەر لاواز بوون، بەڵکو رۆڵی خراپیشیان گێڕاوە، لەو روانگەیەوە بەجێگای ئەوەی کەوا کوردبوون وەک پرسێکی ئۆنتۆلۆژی چاوی لێ بکرێت، دەبینین وەک میکانیزمی بەرژەوەندی ناوچەیی و حیزبی بەکارهاتووە. کوردبوون وەک نەتەوە هێشتا لە سەرەتاییترین قۆناغی گەشەکردنی خۆیدایە، بۆیە پرسی بەدەوڵەتبوونیش بەلای زۆرێکەوە، شتێک نییە جگە لە گوتارێکی سیاسی. پرسی بنیاتنانی نەتەوە، جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوەی زۆرە، بەڵام ئەم باسە دەتوانێت یەک گۆشە بخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە هۆشیاریی ئێمە بۆ هەڵسانگاندنی بوونی خۆمان لاوازە و تێکەڵکراوە بە پرس و خواستی سیاسی لەسەر ئاستی حیزبی و تاکەکەسی، هەستکردن بە مەترسی و دەرفەتەکان نەبووە بە بەشێک لە سیاسەتی دامەزراندنی نەتەوە و نەبووە بە پرسی گشتی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کانتۆنی سلێمانی

## 1

بزووتنـەوەی گـۆڕان هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە، پێیوابوو کـە دەبێ حیزبێکی ناوچەیـی بێت و مـەرج نییە بتوانـێ لە هەموو کوردستانی باشـوور ڕێکخستن و پێگەی هەبێ. هاوکات باوەڕی بەوە هەبوو کە پارتی لە ناوچەی نفـوزی خۆی ڕێگـەی پێ نادات کاری سیاسـی بکات. هەر بۆیەش سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە قـەت لە گردەکـەی زەرگەتە نەهاتنـە خوارێ و بـارەگای سـەرکردایەتیی خۆشـیان نەهێنایـە هەولێر. پێشـهاتەکانی ئەو دواییەش دەریخست کـە ڕێکخسـتنەکانی دەرەوەی سـلێمانیی ئـەو بزووتنەوەیـەش لەرزۆکن و جێی متمانە نین، بە تایبەت کە خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی سـلێمانی سەنگەریان گواستەوە بۆ ناو پارتی.

لـە دوای ڕێککەوتنەکـەی 17ی مایسـی رابـردووەوە، لـە ئەدەبیانی سیاسـیی گۆڕان و یەکێتیدا، پێداگیرییەکی سەیر لەسەر مەسەلەی دژایەتیکردنـی دوو ئیدارەیـی و یەکگرتوویـی و ئـەو شـتانە دەکرێت، بەڵام لەڕاسـتیدا 10 ئەوەندەش کار بۆ بە هەرێمکردنی سـلێمانی، گەرمیـان و هەڵەبجـە دەکرێت و هەڕەشـەی لامەرکەزی و سەردانی سەربەخۆی پارێزگاری سـلێمانی بۆ بەغدا و تەنانەت ئامادەسازی بۆ دانوسـتاندنی گۆڕان و یەکێتـی لەگەڵ بەغدا، نیشان دەدات کە پێش ئەوەی کەرکووک نیازی ئـەوەی هەبێ ببێتـە هەرێمێکی سـەربەخۆ، سلێمانی لە ئامادەسازیدایە.

گۆڕان هەر لەسەرەتاوە پێیوابوو کە دەکرێ سلێمانی بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و بڕیاری سیاسـیی خۆی بەدەسـت خۆیەوە بێت. هەر بۆیەشە بەو ڕێککەوتنەوەی کە لەگەڵ یەکێتی کردی، شەرمی ناوچەگەرێتیی یەکێتی شکاند و لە حیزبێکی سەرتاسەرییەوە کردی بە حیزبی ناوچەیەکی دیاریکراو. ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەرەوەی سلێمانی زۆر نیگەرانن و دەشزانن چ پاڵنەرێک لە پشت ئەو ڕێککەوتنەوە بووە.

تاکـە ڕەمـزی مانـەوەی یەکێتـی لەنـاو حکومەت و ئیـدارەی هاوبەش لەگەڵ پارتیدا، جێگـری سـەرۆکی حکومەتـە و بزووتنەوەی گـۆڕان، یەکێتـی بـە هەمـوو تواناکانییـەوە ڕاکێشاوەتەوە سلێمانی.

لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا، ئەگـەر پارتی نەچێتـە ژێر باری ڕێککەوتـن لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی و ئەو بارودۆخە درێژەی پێ بدرێت (کە پێدەچێ گۆڕان قەناعەتی بە یەکێتی هێنابێت وردە وردە دەسـت لە حوکمڕانی لەگەڵ پارتی بشـوات)، دوور نییە لەژێر ناوی لامەرکەزیەتی ئیداری، ناوچەکانی نفـوزی یەکێتی و گۆڕان، بکرێنە کانتۆنێک یان چەند کانتۆنێک و بەغدا و تارانیـش دەمودەسـت ئامـادەن هـەم ئەو کانتۆنانە بەڕەسـمی بناسن و هەمیش هەموو جـۆرە یارمەتییەکـی دارایـی و ئابووریی پێ ببەخشـن. بەو حاڵەی ئێستا، پێناچێ پارتی لە جیابوونەوەی سلێمانی ناڕەحەت بێت، یان بە تەنگ مانەوەیەوە بێت، بۆیە ئەگەر نایەوێ ئەوە ڕووبدات، دەبێ هەنگاو بهاوێت.

# پەیامەکەی بارزانی

## 2

تەوافوقی درێژخایەنی سیاسـی لە کوردسـتان لـە 23ی حوزەیرانـی 2015 لەبار بـردرا. بۆیەش هەڵبژاردنی ڕۆژی ڕاگەیاندنی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێکەوت نەبوو، بگرە مەبەست لێی ئـەوە بوو کە لە سـاڵوەگەڕی سـەرهەڵدانی ئەو قەیرانە سیاسـییەدا، حیزبەکانی کوردستان لانیکەم لەسەر چارەنووسسازترین بابەتی مێژووی کوردسـتان کۆبنەوە و میکانیزمەکانـی ڕیفراندۆم دیـاری بکـەن. دیـارە لەوەشـدا مەبەسـت تەنیا ڕیفراندۆم نییە، بگرە هاوکات دۆزینەوەی ڕێگاکانی ئەکتیڤکردنەوەی پەرلەمان و گەیشتنە بە تەوافوقی سیاسی.

بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی خەریکـی (هەڵـە) دۆزینەوە و ژماردنی هەڵەکانن! پەیامەکەی بارزانی بـێ قسـوورە، چونکـە نە خـۆی وەکـو مەرکەز دانـاوە و نە هیـچ بڕیارێکیشـی داوە، تەنها وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردەیەک کە ئێستا هەموو دنیا وەکو نوێنەری گەلی کورد لە باشـووری کوردسـتان مامەڵەی لەگـەڵ دەکـەن، ئەو پەیامەی بەنـاوی خۆیەوە بڵاوکردووەتەوە. بە قسەی ئەوانە بێت، دەبووایە بارزانی لە 19ی ئابەوە لە ماڵی خۆی دانیشتبایە و هیچ قسەیەکی نەکردبایە!

بارزانی داوا دەکات و ئەمری نەکردووە. بەڵام خۆزگە بارزانی لەو پەیامەیدا، ڕاسـتەوخۆ داوای لە نەوشـیروان مسـتەفا و تێکڕای سـەرکردەی حیزبـەکان کردبایـە کـە دانیشـتنێکی لووتکە ئەنجـام بـدەن و کۆتایـی بـەو قەیرانـە بێنن. چونکە پەنجا کۆبوونەوەی حیزبەکان نە دەتوانێ قەیرانەکە چارەسـەر بکات، نـە دەتوانێ ببێتە هۆکاری کاراکردنـەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. هەر وەک چۆن لە 23ی حوزەیرانەوە تا 19ی ئاب و دواتریش تا 12 ئۆکتۆبەر، هەموو کۆبوونەوە و دانیشتنەکان بێسوود بوون. چونکە دوو کارەکتەریان نوقسان بوو کە ئەویش بارزانی و نەوشـیروان مستەفا بوون. ئەگەر بهاتبا و لەو ماوەیەدا تەنیا یەک دیداری لووتکە ئەنجام درابا (وازیان لە مەحکەمە و مەحکەمەکاری هێنابایە)، ئێسـتا زۆر شت دەگۆڕا و وەکو ئێستا نەدەبوو. یەکێتـی و گۆڕانەکان دەبێ ئـەوە قەبوڵ بکەن کە ئێسـتا بارزانی کاریگەرترین سیاسەتمەدار و ڕێبەری کوردە، بەڵام پارتییەکانیش دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەن کە بارزانی ناتوانێ بێ نەوشـیروان مسـتەفا لەبارەی چارەنووسی میللەتەوە بڕیاری یەکلاکـەرەوە بدات، بە تایبەت ئەگەر ئەو بڕیارە بۆ دەنگدان بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان.

# زامی رووداو

## 3

ئـەوە یەکەمجـار نییـە کـە رووداو و تێکۆشـەرەکانی دەکرێنـە ئامانـج و دواجاریش نابێت. سـەرباری ئەوەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئیرەیی و ڕقی بەرپرسان، لە دەرەوە و ناوەوە مەیدانی کاری ڕووداوی بەرتەسـک کردووەتـەوە و دەیانجار ڕووبـەڕووی هێرش، پەلامار و ڕفانـدن بوونەتـەوە، بـەڵام دڵنیاین لـەوەی کـە ڕووداو پەنجەرەیەکـی شـەفافی کوردستانیانە بەسـەر دنیای خۆیـان و دەرەوەدا. هەروەهـا بووەتە پردێـک لـە نێـوان جیهانـی دەرەوە و کوردستان. پردێک کە نە لەسەر بنەمای ناشـیرینکردنی وێنەی کوردسـتان و نە لەسـەر پێداهەڵگوتنی کەمایەسییەکان بنیات نەنـراوە. ئاوێنەی ڕاسـتەقینەی ئەوەیـن کە لـە کوردسـتان ڕوودەدات، بۆیـە "وەڵامـی ئاوێنـە بـەرد نییە"... بەرزەفریـن و ئـازاد، بـەڵام "لە عورفی ئێمەدا، سزای فڕین تفەنگ نییە".

خەتای ئێمە نییە :"تەنها یەک کەس دەگاتە لوتکەی مێژوو، بەڵام هەر گۆج و قاچ شکاوێک، تەیموری لەنگ نییە.."*

**غەزەلی بەناوبانگی محەممەدی سەلمانی*



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# هەولێر دژی تاران بێت؟

تۆپبارانکردنی دەوروبەری سـیدەکان و حاجـی ئۆمەران لەلایەن ئێرانەوە ڕووداوی چاوەڕواننەکـراو نییـە. کارێـک کـراوە و ئێستا کاردانەوەی بەدوادا هاتووە. کاتێک حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران و دوای ئەویش حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر سنوور نمایشی سەربازییان دەکرد، پرسـیاری کەمتر پرسـراو بەڵام هەمیشە ئامادە ئەوەبوو کە بۆچی ئێران بێدەنگە؟ بەڵام پرسـیاری ئەوەشـی بەدوای خۆیدا دەهێنـا کـە: تاکەی تەڤگـەری ڕۆژهەڵات لەبەر خاتری باشوور بێدەنگ بکرێت؟

لێدوانی نوێنەری حکومەتی کوردستان لـە تـاران، کـە لەگـەڵ دەسـتپێکردنی تۆپبارانـەکان قسـەی بـۆ ڕووداو کـرد، سـەرنجڕاکێش بـوون. چونکە قسـەکانی دروسـت ئەوە بوون کە چاوەڕوان دەکرێت کاربەدەسـتێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسـەر ئـەو ڕووداوانە بیـکات. جا مادام کاربەدەسـتانی ئێرانـی لـە میدیاکاندا وا بەڕاشـکاوی قسە ناکەن، نازم دەباغ باش دەکات قسـەکانی ئەوانمان بە کوردییەکی ڕەوان بـۆ تەرجەمـە دەکات. هۆشـداریی تاران، وەک دەباغ بۆ ڕووداو باسـی کرد، ئەوەیـە کـە ڕێککەوتنیان لەگـەڵ هەولێر هەیـە و نابـێ باشـووری کوردسـتان بۆ "تێکدانی ئاسایشـی ئێران" بەکار بهێنرێ. ئەمەشـیان لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە جڤینی تایبەتـدا بە سـەرکردایەتیی کوردسـتان گەیاندووە.

هەولێـر لـەو نێوانـەدا کەوتووەتـە پێگەیەکـی دژوارەوە. لەلایەکـەوە دەبـێ دڵنیایـی بداتە تاران کە هاوسـێیەتییەکی بـاش و ئـارام و بەرهەمداری لەگەڵ ئێران دەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ لەڕووی ئەخلاقییـەوە جوابگـۆی ئـەو پرسـیارە دڵتەزێنەی تەڤگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت کە لە باشـووری دەکات: چەند ساڵی دیکـە لەبـەر خاتری ئێوە چـاوەڕوان بین و شۆڕشـی خۆمان بەقوربانی پەیوەندیی باشی هەولێر و تاران بکەین؟

ئارگومێنتی بەهێز لەدەست حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتیش حیزبی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران ئەوەیـە کـە پەکەکە قەت ڕەچـاوی تایبەتمەندیی باشـووری نەکرد. ئێسـتاش لە قەندیلەوە سەرپەرشتی شەڕێکی خوێناوی دەکات کە لە باکووری کوردستان ڕوودەدات. ئەمەش پێگـەی پەکەکـەی هێندە بەهێـز کردووە کـە دەوڵـەتی وەک ڕووسـیا و ئەمریکاش ناتوانـن مامەڵـەی لەگەڵ نەکـەن. ئەوان دەڵێـن: کاتێـک پەکەکـە ئەمـەی کـرد، ئەزموونی باشـوور لەنێـو نەچوو، کەواتە بۆچـی بـە دەسـتپێکردنەوەی تەڤگەری چەکداری لە ڕۆژهەڵات ئەزموونی باشـوور لەنێودەچێت؟

هەولێـر لەنێـوان بەرداشـی گوشـار و چاوەڕوانییەکانـی ئێـران لەلایـەک و گلەیـی و پێداگیرییەکانـی تەڤگـەری ڕۆژهەڵات لەلایەکی دیکەوە، پێویسـتی بە دۆزینەوەی ڕێگەی سـێیەم هەیە، ئەویش بریتییـە لە گێڕانی ڕۆڵـی نێوانگیر. ئەمە ڕێگەیەکـی درێـژە و کاری زۆری دەوێت، بەڵام کاتی خۆی لە تورکیاش دانوستاندن لەنێـوان دەوڵـەت و پەکەکـە لـە مەحاڵ بـە مەحاڵتر دەزانرا. ئـەوکات هەوڵەکانی سەرکردایەتیی کوردسـتان و بەتایبەتیش نێوانگیریـی نێچیرڤـان بارزانی، داننان بە ئۆجەلان و گەیشـتنی فراکسیۆنی گەورەی کوردی بە پەرلەمانی تورکیای لێکەوتەوە، کـە بەداخـەوە دواتـر ئـەو هەوڵانـە لەباربـردران. دەکـرێ بـۆ ڕۆژهەڵاتیـش لەجیاتی ئەوەی هەولێر موجامەلەی تاران یان تەڤگەری ڕۆژهەڵات بکات، بەڕاشکاوی تێیانبگەیەنێت کـە ناتوانێت لەبەرخاتری لایەکیـان دژی لایەکەی دیکە بێت. بەڵکو دەتوانێ ئەو ڕۆڵی نێوانگیرییە بگێڕێت کە هەم واقیعبینانەیە و هەم ڕێگەی ڕاستیشە بـۆ گەیشـتنە چارەسـەری درێژخایەن بۆ دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# جینۆسایدی سوننە

دوو سـاڵ پـاش ڕاگەیاندنـی خیلافەتەکـەی ئەبووبەکری بەغدادی، لە ئێسـتا و ئێرەدا و لەسەر ئاسـتی سـەربازی و ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ، سـەرەڕای بەرەنگاریـی مان و نەمـان، کیلۆمەتر بە کیلۆمەتر، نیشـتمانەکەی لەدەسـتدەدات. زۆربەی هەرە زۆری شرۆڤە جیۆستراتیژییەکان، بە ئاڕاستەی پێچانەوەی یەکجارەکـی خیلافەتـدا دەمانبـەن. داعـش چیدی هێزێکـی هێرشـبەر نییـە و وەک جـاران تەنها 30 کیلۆمەتری نەماوە کە دەسـت بەسەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێردا بگرێت، بەڵکو ئێسـتا تەنها هێزێکـە لە دۆخی بەرگریکردنێکی بێهـوودەدا. دوو سـاڵ لەمەوپێـش و لـە وتارێکدا نووسـیم: داعش وەک ڕێکخـراو بڵقێکـە و بەخێرایی دەتەقێت، بەڵام ئەو هەلومەرجە بابەتیەی کە داعشی دروستکردووە، دەمێنێتـەوە و هـەروەک پێـش داعـش چەندیـن ڕێکخراوی تیرۆریسـتی دروسـت کرد، ئـاواش پاش داعش، چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستی دیکە دروست دەکات.

لـە چەند مانگێکی دیکـەدا، نەک هەر فەللوجە، ڕەنگە موسڵ و تەنانەت ڕەققەش کۆنترۆڵ بکرێتەوە، هـەروەک چۆن لە ڕابردووی نزیکدا تکریت و ڕومادی و شـەنگال کۆنتـرۆڵ کرانەوە. هەموومـان تێبینی ئەوەمـان کـردووە کە بـاراک ئۆباما خـەون بەوەوە دەبینێت پێش بەجێهێشـتنی کۆشـکی سـپی، لە جەنیـوەری 2017 دا، کۆتایـی بـە خیلافەتەکـەی ئەبووبەکـری بەغدادی بهێنێت و بەسـەرکەوتنێکی سەربازییەوە سـەرۆکایەتی جێبهێڵێ. هەر ئەمەشە وادەکات کە چاودێرانی جەنگەکە، باس لە ئامادەیی بەهێز و کارای US Air Force بکەن و بەبێ ئەم هێزە ئاسمانییە ئەمەریکییە بەربڵاوە، کە نزیکەی هەشـتا لە سـەدی پەلامارە ئاسمانییەکانی هێزە هاوپەیمانەکان پێکدەهێنێت، نە لە عێراق و نە لە سـووریادا، داعش بەمشێوە بەرچاوە پاشەکشەی نەدەکرد.

بێگومـان کۆنترۆڵکردنی فەللوجە و موسـڵ و ڕەققە و شارەکانی دیکەی ژێر قەڵەمڕەوی داعش، کۆتایـی بـە زنجیرەیەک لـە واقیعـی کۆنکرێتی دەهێنێـت، لەوانـە: بوونـی چوارچێوەیەکـی دەوڵەتیـی تیرۆریسـتی بە کۆمەڵێـک دەزگاوە، سـەرچاوە نەوتیـەکان کە داعشـیان کـردووە بە دەوڵەمەندتریـن ڕێکخراوی تیرۆریسـتی نەک هەر لە ئێسـتادا، بەڵکـو لەنێو مێـژووی تیرۆریزمدا، سیسـتمی باج کە بەسـەر جەماوەرێکی شـەش ملیۆنیدا سەپێنراوە، جێبەجێکردنێکی ڕادیکاڵانەی شەریعەت لە چاپە سەلەفییە هەرە توندڕەوەکەیدا کـە یەکـەم قوربانیەکانـی کـەس نیـن خـودی سـوننیەکان نەبێت، هەڕەشەیەکی جیۆستراتیژی بەسەر چەند دەوڵەتێکەوە، لەوانە عێراق، ئوردن، تورکیا، سـوریا، لوبنان و تەنانەت سـعودیەش. هەموو ئەمانە ڕاستن، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم شارانە، وەهمی ئەفسانەی داعشـی پاڵـەوان، داعشـی نەشـکاو، داعشـی سەرکەوتوو دەدڕێنێت و چیدی داعش وەک "سوپا نەبەزیوەکە" ناخرێتە سەر شانۆکان. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە تراژیدیای ئەو شەش ملیۆن سوننییەی لـەم ناوچەیەدا دەژیـن، بە ڕاونانی داعش کۆتایی نایـەت، بەپێچەوانـەوە گریمانـەی قوڵبوونەوە و تۆخبوونەوەی بەهێزترە.

هاوپەیمانەکان بەگشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی، پاش ڕزگاکردنی ئەم شارانە، چی لەو بیسـت لە سـەدەی سـوننە لـە عێراقدا دەکـەن؟ ئەمـە ئەو پرسـیارەیە کە تائێسـتاش سەرۆک ئۆباما ناتوانێت وەڵامی بداتەوە!

ئایـا سـوننەکان دەسـپێرنەوە بـەو زۆرینە شـیعەیە کە بەبێ کورد، هەشتا لەسەدی عێراقی عەرەبی پێکدەهێنن و لەئێسـتادا هەموو جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەتیان لەدەستدایە؟

گـەر وەڵامەکـە ئەرێنـی بێـت، بەدڵنیاییەوە تراژیدیـای سـوننەکان بـەردەوام دەبێـت و لەداهاتووشـدا چەندیـن داعشـی توندتـر و خوێناویتـری لێدێتە دەرەوە. ڕاسـتە لـە ماوەی 35 سـاڵدا، سەدام حوسـەین بەناوی کۆمینۆتێی سوننەوە، شیعەکانی دەچەوسـاندەوە، پەراوێزی دەخسـتن، تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی فیزیکیش لەنـاوی دەبردن. بەڵام درەنجامی ئەم سیاسـەتە بریتـی بـوو لـە هەڵوەشـانەوەی عێـراق وەک دەوڵەت، وەک کۆمەڵگا، وەک خەونی پرۆژەیەکی سیاسی. ئەوەی جێگای تێبینییە، جێبەجێکردنی هەمـان میتۆدی سـەدامیە لەلایـەن دوژمنەکانی دوێنێیەوە. سەدام حوسەین تەنها شیعەکانی لەناو نەدەبرد، بەڵکو لەسەر وێنەی خۆشی سەرلەنوێ دروسـتی دەکردنەوە. ئـەو ڕاپۆرتانەی کە دەزگا نێودەوڵەتییـەکان لەسـەر هەلومەرجـی شـارە کۆنترۆڵکراوەکان لەلایەن هێزە شیعەیەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە، بە وردی باس لەو قەسابخانانە دەکەن کە بۆ سوننەکانی دروستدەکەن. ئەم قەسابخانانە هیچیـان کەمتر نییە لە قوربانییەکانی تیرۆریزمی داعـش. بەپێچەوانـەوە، ترسـناکترن، چونکە لە هەندێک شـوێندا بۆنی جینۆسـایدی سـوننەیان لێدێـت ! چ لـە عێـراق و چ لـە سـووریادا، ئەم پرۆژە ترسناکە بەرهەستمان دەکەوێت و بەشێکی زۆر لە جیهادیسـتەکانی ناوچەکە شـەرعیەت لە ئامادەیـی هەمـان ئـەم پرۆژەیـەوە وەردەگرن. تەنها لە سووریادا ژمارەی ڕاگوێزراوە سوننیەکان پێنج ملیۆن تێدەپەڕێنێت و کوژراوەکانیشـان بە سـەدان هـەزار دەخەمڵێنرێت. لـە عێراقدا، هەر لـە زەمەنـی جەعفەریەوە تـا دەگاتـە عەبادی، بـە زەمەنـی مالیکیشـەوە، کۆمینۆتێی سـوننە لەبەردەم پاکتاوێکی دەستەجەمعیدا بووە. ژمارەی کوژراوەکانیان لە 2003 وە تا 2016، پێنج سـەد هەزار کەس تێدەپەڕێنێت. شار و شارۆچکەکانیان لە سەردەمی بەرد دەچن. ڕێژەی بێکاری لە ناوچە سوننەنشـینەکاندا حەفتا لە سەد تێدەپەڕێنێت. بەکورتی، لە عێراقی نوێی شـیعەدا، سـوننە یان دەکوژرێت، یـان ڕادەگوێزرێت، یـان بە پەراوێزە هەمیشەییەکان دەسپێردرێت.

جەنابی سەرۆک ئۆباما، من دڵنیام ئێوە دەتوانن ڕێکخراوی داعش تا کۆتایی 2016 لەناوبەرن. بەڵام دڵنیا نیم لەوەی بتوانن ئەو هەلومەرجە بابەتیەی کە جینۆسایدی سوننەیە لە عێراقدا و لە ڕابردوودا داعشـی دروسـتکردووە، لەناوبەرن، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئێوە پرۆژەیەکی لەم جۆرەتان نییە. بۆیـە ئێـوە دەڕۆن و سـەرۆکی تـر دێـت، بەڵام تراژیدیای ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا هەر بەردەوام دەبێت و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە.



د.هادی عەلی

# بژارەی ناچاری نەک لێکترازان

گەلـی کـورد لەدێـر زەمانـەوە تا ئەمـڕۆ، ئەو هەلومەرجـەی بـۆ نەڕەخسـاوە لەچوارچێـوەی قەوارەیەکـی سیاسـیی گشـتگیر یـان دەوڵەتێکی سەربەخۆی مەرکەزی و خاوەن سنوور و درێژخایەندا خـۆی ببینێتەوە. ئـەوەی کورد هەیبـووە لەبواری حوکمڕانیـدا لە چوارچێوەی ئیمارەت و میرنشـینی جیاجیـا تێپـەڕی نەکـردووە، چ ئـەو بەشـەی کە لەژێر قەڵەمـڕەوی دەوڵەتی عوسـمانیدا بووە، یان ئەو بەشـەی سـەر بە دەوڵەتی سەفەوی و قاجاری بووە. تەنانەت ئەم بەشـەی کە ئێستا بە باشووری کوردسـتان دەناسـرێت، لە ڕابردووی دوور و نزیکدا لەژێر سـایەی یەک ئیمارەت یـان کیانێکی ئیداریی یەکگرتوودا نەبووە. بەڵکو چەند ئیمارەتێک بووە کە سەر بە والیی بەغدا یان مووسڵ بوون.

نەبوونی قەوارەیەکی ئیداری و سیاسـی، بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک لەناوچەیەکی جوگرافیدا، هۆکارێکی سـەرەکی و کاریگـەر دەبێت بـۆ دروسـتنەبوونی هۆکارەکانـی پێکەوەبوونی تۆکمەو بەهێز، بۆئەوەی لەچوارچێوەی یەک سیسـتەمی ئیداری و سیاسـی مەرکەزیدا بەڕێوەببرێت یان سەرکردایەتی بکرێت.

لەسـەردەمی نوێدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشـبوونی بەشە کوردستانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بۆ سێ بەش لە نێوان دەوڵەتەکانی تورکیا و عێراق و سـووریادا، باشـووری کوردستان بەسەر چەنـد پارێزگایەکدا دابەشـکراوە و هەر پارێزگایەک ڕاستەوخۆ سەر بە بەغدای پایتەخت بووە، ئەوەشی کە لە سـاڵی 1974 بەدواوە ناونرا ناوچەی حوکمی زاتـی، حەقیقەت و ناوەڕۆکێکی جددی نەبووە. ئیتر با بوەسـتێ کـە لەلایەن ڕژێمی بەعسـەوە چەندین پلان و بەرنامەی ترسـناک بەشـێوەیەکی بەردەوام لەجێبەجێکردندا بووە بۆ بەعەرەبکردن و لێکدابڕینی ناوچـە کوردسـتانییەکان و گۆڕینـی دیمۆگرافیای ئـەم ناوچانـە. ئـەوەی کـە ئاماژەمان پێکـرد ئەو واقیعـە زاڵمانەیـە کـە لەلایـەن دەوڵـەت و ڕژێمە سەردەستەکانەوە دژ بەگەلی کورد ئەنجامدراوە.

ئێستا با تیشکێک بخەینە سەر ئەو واقیعەی کە لەلایەن هێزە سیاسـییەکانی گەلەکەمان لە ڕابردوو و ئێستادا مومارەسـە کراوە و دەکرێ. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولی 1961دا تاڕادەیەکی بەرچاو شۆڕش و خەباتێکی نەتەوەیی سەرتاسەری هەبوو بەتایبەتی لە سەرەتاوە، بەڵام ئەویش زۆری نەخایاند و لەساڵی 1964 بەدواوە، لەئاکامی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش، سـەرئەنجام لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک و هەستیاردا، دووکەرت بوون و شەڕی نەگریسی براکوژی لێکەوتەوە کە تا ئێسـتاش بە داخەوە هەندێ لە دەرهاویشتەکانی بەردەوامە. دوای هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلول لە ئاداری 1975دا، ئەمجارە شۆڕش بە دوو ئاراستەی لێـک جیـاواز هەڵگیرسـایەوە کـە درێژکـراوەی دووکەرتبوونەکـەی سـاڵی 1964 بـوو. لـەم قۆناغەشدا دیسان شەڕی براکوژی نێوان لایەنەکان بەتایبەتی نێوان دوو هێزە سەرەکیەکە لێرە و لەوێ بەردەوام بوو تا سـاڵی 1988. دوای پرۆسەکانی ئەنفـال و کیمیاباران و وێرانبوونی بەشـێکی زۆر لەناوچە کوردسـتانییەکان بەهۆی جەنگی نێوان ئێـران و عێراقـەوە. لـەو هەلومەرجـە دژوار و ناهەمـوارەدا هێزە کوردسـتانییەکان توانییان لە چوارچێوەی بەرەی کوردسـتانیدا وەک بژارەیەکی ناچاری و پێویست و نموونەیەکی خەباتی هاوبەش و پێکەوەسـازان خۆیـان ڕێکبخـەن. لـە ئاکامی شـەڕی ڕزگارکردنی کوەیت، بەرەی کوردسـتانی توانـی ڕێبەرایەتـی ڕاپەڕینەکەی بەهـاری 1991 بکات و پاشان بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕێـگای خۆش کرد بـۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی لەساڵی 1992دا کە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتانی بـەدوادا هات. بـەڵام مەخابن ئەمجـارەش ئەم پێکەوە سـازانە ناچاریەی دوای بەرەی کوردستانی، جارێکی دیکە هەڵوەشایەوە و شەڕی ماڵکاولکەری ناوخۆ سەری هەڵدایەوە و زەمینە سـازبوو بۆ دەسـتێوەردانی هێزە هەرێمایەتییـەکان و دووکەرتبوونی هەرێم و لاوازبوونی پێگـەی سیاسـی و ئیـداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەزموونە سیاسیەکەی گەلەکەمان. بـەم شـێوەیە حاڵەتـی شـەڕی گەرم و شـەڕی سـارد درێژەی کێشـا تا ڕووخانـی ڕژێمی بەعس و دروسـتبوونی بارودۆخێکـی نـوێ بـۆ هەرێمی کوردستان. ئەوەبوو هەلومەرج و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییـەکان پاڵنەر بوون بـۆ نزیکبوونەوە و یەکخسـتنەوەی هەردوو ئیدارەکـە لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی وەک بژارەیەکی ناچاری و پێویسـت بۆ پێکەوەسازان و کاری هاوبەش و سـوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی دوای ڕووخانی ڕژێم.

ڕاسـتە چەندیـن ڕەخنەی جـددی ڕووبەڕووی ڕێککەوتنەکە بووەتەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەنگاوێکـی پێویسـت بـوو لەکاتـی خۆیـدا بۆ جێگیرکردنی مافە نەتەوەییەکان و یەکخستنەوەی دوو حکومەتەکەو سـاڕێژکردنی بەشێک لەبرین و ئاسەوارە نەخوازراوەکانی سەردەمی دوو ئیدارەیی و شەڕی ناوخۆ..

ئێسـتا وەک دەگوتـرێ مێـژوو زۆرجار خۆی دووبـارە دەکاتـەوە، ئەوەتـا دوای نەگەیشـتن بـە ڕێککەوتن لەسـەر هەمواركردنەوەی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم و پەکخسـتنی پەرلەمان و دەرهاویشـتەکانی، جارێکـی دیکـە ئاماژەکانـی لێکترازانـی ترسـناک بەدیـار کەوتـوون. لایەنە سیاسـییەکان و سـەرکردە بڕیاربەدەسـتەکان دەستەوسانن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن و پێکەوە سـازانێک کە ڕێگر بێـت لە تەقینـەوەی زیاتری بارودۆخەکە و لەدەستدانی کۆنترۆڵی ڕووداوەکان و لەبارچوونی دەرفەتەکان.

لـە هەلومەرجێکـی ئـاوا هەسـتیار و چارەنووسسـازدا، هـەق وایـە هەمـوو لایـەک بەتایبەتـی سـەرکردە باڵاکان زۆر بەرپرسـیارانە مامەڵـە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکـەن و پەند و وانە لـە ڕووداوە کارەسـاتبارەکانی مێـژووی کـۆن و نـوێ وەربگـرن. وەک چـۆن بەرپرسـە باڵاکانی ئـەم ڕۆژگارە کە هێشـتا لە ژیاندا مـاون، لە زۆر بۆنـەدا ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ ئاماژە بە هەڵە پشتشـکێنەکانی ڕابردووی خەباتی خۆیان دەکەن و بەشـێوەیەک لەشـێوەکان پەشـیمانی دەردەبڕن بەرامبەر ڕووداوەکانی شـەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی، ئەگەرچی هێشتا لەئاست پێویستدا نییە، بەدڵنیاییەوە سـەرکردە کۆچکردووەکانیش ئەگەر ئێستا لەژیاندا بوونایە، بێگومان گوێبیستی پەشـیمانی و حەسـرەت دەربڕینیان دەبووین کە نەیانتوانیـوە لەکاتـی خۆیـدا ڕێ لەتەقینـەوەی ڕووداوەکان بگرن و ناکۆکییەکان چارەسـەر بکەن و لانیکەم لەسـەر بژارەی ناچاری و پێویسـت بۆ قۆناغەکە ڕێکبکەون.

هـەر لـەو سـۆنگەیەوە دەتوانیـن بڵێیـن کە هۆکارەکانی دروسـتنەبوونی دەوڵەتی سـەربەخۆ لە ڕابردوودا تەنیا نەگونجانی هۆکارە بابەتییەکان نەبـووە، بەڵـکو بەشـی زۆری دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆکارە زاتییەکانی پەیوەسـت بەخـودی هەندێ لە سـەرکردەکان کە بەداخەوە زۆرجار لە ئاسـت بەرپرسیارێتیدا نەبوون و چارەنووسی گەلەکەیان کـردووە بەقوربانی ناکۆکییـەکان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

کەواتە ڕاسـتییەکانی واقیعی سیاسی ئێستا و ڕابردووی گەلەکەمان و کوردسـتان بەگشـتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی، ئەو ڕاستیەمان بۆ تەئکید دەکەنەوە کە ئەگەر بمانەوێت هەموو پێکەوە لەچوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بین بە کەرکووک و سـەرجەم ناوچەکانەوە، پێویستە لەسایەی سیسـتەمێکی وەهادا خۆمان ڕێکبخەین کـە پەسـەندکراو بێـت لەلایـەن تێکـڕای هێزە کاریگەرەکانەوە، هاوکات ئەو سیسـتەمە ئیدارییە بتوانێت ئاستێکی باشی هاوسەنگی لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە بهێنێتەدی و دادپەروەری لە دابەشـکردنی سامانی گشتی بۆ هەموو ناوچەکان دەسـتەبەر بکات، ئەوەش دیارە خۆی لە سیستەمی لامەرکەزیدا دەبینێتەوە.

بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجە ئـەوە دەخوازێت کـە هەموو لایەک بەعەقڵێکی کـراوە و ڕۆحیەتی یەکتـر قبوڵکردنـەوە دەسـت بە دیالـۆگ بکەن بـۆ دەرچـوون لەم قەیرانـە سیاسـییە ئاڵۆزەی ئێسـتا و خۆئامادەکـردن بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسـییەکان و بەرگرتن لەگەڕانـەوە بۆ دواوەو دووبارە نەکردنەوەی هەڵە کوشـندەکانی ڕابردوو. هـاوکات هـەوڵ بـدەن بۆئـەوەی لەسـەر چەند بنەمایەکـی تۆکمەو درێژخایـەن ڕێکبکەون وەک بژارەیەکی ناچاری و چارەنووسساز لەنێوان سازان و لێکترازانـدا. ئەمـەش ئـەوە دەخوازێت هەرکام لەلایـەن خۆیـەوە هەنگاوێک یان زیاتـر لەوانیتر بچێتە پێشـەوە. لەم بـوارەدا پێـوەری دانایی و سەروەریی گەورە بۆ ئەو سەرکردە و لایەنە دەبێت کە لەپێگـەی متمانەبەخۆ و بەرپرسـیارێتییەوە بتوانێت نەرمی زیاتر و مروونەتی باشتر بنوێنێ.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## ماریا گۆرانییەکی کەمەندی دەڵێتەوە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net